Klawrojna

جەبار سابیر

# بچووکبوونەوەی ئینسان

سلێمانی 2006

بچووکبوونەوەی ئینسان

بابەت: ستونی رۆژنامەوانی

نوسەر: جەبار سابیر

تایپ و هەڵەبڕی: نوسەر

بەرگ: ئەردەڵانی فەرەجی

چاپ: چاپی یەکەم بەهاری 2006

چاپخانەی: دیار- بازاڕی سۆز

ژمارەی سپاردنی(272)ی وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە.

opa@yahoo. com

**پێشکەشە بە**

بەخەڵکی راپەڕیوی کەلار و ئاکرێ و خوێندکارانی زانکۆی کۆیە و گەنجە ئازاکانی شاری هەڵەبجە.

کە بەدەسەڵاتی کوردییان وت، ئیتر لێرەدا بەسە و لە روویدا وەستانەوە.





## وتەیەك

ئـەم نوسـینانە لـەماوەی سـاڵی رابـردووداو لـەدوا لاپـەڕەی کۆمـەڵێك رۆژنامـەدا نوسـراون و هەریەکـەیان بـۆ خـۆی و لـەکاتی خۆیـدا خوێنـەرێکی زۆریـان لـەدەوری خۆیـان کۆکردۆتـەوەو، بەگشتیش لەدەوەری یەك پرسی سـەرەکی دەخولێنەوە ئەویش پرسـی بـچووکبوونەوەی ئینـسانی کـوردە لـەژێر سـێبەری دەسـەڵاتی کوردیـدا کـەمن پێموایـە ئـەم سێبەرە لەسـێبەری دار هـەنجیر دەچـێت و هـەمووماني تووشـی خـروو ئاڵۆشـکردووەو زەحمەتە دەوای ئەم دەردەمان چنگ کەوێت.

لەو باوەڕەیشمەوە کەنوسین دەبێتە بەشێك لەمێژوو بەتایبەت ئەم نوسینانە کەهەمووی رەخنەن لەم دەسەڵاتەی کەماوەی سەدەیەك زیاترە خەونی پێوە دەبینین و خوێنی بۆ دەڕژین و دواجاریش دەرکەوت کە کۆڵی خۆمان هەر بەکۆڵمانەوەیە جا خاوەنەکەمان کورد بێت و عەرەب بێت و تورك بێت هەر خاوەنێکی زاڵمەو زوڵم لەئێمەدەکات. بۆیە کۆکردنەوەی ئەم ستوونانە لەکتێبێکی لەم جۆرەدا یارمەتیدەرێکی باشدەبێت بۆ هەرکەسێك کەدوای سالانێکی زۆرتر بییەوێت بزانێت لەئەمڕۆدا چی رویداوەو دەسەلاتی کوردی چی بۆ خەڵك کردووەو چۆن بۆی کردووە.

من بەلامەوە گرنگە نوسەر شێوازێکی هەبێت بۆ نوسین و بەو شێوازە خوێنەر لەدەوری خۆی کۆکاتەوە، هاوکات دەبێت ئامانجێکی دیاریکراوو بنیاتنەرانەشت هەبێت کە ئامانجی خەڵکی بێت بەگشتی ئەوسا هەم خۆت و هەم نوسینەکانیشت دەبنە بەشێك لەخەڵك و دەخوێنرێنەوە. گەر بچینەوە سەر ناونیشانی کتێبەکە بچوکبوونەوەی ئینسان مانای ئەوە دەگەیەنێت کە خەڵکی ئێمە ئەوەندە بەدیار هاتنەوە ئاوو کارەباو سەرەگرتن بۆ نەوت و بەنزین دەوەستێت ئاگای لەدنیا





نەماوەو دوور خراوەتەوە لەهەر داهێنان و ئەرکێکی تری ژیاری، ئەمەش مانای بچووکبوونەوەی ئینسانەو کردنییەتی بە بوونەوەرێکی بەکاربەرو بێبەرهەم، هەموو ئەوانەش دیاری حکومەتی کوردییە بۆ خەڵکی ئەم وڵاتەی ناوی کوردستانە.

**جەبار سابیر**

2006/3/19

# حكومەتی هەرێم نانی كاك سەروەری بڕی

پازدە ساڵە حزبی كوردی مومارەسەی دەسەڵات دەكات، كەچی تائێستا نەپیلان هەیە بۆكارو بڕیارەكان نەدراسەكردنی پێشوەخت، هەربڕیارێك دەردەچی گەردژی خەڵك بێت یەكسەر جێبەجێدەكرێت بەڵام گەر لەبەرژوەندەی خەڵكدابێت هەتاهەتایە جێبەجێناكرێت، وتیان كۆنترۆڵی نرخی خانوی كرێ دەكەین بۆیان نەكرا یا نەیانویست بیكەن، وتیان شووقە بۆهاوڵاتیان دەكەین كەچی هێشتا فكرەكە لەمێشكی خۆیاندایە شووقەكان دابەشكراوە بەسەر دارەودەستەكەی خۆیاندا، بەڵام كەوتیان دەبێ تەكسی ژمارە هەولێرو شارەكانیتر و سەنی





رەنگ زەرد نابێت لەشاری سلێمانی كاربكات، چونكە زەرەری خەڵكی تێدابوو یەكسەر جێبەجێكراو گوێش بەسكاڵاو مانگرتنی خەڵك نەدراو هەنێك فیشەكو میشەكیشیان نابەخەڵكەوە.

كاك سەروەر پیاوێكی چوارشانەی ئەسمەرە دەم بەپێكەنین و قسەخۆش كەچی ماوەیەكە حكومەتی هەرێمی كوردستان وەك چۆن كارەباو ئاوی خەڵك دەبڕێ ئاواش نانی ئەوپیاوەی بڕیوەو نەقسەی خۆشی ماوە، نەپێكەنینەكەو پێدەچێت ماوەیەكیتر چوارشانەكەشی ببێتە دووشانە، كاك سەروەر ژنێكو هەشت منداڵ بەخێودەكات كەگەورەكەیان پازدە ساڵە، لەوەزارەتی رۆشنبیری وەك كارگوزارێك كاریدەكردو ئێوارانیش بەتەكسییەكی بەرازیلی ژمارە هەولێر كاسبیدەكرد، ئەم پیاوە رۆژێك دژی كورد نەبووەو لەهەموو هەڵبژاردنەكاندا دەنگیداوەو پێشدەچێت هەردەنگیش بدات بەو حزب و حكومەتەی كەنانی بڕیوە.

ئەو ماوەیەی پێشوو حكومەت لەبڕیارێكی زۆر توندو تیژدا كەهەرگیز ناتوانێ بۆ گرانی بازاڕو مەسەلەی كرێی گرانی خانوو دەریكات وتی دەبێت ئەو تەكسییەی سلێمانی نییە

کارنەکات و ئەوەشی سەنییەو رەنگەکەی زەردە دەبێت بیکاتە تەکسی، وابزانم مەسەلەی رەنگە زەردەکە هی سەردەمی شەڕی براکوژییەکەیە تێیداماوەتەوە. کاک سەروەر سەد هەزاری لەبەرامبەر ئەو هەموو زەحمەتەی دائیرەکەیدا وەردەگرت هەموو رۆژێك لەباریکەوە دەهاتە سلێمانی و دەڕۆیەوە، بەڵام چونکە بەتەکسییەکەی خۆیدەهات و جارجار نەفەریشی لەگەڵ خۆیدەهێنا زەرەری نەدەکردو پێیڕازیبوو، بەڵام حکومەتی هەرێم بەڕازیلییەکەی لەماڵەوە پێخەواندو لەم رۆژانەشدا هات و دەستی لەکارکێشایەوە، ئێمە هەموو مان پێمان ناخۆشبوو ئینسان تاکەسێکی باش دەناسێت تووشی سەدپیاوی قوڕمساغ دەبێت، کەچی کاک سەروەر وتی کاکە من ناتوانم هەموو رۆژێك لەباریکەوە بێمە سلێمانی و دووهەزار کرێی رێگابدەم ئێراستەکات ئەو چمەجبوورە بەپارەی خۆی خزمەتی حکومەتێك بکات کەنانی خەڵك دەبڕێت. کاک سەروەر وازی هێناو حکومەت پیاوێکی دڵسۆزی لەدەستدا، رەنگە هەرئەوە نەبێت کەئەوی لەدەستدابێت بەڵکو دوورنییە کاکە سەروەریش نەبێت بەکاسبکارێکی ئەو بازاڕەو قوڵی ئینسانبڕێت و تۆڵەی حکومەتی هەرێم لەخەڵکی هەژاری وەك





خۆی بکاتەوە، حکومەت بەمکارە سەروەرو هەر نۆ ئەندامی خێزانەکی سەروەری لەخۆی کردە دووژمن و نەیار. تۆبڵێی تاوانی سەروەر هەرئەوەبێت کەژمارەکەی هەولێرە، یاخود بەڕازیلییە.؟ هەرچییەك بێت نیو ئەوەندەی ئەو مەسئولە تاوانبارنییە کەهەموو هەفتەیەك (دە)بەرمیل نەوت دەداتە نەوتفرۆشێك بۆیبفرۆشێت ئەو مەسئولە نەوتی خەڵك دەدزێت و بەخەڵکی دەفرۆشێتەوە کەس لێی ناپرسێتەوە بەڵام سەروەر لەبەر ئەوەی بەرازیلی پێیە دەبێت خۆیی و منداڵەکانیشی نانبڕاو بکرێن، ئەمەش مۆدێلی کارکردنی حکومەتی هەرێمە ئاخری خێربێت.

# حکومەت سواری تەکسی نابێت

ئەم حکومەتەی ئێمە هەرلەسەرەتای دروستبوونییەوە تاڕۆژی ئەمڕۆش ئەوەندەی گرفتی بۆ خەڵکی ئەم وڵاتە دروستکردووە نیو ئەوەندە گرفتەکانی بۆ چارەسەرنەکردووە، لەگەرمەی سالانی گرانیو شەڕی براکوژیدا خەڵك بەپاڵنانی عەرەبانەی سەوزەفرۆشی رازیبوون کەچی بەرپرسێك لەکۆبوونەوەیەکدا وتبوی رقم لەمانگاو مامۆستاو عەرەبانەیە. ئاخر مامۆستای داماو مووچەکەی بەشی کیلۆیەك گۆشتی نەدەکردوو مانگیشی لێدەبووە چلونۆ رۆژو بۆڵەبۆڵی بەسەر حکومەتدا دەکردو، مانگاش لەباتی بایعەکە شیری دەدا بەخەڵك حکومەتیش رقی لەمانگابوو چونکە دەیویست ئەو لەبری شیر قوزەڵقورت بداتە خەڵك، زۆربوونی عەرەبانەش سیمای دزێوی حکومەتی کوردی پیشاندەدا بۆیە حکومەت دەیویست سیمای





خۆی لەبەردەم خەڵکانی بیانیدا جوانکاتو بڵێت ولاتی من گرفتی نییەو خەڵك هەموو تێرو پڕەو لەشکری پۆلیسی بەردەدایە عەرەبانەکانو یان دەیشکاندن یان بەبڕە پارەیەك کەدەیاندایە گوللە بۆشەڕەکانی براکوژی بەریاندەدان ، کەچی لەحامییەی جارانو پارکی ئازادی نهۆدا خەڵك لەژێر نایلۆندا ژیانی دەگوزەرانو حکومەت ئەوەشی پێڕەوا نەدەدیتو رۆژانە هەڵی دەکوتایە سەریان تائەوکۆشکی ئەلیزییە چۆڵکەن.

یەکێك لەتایبەت مەندییە سەیروسەمەرەکانی ئەم حکومەتەی ئێمە ئەوەیە زۆر لەخەڵك بێمنەتەو پێیوایە هەرگیز پێویستی بەخەڵك نابێت بۆیە بەتەنگیانەوەنییەو سوکایەتییان پێدەکات، خەڵك بێ ئاو دەبێت حکومەت بۆیان چارەسەرناکاعت، خەڵك کارەبای نییەو دوکەڵی چرا چاوی دەکزێنێتەوە حکومەت چارەسەری ناکات، بەرمیلێك نەوت لەبەغداوە بەدەدینار دێتە سلێمانیو لێرە دەیدەنە پێنج سەد دینار حکومەت جگەلەوەی دەبێتە شەریك لەگەڵ ئەوباندە بازرگانەدا هیچ لەبەرژەوەندی خەڵکی رەشوڕووت ناکات.

لەم ماوەیەدا حکومەت بڕیاریدا هەرچی تەکسییەك ژمارەکەی سلێمانی نەبێت نابێت کاربکات، لەبەد بەختی ئێمە

ئەم بڕیارە پێش دراسەکردنی بەپێچەوانەی بڕیارە باشەکانەوە کەهەر جێبەجێناکرێن زۆر زوو چووە بواری جێبەجێکردنەوەو نانی سەدان خێزانیان بڕیو ئێستا کابرا ڕۆژی دەیان جار دەڵێ ئەو پەنجەیە دەب ڕم جارێکیتر دەنگ بۆئەم حزب و حکومەتە بدەم، حکومەت ناهەقی نییە بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ تەکسییەکاندا دەکات چونکە دەزانێ ئەوانیش تۆڵە لەخەڵکی هەژارو نەدار دەکەنەوەو بۆیەك داخلی سێ هەزار دینار لەخەاڵك وەردەگرن، خۆ حکومەت سواری تەکسی نابێت عەیبو شوورەیی بەو هەموو ککشەهامەت و کبریائەوەچۆن ئەوەان سواری تەکسی بن دەیان ساڵ بەشاخ و کێوەوە بۆئێمە سووتان و برژان بۆدەبێ ئێستاش سواری تەکسی ببن ئەوان کاروانێك مۆنیکاو جامڕەش لەپێش و دوایانەوە دەڕ،ات ئیتر تەکسی و خەڵکی نەدارو ڕەشو ڕووتیان لۆچییە.

بچووکبوونەوەی ئینسان

# کۆڵانی حزب

ئەوەی تازە ڕێی دەکەوێتە ئەم وڵاتەو ئەو هەموو بارەگای حزبە دەبینی بەم گەڕەك و کۆڵانانەی شارەکاندا لەتەواوی کوردستاندا بلاوبوونەتەوە وادەزانیٚ دوای جەنگی جیهانی دووەمەو هەردوو بلۆکی سەرمایەداری و سۆسیالیستی بەرامبەر یەك وەستاون، حزب لێرە لەبری ئەوەی گەڕەکێك دروستکات و خزمەتی نیشتمانکات، دێت یەك کۆلان بەتەواوی داگیردەکات و خۆی دەبێتە پاشای مەملەکەت. چەند حزبمان هەیە ئەوەندەش کۆڵانی ئەمشارە ژیانی تێدا تاڵ و تفت بووەو ئەمسەرو ئەوسەری بەبەربەستی کۆنکرێتی و ئاسن گیراوە، ئەمە بەخاتری ئەوەی کاکی ریش پانوپۆڕ نەیات جەستەی بۆگەنی خۆی بەجەستەی خاوێنی ئەماندا بتەقێنێتەوەو نەتوانن چیتر خزمەتی ئەم وڵاتەبکەن. هەر کۆبوونەوەیەکی خێزانی و سیاسی و ئابووری مفتەخۆری لەسلێمانی پالاسی ئێستاو



جەبار سابیر

حەسیب سالحی دێرین گرێبدرێت گورج شەقامی سالم لەسەهۆڵەکەوە تابەرساحەی سەرا دەگیرێت و ناهێڵن زیندەوەری پێدابڕوات، بەیانیان دووکۆڵانی چوارباخ یاسای هاتوچۆی تێدا قەدەغەدەکرێت بەتایبەت بۆ سەیارە ئەمە گوایا حزبی سۆسیالیست کۆبوونەوەی هەیە، ئەریٚ کۆبوونەوە هەرنەبڕایەوە.؟ دووسیٚ کۆڵانی گردی عەلی ناجی ئەسڵەن ماوەی چەندین ساڵە لیخۆڕینی سەیارەی هاوڵاتیانی لێقەدەغەکراوە ئەمەش لەیبەر ئەوەی ماڵی چەند بەرپرسێکی حزبی لێیە، دەیان کۆڵانیتری ئەم شتارە ئەمسەرو ئەوسەری بەحیمایەی چاوباشقاڵ گیراوەو ئیتر هەرچی ناوی ژن یاکچە چ قوورەتە لەوێوەبڕوان. ئینسان شەرم لەخۆیدەکات لەوڵاتێکدا دەژی هەر کوچەو کۆلانێکی بەحیمایەو جل موغاویر گیراوەو دەبێت بەئەتەکێت بڕۆیت و زۆر چاو بەچواردەوری خۆتدا نەگێڕیت، گەرنا توشی سزای یاسایی دەبیت.

ڕۆژێك لەکۆڵانێکەوە ڕۆیشتم چەند بارەگایەکی حزبێکی لێیە پاسێکی کۆستەر پڕ لەنفەر ویستی بڕوات کابرایەکی دەمڕووتی لەخواعاسی لێیچووە پێشەوەو وتی کۆبوونەوەمان هەیە، کابرای شۆفێر ووتی بابڕۆم نەفەرم پێیەو کاریان هەیە

درەنگە، كەچی كابرای لەخوا عاسی هەرڕێگەی نەدا برادەرێكی واتی بابڕوات، كەچی ئەو وتی كاكە هەرچی مەسئوولی گەوادی فلان حزبە هەریەكەو كۆلانێكی داگیركردووەو ناهێڵێ سەیارەی لێوە بڕوات، ئیتر بۆچی من بیهێڵم. جاوەرەو ئەم رەشەولاخانە بهێنەرە سەرئەو باوەڕەی شارستانییەت بۆ ئینسانە نەك بۆ ولاخ. بەسەدام دەڵێن دیكتاتۆرو بەحزبی كوردیش دەڵێن شۆڕشگێڕو دیموكراتخواز، حزبی كوردی بەتەمایە عێراق بكاتە ولاتێكی دیموكراتی كەچی خۆیشی لەهەموو سەدامەكان دیكتاتۆرترە.





# گراهام بێل و فۆلكلۆری كورد

گراهام بێل بیزانیایە كوردتێل بەدالەی(315)ی بەختیاری بەودرەدە دەبات هەرگیز تەلیفۆنی دروست نەدەكردوو خەڵكی بەو جۆرە دەوڵەمەندو تەمەڵ نەدەكرد. گەر ئەو بیزانیایە لەم كوردستانەی ئێمەدا فاتوورەی تەلیفۆن هێندە لەسەر هاولاتیان دەكەوێت، خۆی هێندە ماندوو نەدەكردو شەوو رۆژی نەدەخستە سەریەك بۆ داهێنانی ئەم ئامێرە ئەفسووناوییەی بۆڕەی مانگابۆری ماڵی حەمە لەبانی خێلانی دەربەندیخانەوە دەگەیەنێتە، لیڤەرپۆڵی ئینگلتەرا. گراهام بیل بەهەژاری

پێگەیی و بەدالەی (315)ی بەختیاریش گیرفانی ئەو خەڵکەی هەڵتەکاندووەو نزیکەی شەش مانگە ناو بەناو هێڵ دەڕواو دێت. ئیتر نازانم ئەو پارە زۆرە لەکوێوە دەهێنن و دەیخەنە سەر فاتوورەی تەلیفۆنی هاوڵاتیان.

ماوەیەکی زۆرە هاوڵاتیانی ئەو گەڕەکانەی هێڵی تەلیفۆنیان لەسەر بەدالەی بەختیارییە هەراسان بوون لەوەی سوود لەتەلیفۆنە کەیان وەرناگرن و کەچی لەجاران زیاتر حسابیان بۆدێتەوەو، حکومەتی هەرێمیش لەدادو بێدادیان ناپرسێتەوە.! گراهام بێل لەبەر ئینسان دۆستی ئەم ئامێرەی داهێناو لێرەش ئینسانی پێدەڕوتێننەوە. تۆ دەڵێی: گەر گراهام بێل لێرەبایاو زیندوبایە چیدەکردوو چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەو خەڵکە بازرگانەدا دەکرد کەبەئارەووی خۆیان هێڵی تەلیفۆن دەبڕن و فاتورەی تەلیفۆن بۆ خەڵك پڕدەکەنەوە.

من دەڵێم: گەر ئەو بمایا نەیدەهێشت هیچماڵێك بێ هێڵی تەلیفۆن بێت و ئەوەندەش حسابی لەسەر خەڵك کەڵەکە نەدەکرد.. ئەو لێرە بووایە نەکورد تێل دەبوو نە بەدالەکانی تر بەڵکو لەمسەر تائەو سەری کوردستان یەك هێڵی تەلیفۆن دەبوو.. گەر گراهام بێل لێرە بایە ئەو گۆرانییە فۆلکلۆرەی





دەکردە دروشم و هەر کەتەیلفۆن بڕا دەیچڕی هەلاو هەلاوە، گوڵێ باریکە لاوە، پیم گوت بۆ ماچێ گوڵێ جوابی نەداوە.. ئەرێ بەراست ئەم گۆرانییە کفۆلکلۆرەو تەمەنی تەلیفۆنیش لەم وڵاتەی ئێمەدا هەر حەفتاسڵ دەبێت ئێ ئێ.. تێگەیشتم بۆیە بەداڵەی بەختیاری وادەکات لەبەر ئەوەی لەفۆلکلۆری کورددا ناوی تەلیفۆن هاتووە بە داهێنانی کوردی دەزانێت هەربژی کورد تێل بۆ خۆتو تەلیفۆن و فاتورەی گرانی تەلیفۆنت...

# بچووکردنەوەی کارەساتەکان لەیادەوەرییەوە بۆ سەرقۆماش

تاکی کورد تاکێکی زۆر خەمساردوو بێدەربەستە، ئەم خەمساردیی و بێدەربەستییەشی لەخۆوەنییەو هۆکارەکەی شەڕی براکوژییە.. ئێمەی کورد تاکە نەتەوەیەکین کەتواناى هێشتنەوەی کارەسات و رووداوەکانمان نییە لەیادەوەریماندا، شەرمنین لەئاست دوژمنداو هەرهێندەی دەستێکی گلاووپیلانگێڕی بۆدرێژکردین دەبینەوە برای و تائەو دەمەی کارەساتێکیترمان بەسەردا نەهێنێ پشکۆی رووداوەکان ناگەشێنینەوە، ئەویش بۆ جولاندنی هەست و نەستی کۆی نەتەوە. لەسالانی ئازادی ترش و تالی باشوری کوردستاندا





ئەوماوانەی هەردوو حزب ناوبەناو لەگەلْ بەعسی گۆڕبەگۆڕدا دلْدارییان دەکرد یادی کارەساتەکانی هەلْەبجەو ئەنفال دەبووە قوربانی شۆڕەسواری عروبەو عەیب بوو باسی هەلْەبجەو ئەنفالْ بکرێت، ئێکوا سەدامی فەقیرو بێئاگا ئەووەختەی هەلْەبجە لەژەهرادەخنکاو گەرمیان لەتۆزی ئەسپەکانی قەعقاع و بنی وەلیدا هەناسەی بۆنەئەدرا لەپشووی هەفتانەی بوو، کاتێکیش هاتەوە کارەسات قەومابوو..

مانەوەی کارەساتەکان لای ئێمە لەسەر رووبەری لافیتەکان تێناپەڕن و نابنە هەژانێکی نەتەوەیی و ناکرێنە پرۆژەو بەرنامەی دوورمەودای نەتەوەیی و نابنە کارتی فشاروو گوشار بۆسەر ئومەی عەرەبی و هەموو ئەوانەی پشتی سەدامیان دەگرت و ژەهریان پێدەفرۆشت.هێندەی جوولەکەشمان پێنەکرا کەتائەموەختەش هۆلۆکۆست کارتی هەرەبەهێزی دەستی ئەوانە بۆبردنە پێشی سیاسەت و کاروباری دەولْەتییان. ئێمە یادەورەیمان نییەو توانای هەلْگرتنی ئەوخەمە گەورەیەمان نییە، نەمانکردۆتە خەمێکی پان کوردیزم، ئێمە تەواوی ئەوانەی شۆڕشیان بۆبەڕیوەدەبردین سەرگەرمی گیرفان پڕکردن بوون و تەنانەت هەلْەبجەو ئەنفالیشیان وەك پرۆژەیەکی

بازرگانی بینیوەو لەهەندێك شوێن بەناوی کارەساتی هەڵەبجەو ئەنفالەوە پارەو پولێکی زۆر بۆنوسینی لافیتەو رۆژنامە بڵاوکردنەوە سەرفکراوەو بەهەمووشی یەك گووتاری سەراپاگیری پڕبەپێستی کارەساتەکەیان بەرهەمنەهێناوە.

کارەساتە ئەو دوو رووداوە گەورەیەی ئێمەیان بردە سەرلێواری لەناوچوونی فیزیکی لەچوارچێوەی لافیتەیەکی دوومەتریدا قەتیس بکرێت، کارەساتە تەنیا لەرۆژی شازدەی سێدا هەڵەبجەمان بیربێتەوە، ئەویش بۆکارپێکردنی ناوخۆو فرۆشتنەوەی کوردایەتی بەخەڵك.. جیالەوەش ئەولافیتانەی دەنوسرێن مایەی شەرمە، ئاخرلەدنیادا کواکارەسات و لەنابردنی بەکۆمەڵ پیرۆزکراوە.. هەمووساڵێك یەکێك لەولافیتانەی کەبۆهەڵەبجە دەنوسرێت ئاوا دەڵێت(کارەساتی هەڵەبجە پیرۆزە) ئەمە لەکوێوەهاتووە هەڵبەت دەزانین لەوشوێنەوەنییە کەحەزی بەڕوودانی ئەوکارەساتە بێت، بەڵکو لەوشوێنەوە هاتووە کەنەبۆتە پڕۆژەیەکەی گەورەو نەبۆتە خەمی میدیای حزبی و سەربەخۆی کوردی.. وەك دەسەڵاتەکانی کورد نایکەنە خەمی خۆیان رۆشنبیرانیش نەیانکردووەو ئەوندە کاریان بۆکردووە کەشتێك پارەیان دەستکەوێت.





**چیمان لەدەست دیٚو**

چیمان کردووە بۆهەڵەبجە؟ هەڵبەت هێندەنییە کەباسکرێت و منەت بەسەرئەوخەڵکە داماوو کۆست کەوتووەدا بکەین، ئێمە نەك هەر رێزی ئەوخەڵکەمان نەگرت، بەڵکوو چەند ساڵێك شەڕێکی خوێناوی و بێمانای براکوژیمان بەتەنگەی ئەوخەڵکەدادا.. ئێستاش دەیان ماڵ هەیە کەبەعس کردی بەکەلاوە هەرکەلاوەیەو بینانەکراوەتەوە، شارەکە تەمی ماتەمینی ساتی کیمیابارانەکەی هێشتا لێنەڕەویوەتەوەو شەڕی ئەوچەندساڵەی براکان ئەوخەڵکەی تووشی بێئومێدی و رەشبینی کردووەو زۆری دەوێت تائەو خەڵکە لەگەڵ خۆیان و خۆماندا ئاشت کەینەوە.

لەژمارە(1)ی رۆژنامەی هەشتاوهەشت لەرۆژی 2005/3/16 بلاوبۆتەوە.

# ڕۆژێک بۆ منداڵ
# داهاتوویەک بۆ هەمووان

بچووکبوونەوەی ئینسان

گەر بمانەوێت بەتەنگ ئایندەی خۆمان و کۆمەڵگەو نەتەوەکەمانەوە بێین دەبێت بایەخ بەمنالان بدەین، بایەخدان بەمناڵ بایەخدان و بەهەندگرتنی داهاتووە، ئەو داهاتووەی کەهەمیشە چاومان لەڕێگەی هاتنییەتی، خولقاندنی ئاسوودەیی بۆمنالان مانای ئاسودەیی کۆمەڵگەیە. منالی کورد لەهەموو شتێك بێبەش بووەو ئەم چەند ساڵەی ئازادی کوردستانیش کەموو زۆر نەمانتوانیوە پڕببەپێستی هیواو



جەبار سابیر

ئومێدەکانی منالان کاریان بۆبکەین، ڕۆژانە لەشکری منال لەناو بازاڕو سەرشەقام و شوێنە گەشتیارییەکاندا لەبەر گەورەکان دەپاڕێنەوە بەڵکو شتێکیان لێبکڕن و بژێوی خێزانێك دابینکەن، ئەو منالانە لەکاتێکدا دەیانەوێ ئێستای خێزانێك بدۆزنەوە داهاتووی خۆیان و کۆمەڵگەکەش دەدۆڕێنن.! ئەوان بەهاتنە دەرەوەیان لەماڵ و تێکەلاو بوونیان بەئاپۆراو جەنجالی بازاڕەکان تووشی دەیان شۆك و حالەتی کتوپڕ دەبن و کاریگەری گەورە لەسەر سایکۆلۆژیایان دادەنێ و، دواتر لەخوێندن دادەبڕێن و دەچنە ڕیزی ئەو ئۆردووە نەزان و نەخوێندەوارەی کە لەم کۆمەڵگەیەداو بەهۆی دۆخی سیاسیی و ئابووری کوردستانەوە دروستبووەو پێشناچێت بۆ دەیان ساڵیتر بتوانین ریشە بریکەین لەم ولاتەدا.

منال تاوانی چییە.؟ ئەوە تەنیا حەزوو ئارەزوی گەورەکانە منال دەخاتەوە! بۆژیاندن و پێگەیاندنی وەك منالێکی ئاسایی تەنیا پشتی بەخودای گەورە بەستووەو دەولەتیش خۆی لەو بابەتەنەداوە، ئەوە نەبێت لەهەرشوێنی سەرکردە قردێلەی پچڕاند دەبوو منالێك سینی و مقەستەکەی بۆ هەلگرێت، ئەمە

لەکاتێکدا یەك هەفتە پێش سەردانی سەرۆك دەبوو ئەو منالآنە لەژێر چاودێری دەزگا هەوالگرییەکاندا بوونایە، ئەوە رۆیی ئێستا ئایندەی ئەم کۆمەلگەیە لەچاوی منالآندایە، ئێمەش بەرپرسیارین لێیان، هەرکاتێك چاوی منالآنمان وەك خۆی کردەوەو خۆلمان نەکردە چاویانەوە ئەو کاتە دەتوانین بەئومێدی داهاتوویەکی رەنگین بین، منالان مولکی خۆمانن و دەبێت خۆشمان بەتەنگیانەوە بێین، ئێمە وەك دەربەستی هیچ شتێك نەهاتووین بادەربەستی منالان بێین. باهاوکاری ئەو رێکخراوانە بکرێت کەبەراستی بۆمنال درووستبوون، بارێکخراوو ناوەندی زیاتر بۆمنالان بکرێتەوە، بلاوکراوەی زیاترو چیرۆکی شارستانی و زانستی زیاتریان بخرێتە بەردەست و چاو، بامیدیاکانی کوردستان بەتایبەت تیڤی و رادیۆکان کاتی زیاتر بۆمنالان تەرخانکەن.

ئەمرۆ لەهەر کاتێك زیاتر هۆکاری سەرقالکردن و پەروەردەکردنی منالان لەبەردەستدایەو لەهەر کاتێك زیاتریش سەرچاوەی دارایی بەدەستی خۆمانەوەیە، کردنەوەی ئەو پارك و باخچانەی لەناوەندی کەرەکەکاندا دروستکراون باشترین کارێکە بۆئەوەی منالان دوورخرێنەوە لەبازاروو





شوێنە گەشتیارییەکان و هاوکاریکردنی دەولەتیش بۆ گرتنە ئەستۆی بژێوی منالان یاخود لەکۆلکردنەوەی خەرجی ئەو منالانە لەخێزان و خستنە سەر دەولەت دەکرێت دۆخی منالان باشترکات و ئیتر وورده وورده بتوانین ئەم کۆمەلگەیە بخەینە سەرپێی خۆی. دەبێت ئەوەش بزانین تالەمنال تێنەگەین و ژیانێکی منالانەیان بۆدابین نەکەین بەدلنیاییەوە نابینە خاوەنی داهاتوو، دەبێت لەئێستاشەوە بریاری خۆمان بدەین چونکە ئەوە پازدە سالە خۆمان خاوەنی سەرووماڵی خۆمانین بواری گلەیی و گازندە لەدوژمنان رۆژ بەرۆژ تەسکتر دەبێتەوە ئیتر باتەواوی رۆژەکانی سال بۆمنال بێت نەك تەنیا رۆژێك کەئەویش دەکەوێتە قرچەی گەرمای هاوینەوەو نەك هەرمنال گەورەکانیش توانای هاتنە دەرەوەیان نییە لەتاوی گەرما

لەژمارە(3688)رۆژنامەی کوردستانی نوێ لەرۆژی هەینی 2005/6/3 بلاوبۆتەوە.

# کۆستەڵەیە

تائێستاش نەمزانیو رەنگە هەرنەشیزانم ئەوەی لەمناڵیدا روویدەدا کۆسەڵە بو یاخود کۆستەڵە تەنیا هێندەم لەبیرە کە کەسێك هەستی بەدۆڕانی خۆیدەکرد پڕی دەکرد بەهەڵمات و مووشەکەی خۆیداو دەیووت کۆستەڵەیە، کۆستەڵە واتا کەس بەکەس نییەو هەرکەس بۆخۆی، کەس حساب بۆ دۆڕان و بەزینی خۆی ناکات. ئەوە هەرلەدنیای مناڵیداو بۆئەو دەورانە شتێکی رەواو رەنگە زۆر جوانیش بێت، بەڵام وەك دەڵێن پیاو کەبووە پیاوی حسابی ئیتر دەبێ خاوەنی قسەی خۆی بێت، ئەم دۆخەی ئەمڕۆ کوردی تێکەوتووەو هەزاران ساڵە خەوی پێوە دەبینێ و رەنگە ئیتر بۆشمان نەڕەخسێتەوە کتومت وەك ئەو کۆستەڵەیەی دەورانی مناڵی لێهاتووەو بەهێندەی حزبە کوردییەکانمان بۆچوونی نامەعقوڵ و خۆسەپێنمان هەیەو کەس کاغەزی کەس ناخوێنێتەوەو هەمووشیان کەدێنە بەرشاشەی تیڤییەکان دەڵێن ئێمە لەپێناوی بەرژەوەندییە باڵاکانی کورددا





وادەکەین، هەموو ئەو هەڵوێستە بێشەرمانەو بێشەرەفانەیەمان بەکوردایەتی پێدەفرۆشنەوە، حەیاو شەرەفی ئەو نەتەوەیەیان بردووە بەشەڕی ناوخۆو کەچی شەرم ناکەن و باسی خوێنی شەهیدانمان بۆدەکەن، شەهیدانێك کەنەیانزانی ئاوا رێزیان لێدەگیرێ و نەیانزانی بەخوێنی ئەوانەوە بازرگانی دەکرێت، ئەوشەهیدانەی بێگوناهانە لەشەڕە کورد کوژییەکانی ئەواندا شەهید بوون و سەدانیان لەو کەپکی گەواد ئاغاو سەگباب ئاغایەدا تەرمەکانیشیان قەل و داڵ خواردی.! حورمەتی شەهیدان و زیندوانی ئەم نەتەوەیە لەکوێدایە کەدوای سەدان کۆبوونەوەی پڕ نووکتەو مەشروب قوزەڵقورت کردن ئیدارەی کوردی ناکرێتەوە بەیەك.

دوابەڵێنیان کەبەخەڵکی کوردیاندا ئەوەبوو کەرەزیل ببوون هێندە بەحەزینی لەخەڵك دەپاڕانەوە دەنگیان بدەنێ بۆئەوەی ئیدارەی کوردی رێکخەنەوە، کەچی درۆیان کردو بۆ ئەوەبوو کەبەشەپارەی دیاری کراوی کورد لەبەغدادەوە بۆکورد تەرخانبکرێت و ئەوان بیخەنە گیرفانیانەوەو بەساڵێك سەد مەتر قیرتاوی شەقامێك بکەن، تائەمانیش ئاوڕیاندایەوەو کەوتنەوە سەرئەوەی بەڕەکە لەژێرپێی یەکتر دەربێنن عەرەبەکان

لەبەغداد رستەی سیستمی یەکێتی فیدڕاڵیان لەسوێند خواردنەکە دەرهێناو کوردە حەیاتەکەش لەدەوری سەرۆك و سکرتێری گشتی گەڕێن. کورد بۆچی باشە هەربۆ گەمەی یەکێتی و پارتی و بێدەنگی حزبە زۆروو بۆروو زەوەندو تەممەڵ و تەوەزەلەکانمان.

ئەم ڕێککەوتنەی یەکێتی و پارتی بەخەڵکی دەفرۆشنەوە وەك کۆستەڵەکەی منالّی وایەو هەر وەختێ گەیشتنە سەر یەکلاییکردنەوەی ئەنجامەکان هەرکەسەو پڕدەکاتەوە بەمووشەکەی خۆیداو میللەتیش چاوی دەرێ، ئەم دەڵێ تازەمن ئەوەی ویستم دەستم کەوت و تۆش بیخولێنەوە، ئەویش دەڵێ فلکەی دەستارەکە نەماوە من لەبەغداد دەکشێمەوە، ئەوانیش دەڵێت گەر ئێوە وابکەن ئێمەش دەیکەینە کۆستەڵەو مووشەکانمان هەڵدەگرینەوە. خوافرسەتی نەتەوەیەك بدات کەسەرکردەو بنکردەکانی بەوجۆرەن، کەحزبەکانی ئەوەندە رقیان لەپارەیەو میللەت بەزۆر دەیخاتە گیرفانیانەوە. بەسەدام دەڵێن دیکتاتۆرو خۆشیان دوو هێندەی وێنە لەتووکوتکراوەکانی ئەو پیاوە وێنەیان لەفەرمانگەو شوێنە گشتییەکاندا هەیەو ناوبازاڕەکانیشیان پڕکردووە لەوێنە.





ئەم کرمی خۆبەزلزانییەی لەسەری یەکێتی و پارتیدایە چۆتە کەوڵی تەواوی حزبە کوردییەکانی تریشەوەو ئەوانیش دەیانەوێ لاسایی یەکێتی و پارتی بکەنەوەو ببنە بار بەسەر خەڵکەوە. بۆیی کەزانیان لەوداهاتەی بەغداد کەمیان بەردەکەوێ دەڵێن ئێمە لەبەغداد دەکشێینەوە.. لێرەدا بەمجۆرە ئەم حەماقەت و کۆستەڵە بازییەی ئەم حزبە پەڕپوتانەی ئێمەی داماو بەردەوام دەبێت تائەودەمەی ئاپۆرای ئینسانی کورد سەر شەقامەکانیان لێدەگرێت و تۆڵەی هەموو سالآنی براکوژیی و گرانی و دزیی و فزیان لێدەکاتەوە. ئەو نەتەوەیەی سەری بۆ دیکتاتۆرەکان شۆڕنەکردووە بۆ ئەمانەشی شۆڕناکات، بۆیە بەئومێدی ئە وەین رۆژێك زووتر میللەت حساب لەگەڵ ئەمانەدا بکات و تێیان گەیەنێت کەی وەختی کۆستەڵەیەو کەی مووشەکانتان هەڵگرنەوە.

# هەیبە...

بچووکبوونەوەی ئینسان

سـەردەمی شـا، واتـا محەمـەد ڕەزا شـای پەهلـەوی لـەئێرانی ئەودەمدا، جۆرە ئەشکەنجەیەك بۆگیراوانی سیاسیو نەیارانی شـا بـەکارهێنراوە زۆر لەسیـسرکەکانی هۆنیکـەری بۆلگاریـای سـەردەمی دووجەمـسەریو پەرمێزەکـەی بـەعس خـراپتر بـوو کەدەیخـستە ژێـر ئەوکورسـییە ئاسـنەی گیراوەسیاسـیەکانی لەسەردادەنیشت،ن یاخود لـەکارەبادان کەئـەوەش داهێنـانێکی بەعـسییەکان بـوو. ئـەو ئەشـکەنجەیەی شـای ئێـران دژی گیراوەسیاسـییەکان بەکاریـدەهێنا بـەمجۆرەبوو.. دوای ئـەوەی تەپڵەسـەری کابرایـان بـەگوێزانێك پـاك دەتاشـی.. کابرایـان دەخستە ژوورێکی تـەنگو باریکەوەو کونێکیان هێندەی سەری لەدەرگاکـەدا بۆدەهێـشتەوە، کاتێـك نیانیـان بـۆ کـابرا دەهێنـا بـەنیازی وەرگرتنـی نـان سـەریدەبردە دەرەوەو ئـیتر یاسـاوڵی



جەبار سابیر

زیندانەکـە دارێکـی درێـژی بەدەسـتەوەبوو دەیکـردە ژێرملـی کـابرای گـیراوەو ئـیتر سـەری بۆنەئەبرایـە ژوورەوەو لەبـەرزی دوومـەترەوە بەسـۆندەیەك ئـاوێکی زۆرکـەمیان بەرئەدایـەوە، کەدڵۆپ دڵـۆپ دەیدا لەسـەری کابراو بەمجۆرە ماوەی دوومانگ ئـەم ئەشکەنجەیە واتـا دڵۆپـەی ئـاو سـەری کـابرای دەئاوسـاندو مێـشکی بڵـدەبوو ئـیتر فـڕی بەجمهوریەتـەوە نـەدەماو شـێتو ماڵوێران دەکەوتە سەرشەقامەکان.

یـەکێتیو پـارتیش مـاوەی چـواردە سـاڵە وەك ئـەو دڵۆپەیـە مێشکی خـەڵکیان شلوبڵکردووە، ئەوەی یـەکێتیو پارتی بـەم خەڵکـەیان کـرد هـەروەك ئـەو دڵۆپـە ئـاوە وایـەو ئـەو جەڵدەیـەی خـەڵك بەخـەتای ڕۆنـی بایعەکـەی دەزانێـت هەرهـەمووی خـەمو خەفەتی پارتیو یەکێتییە داوێتی لەدڵی ئێمـەو مانان، ئەمریکا کەهاتـە عێراقـەوەو ئـەو کەڵـەگابۆرەی ڕاونـا هەرچـی خـاڵی سـنوریو گـومرگی ناشـەرعیو سـەرانەو کەرانەیـە نەیهێـشتو ئاگـاداری حزبـە کـوردیو عێراقییـەکانی کـردەوە کـەئیتر کـەس بـۆی نییـەپارە لەخـەڵك بکێـشێـەوە، کەچـی یـەکێتیو پـارتی ئەوەنـدە چـاو قـاییم بـوون بەشـەو دەچـوونە سەرسـنوورەکانو گومرگیـان بـەزۆری تفـەنگ لەخـەڵ: دەسـەندوو، بەشـەو دەرگـای

ماڵەدەوڵەمەنـدەکانیان دەکوتـاو سـەرانەو کەرانـەو خۆڵانـەو ژنانەو زۆر شتیتریان لەخەڵکی هەژارو حەزبەپشوو ئارامی ئەم کوردستانە دەسەندو دۆلارێك کەلەبازاڕدا بەسێ دینار بوو بەدە دینار دەیاندا بەئێمە.. ئەوەندە خۆیان ناشیرین کردبوو لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا خۆیان کزۆڵەکردبووو لەبەر خەڵك دەپاڕانەوەو دەلالانەوە تادەنگیان بۆبدەن پیاو بەزەیی بەخۆیانو بەسیاسەتیاندا دەهاتەوە.

وتیان باجی سەر عەلوەکان لادەبەین ئیخۆ پێشتر خۆتان حکومەت بوونو خۆشتان داتاننابوو، وتیان نەوتو تەواوی جۆرەکانی سوتەمەنی دابین دەکەین ئەیبۆ دابینتان نەکرد، وتیان کرێی خانوو قەیرانی نیشتەجێبوون چارەسەردەکەین کەچی نەتان کردو پێشناچێت بیکەن.. لەسەروو هەموو ئەمانەشەوە وتیان ئیدارەکان دەکەینەوە بەیەك بەڵام درۆی نیسانبوو لەبەختی ئێمە ئەمساڵ درۆی نیسان پێشکەوت .. ئێوە بۆیە ئەمشتانە ناکەن چونکە لەبەرژەوەندیتان نییە، ئێوەناتانەوێ خەڵك تێربێ‌و خەڵك گرفتی خانوو خەڵك گرفتی گرانیو خەڵك ئاسوودەبێت، نانی ئێوە لەبێزاریو ناڕەحەتی خەڵکدایە جاخەڵکێ تێربێت چۆن دوای ئێوەدەکەوێت





دەتانەوێ لاوازییەکانی خۆتان بەو دەردەدارییەی خەڵك داپۆشن ئێوە جگە لەماڵ وێرانی چیترتان بۆخەڵك کردووە.؟

لەژمارە(1)ی رۆژنامەی میدیای کورد لەرۆژی 2005/3/11 بڵاوبۆتەوە.

# یەك بەیەك بەتاڵ بوونەوە سیحرەکانی شۆڕشتان

تەلەڤزیۆنەکانتان لەکەناڵە موشەفەرەکانەوە بگۆڕنە سەرکەناڵە لۆکاڵییەکانی لای خۆمان، لەکەناڵی مۆڵتیڤیژنەوە بیگۆڕنە سەرکەناڵی کەڵەکن ڤیژن... تاویٚ لەبەرنامەکەی رەنج بنواڕن، ووردببنەوەو ببیەن بزانن ئەو قارەمانانە چۆن هەڵدەکوتنە سەرمۆڵگەکانی دووژمنانی کوردو کوردستان، سەیریٚکی لیستی ئەندام پەڕلەمانانی یەکێتی‌و پارتی بکەن بزانن چۆن ئەوانەی تادویٚنیٚ جاش بوون ئەمڕۆ نەك هەر باشن بگرە لەباشان باشترن‌و ئەندام پەڕلەمانیش، لەوخانووەش ووردبنەوە کەئەمڕۆ شارەوانی دەیڕوخیٚنیٚ، ئەو پیاوەی دویٚنیٚ لەیاخسەمەرو سەرکردایەتی شۆڕش بەسەرو ماڵ





پیٚشمەرگەبوو ئەمڕۆ بۆتە موجریم‌و دەبیٚ خانووی بەسەرا تیٚکبدریٚ. لەپیٚخەفە نەرمەکانتن وەرنە دەریٚ ئەی ئەوانەی کە هەمیشە فرمیٚسك بۆهەژاران‌و ئەوانە دەڕژن کەنەك هەرژووری نوستنیان نییە بۆخستنەوەی منداڵیٚکی هاوشیٚوەی منداڵەکانی ئیٚوە، بەڵکوو پیٚشیان رەوانابینن هەشتیان لەحەمامیٚکی دوومەتر چوارگۆشەدا شەو بەرنەسەر.

ئەو شۆفڵەی ئەو خانووەی بەسەر ئەو خیٚزانانەدا رووخاند رەنگە هەرهەمان شۆفڵ بووبیٚت کاتی خۆی دیٚهاتو ئاوەدانیەکانی ئەم وڵاتەی بەسەر ژن‌و منداڵدا دەڕووخان، ژن‌و منداڵیٚك کەنەك ئاگایان لەرۆژی ژنان‌و منداڵان نییە بەڵکو بۆیان نالویٚ وەك هەر ژن‌و منداڵیٚکیتر ژیانیٚکی سادەو ساکار بەسەر بەرن، پیاویٚکك کەتواناى نییە وەك ئیٚوەی خودا پیٚداوو شۆڕش پیٚداو مانگانەو ساڵانە دیاری‌و کەلوپەلی گرانبەها بۆژن‌و منداڵانی بکڕیٚت، ئەو پیاوانە وەك ئیٚوەی پیاوی سیاسەت‌و دەوڵە ناتوانن لەجەژنەکانی ژنان‌و منداڵاندا چوار وشە پیٚکەوە نیٚن، ئەوانە پیاوی سادەو ساکاری ناوچیرۆکە سادەکانی کوردەوارین‌و فیٚری ئەتەکیٚت‌و سەتەلایت‌و ژووری

نوستن و فرەژنی و فرە سکرتێری نین و پێشناچێت خانوو رووخاندن بەسەریاندا شتێك لەوژیانەی ئێوەیان فێرکات.

رۆژبەرۆژ کێشەی بێخانەو لانەیی لەهەڵکشاندایەو حکومەتی هەرێمیش بەرنامەیەکی ئەوتۆی نییەو ئەو هەموو زەوییە دابەشکردوو چوار کەسی مستەحەق و بێلانە سوودی لێوەرنەگرت، دەکرا لەبری ئەوەی چوار پارچە بدەن بەمرۆڤێکی سەڵت و قوڵت یەك پارچە بکەنە شوقەو بیدەنە چوار خێزانی کرێ نشین، ئێوە دەتانەوێ شار جوان بێت و خەڵکیش دەیەوێت بژی، ئێوەدەتانەوێ بەهەشتێك دروستکەن کەمرۆڤی هەژاری تێدانەبێت، ئاخر خەڵکی هەژار دووکەڵی ئۆتۆمۆبێلەو ژینگە پیسدەکات، ئێوەخۆتان هەربەدەوڵەمەندی و خۆشگوزەرانی هاتعونەتەدنیاوەو مەلۆتکەکەشتان ئەڤەلۆنی پێبووە. بەهەشتێك شوێنی هەژاری تێدانەبێتەوە یاخوا کوێربێتەوە، شارێك دووهۆدەی تێدانەبێت بۆ خەوتنی بەشەرگەلێك ئیتر شاری چی و خۆشەویستی نیشتمان و نەتەوەی چی. ئێوە خۆتان بەشوفڵ هەڵدەکوتنە سەرمالان و وەك گریندایزەرو سازۆکی لەئاسمانەوە بۆخەڵك دائەبەزن،





کوردایەتی تەواو، سیحرەکانی شۆڕش و شۆڕشگێڕیتان یەك بەیەك بەتاڵ بوونەوە.

بەڵام ئەمجارە کەهەڵبژاردن نزیك بۆوە لەکەس مەپاڕێنەوە بۆدەنگ، باسی رابردووتان بۆکەس مەکەن، مەڵێن ئێمە ئێوەمان بەم رۆژەگەیاند، بڵێن ئێمەبووین خانوومان بەسەردا رووخاندن بۆ ئەوەی رزگارتان بێت لەم مەینەتی و دەردەدارییەی ئەم دنیایە.

بچووکبوونەوەی
ئینسان

# مانگرتنەکانی خوێندکارانو سەرەتایەکی گەش

لەپاییزی ساڵی رابردوودا لەبەعقوبەوە کۆمەڵێك مامۆستاو ئوستازی زانکۆ روویانکردە سلێمانیو دوای ئەوەی لەبەعقوبە رێگەیان نەدان زانکۆیەکی ئەهلی بەناوی مستەقبەل دابمەزرێنن لەبەر ئەوەی بنەما زانستییەکانی تایبەت بەزانکۆی تێدانەبوو هاتنە سلێمانیو لەهەنگاوی یەکەمدا حکومەتی هەرێمی کوردستان کەزانیتی لەوێ لەبەر نەبوونی مەرجە زانستییەکان رێگەیان پێنەداون، رێگەی لێگرتن. بەلام دواتر کەچوونە لای جەنابی مام جەلال ئەو رێگەی پێدانو تیشکی سەوزی بۆهەلکردن، ئەوەبوو زانکۆی ئایندە کرایەوەو خوێندکاری بۆساڵی خوێندنی (2004بۆ 2005) وەرگرتو کۆلێجەکانی یاساو ئەندازەو پزیشکی دەرمانسازی لێکرایەوەو بۆهەر خوێنداکارێك (16) وەرەقەی سەد دۆلاری وەرگیرا لەبری خوێندنی یەك ساڵی زانکۆو بڕیاریشە هەرساڵێك دووسەد دۆلار بچێتە سەر ئەو بڕە پارەیە. واتا بۆساڵی ئایندە دەبێت یەکی هەژدە وەرەقەبدەن. بەهەرحاڵ خەڵك پارەی هەیەو دەیەوێ بخوێنێ، بەسنییە حەزی لەپیاوکوشتنو تی ئێنتی تەقاندنەوە نییە. کێشەکە لێرەوە سەر هەڵدەدات دوای وردبوونەوەی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی لەو مەرجانەی ئایندە خوێندکاری پێوەرگرتووە دەرکەوتووە کەهەندێك لەو خوێنکارانە نمرەی زانکۆیان نەهێنانەوەو، هەندێکی تریشیان دەرچووی ئامادەیە پیسشەییەکانن وتاکو تەراش بێ بڕوانامەن، وەك چۆن بەهۆی رووداوەکانی کوردستانەوە زۆر کەسی نەخوێندەوار لەهەولێرو سلێمانیو بەهۆی یەکێتیو پارتییەوە بوونە خاوەن بڕوانامەی یاساو ماستەرو زۆر شتیتر. ماوەی چەند هەفتەیەکە خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی کۆلێجەکانی (پزیشکیو یاساو ئەندازە) دەستیان کردووە بەمانگرتنێکی هێمنانەو داوای داخستنی بێ مەرجی زانکۆی ئایندە دەکەنو حکومەتیش مناوەرەیان پێدەکاتو لەوبەینەدا ماوەتەوە نازانێ دڵی کام لایان بشکێنێ.

جەبار سابیر

بەر لەهەر شتێك مانگرتنەکە دەسکەوتێکی تازەیەو سەرەتایەکی گەشە بۆئەوەی کەئیتر حکومەتی خۆمان هیچ شتێك بێ پرسو راو گەڕانەوە بۆ خەڵك نەکاتو بەتایبەت لەو جۆرە کارانەدا پرس بەشارەزایانی ئەوبوارە بکرێت. دواتریش شێوەی مانگرتنەکە بۆخۆی بەڵگەی شارستانی بوونی کۆمەڵگەیەو دڵخۆشکەرەو هەرزووش مانگران رایانگەیاند کەهیچ حزبێك بۆی نییە موزایەدە بەم مانگرتنەوە بکات، چونکە ئەمان نەحکومەت دەڕوخێنن، نەئاژاوەچین بەڵکو دەیانەوێ حکومەت بەبڕیارەکانی خۆیدا بچێتەوەو لەمەو دوا سەربەخۆ کارنەکات. کۆمەڵگەی مەدەنیو دیموکرات بەمشێوەیە سەرپێی خۆیدەکەوێت کەبۆهەموو بڕیارێك بگەڕێتەوە بۆ مەرجەعە سەرەکییەکەی کەدیارە جەماوەرە. ئەوەی مایەی نیگەرانیو قسەلەسەرکردنە تائێستا حکومەت بەرچاوی روون نییەو کۆنترۆڵی مەسەلەکانی نەکردووەو پێشناچێت وازووو چارەسەر بکرێت، لەلایەك خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی مافی خۆیانە، چونکە چاوی خۆیان کوێرکردووە تائەو نمرەیەیان هێناوە، لەلایەکیش خوێندکارانی زانکۆی ئایندە مافی ئەوەیان هەیە بخوێنن





چونکە پارەیان داوەو جگەلە تاكو تەرایان زۆربەیان نمرەیان هەیەو حەزبەخوێندنیش دەکەن، بەڵام ئیشکالەکە لێرەوەیە کەزانست بووبە پارەو بازرگانی ئیتر شتێك نامێنێ پێی بوترێ زیرەکیو بلیمەتیو ئاوبێنەو دەست بشۆ. بەڵام گەر بڕیارە زانکۆی ئایندە داخرێ، کەشتێکی خراپە چونکە ناکرێت وڵاتێکی ئازادت هەبێتو رێگە لەکردنەوەی زانکۆش بگریت، دەبێ حکومەت یاخود راگرانی زانکۆکە ئەو بڕە پارەیەی لەو خوێندکارانەیان وەرگرتووە بیدەنەوە. بۆئەوەی جارێکی تریش شتی واڕوونەداتەوە دەبێت حکومەت ئامادەکاری بۆئەو حاڵەتانەبکاتو خۆی لەشتەکان نەدزێتەوە پێویستیشە یەك سەرچاوەی بڕیار هەبێت لەم وڵاتەدا نەك دوانو سیان، مادام حکومەتمان هەیە باخەڵك فێرنەبێتو رێگەی پێنەدرێ بچێتە لای سەرکردەکان بۆ تەکلیفی کارێکی لەشێوەی کردنەوەی زانکۆی ئایندە بکات.

لەژمارە(3)ی رۆژنامەی میدیای کورد لەرۆژی 2005/4/17بڵاوبۆتەوە.

# باوکە با پرسیاری بکەم

باوکە دەمێکە دەمەوێ پرسیاری بکەم؟ فەرمووو کوڕم جابۆ نایکەیت.. بەڕاست ئەوە بۆ کورد دەوڵەتی نییە؟ ئۆو... ئەوە وەڵامەکەی زۆر ئاسانە کوڕم کورد نەسەرکردەی هەیەو نەحزبو هەستی یەکبوونو یەکێتی.. کورد هەرچی سەرکردەی هەیە خۆپەرستو هەلپەرستەو هەرچی حزبیشی هەیە دزوو درۆزنن، حزب نین کۆمەڵێك بازرگانو بازرگانی بەم خەڵکە رەشو رووتەوە دەکەنو هەرکاتێکیش کورد گەیشتە تەنگانە رادەکەنو بەجێیدێڵن، جگە لەقازی محەمەدو شێخ سەعیدی پیران تەواوی سەرکردەکانی کورد لەکاتی سەختیدا ئەم خەڵکەیان جێهێشتووە... ئیێ ئیێ تێگەیشتم بۆیە دەوڵەتمان نییە..





ئەی باوکە ئەم بیێ وەزعییەی ئەم خەڵکە، ئەم گرانییە زووش هەروابوو؟ ناکوڕم زوو زۆر گرانیتربوو ئەم هەموو شۆڕشگێڕو دوو حکومەتە ئەوەندەیان رەنج بۆ ئەم خەڵکەدا هەموو شتێکیان هەرزان کردوو چارەی خۆیان گرانکرد، هەرچی بەنزینخانەو بیری نەوتە لەبەعسیان سەندەوەو بەلوعەکانیان بۆمیللەت کردەوەو ئەوەتا وەك دەیبینی بەو چلەی زستانە نەوت نییە بیکەینە سۆپاکانمانەوەو بەنزینیش نییە بۆ ترومبێلەکانمان.

ئەی مەسەلەی خانوو گرفتی نیشتەجێبوون کاتی بەعسو ئەوانیتریش هەروابوو؟ نەبەخوا کوڕم، درۆی چیت بۆبکەم کاتی ئەو گۆڕبەگۆڕانە هەمووشتیێ قاتی بوو نەخانوو هەبوو نەشووقەو نەکرێچی ئەوان هاتنوو ئەم هەموو خانووەیان بۆئەم خەڵکە دروستکرد، کەزانیتیان خەڵك زیادی کردووەو چڕی دانیشتوان بەرزبۆتەوە هاتن ئەوەندەیان شووقەو باڵەخانەی بەرز دروستکرد گەر تاسەد ساڵی تریش کچو کوڕ ببنە هاوسەر بێخانەو لانە نابن ئەی نابینی لەبەر باڵەخانەی بەرز ئاسمان دیارنییە، گەروابڕوا دەبیێ ئیتر لەدەساڵەوە کچو کوڕ ژیان دروستکەن بۆئەوەی تۆڵەی ئەو هەمو قوربانییانە بکەینەوە.

جاتۆ باسی خانوو بۆدەکەی کاتی بەعس خەڵك نەیدەزانی سەوزەو میوەش بخوا کەچی ئەمان هاتن خەڵکیان فێرکرد هەموو شەوێ دوو وەجبە میوە بخوات و دەسکێ کوزەڵەیان گەیاندە پێنج سەد دینار. ئەوەندەیان چاکە بەسەر خەڵکەوە هەیە، هەرگیز خەڵك لەژێر باریا دەرناچن، ئەوان نەبوونایە ئەم نەتەوەیە لەگرانی و رەزالەتێکدا دەژیا هەر وەسف نەکرایە..

ئێ ئێ کەواتە ئێمە هەڵەین باوکە کەلۆمەی حکومەت دەکەین و رەخنەی لێدەگرین و دەڵێین بۆ هەرزانی نابێت، بۆسووتەمەنی نییە، بۆ خانوو دەست ناکەوێ بۆ حکومەتی کوردی یەکناگرێتەوە بۆچی یەکێتی و پارتی بوونەتە کەڵەگاو نایەنە سەر رێگەی راست..! کەواتە داوای لێبووردن دەکەم بەناوی خۆم و تەواوی خەڵکی ئەم وڵاتەوە ئێمە ئیتر دەبێ هاوکاربین و وەك ئەوان ببینە پیاوی باش و دزوو جەردەو وڵات تاڵانکەر... ئەرەوەڵا کوڕم دەبێ وابکەین. ئەی باوکە پەڕلەمانەکانی زوش هەر وابوون.؟ نەوەڵا کوڕم ئەوانەی زوو هەر خەریکی دزی و فزیبوون رۆڵە ئەمانەی خۆمان کەپەڕەلەمانیان دروستکرد ئیتر خەڵك کەوتنە ئیسراحەتەوەو ئەوەبوو میللەت لەخۆشەویستیدا یەکی شەش سەد مەتر زەوی





پێدان. پێ ئەچێت ئەمانەی ئەمجارە باشتریش بن ئەوەنییە کۆبوونەوە لەسەر کۆبونەوە دەیکەن و ئەیانەوێ یەکێتی و پارتی شەڕنەکەن.

ئەوە باوکە باسی شەڕی یەکێتی و پارتیت کرد باشە ئەمانە بۆچی شەڕدەکەن.؟ ئۆو جائەوە وەڵامەکەی زۆر ئاسانە شەڕی ئەمان بۆقازانجی کوردەو لەپێناوی کورددایە، خۆئەمان لەپێناوی کورددا خەوو خۆراکییان نەماوە هەرچی پارەیەك کەبەحەماڵی و کۆڵکێشی پەیدای دەکەن بۆ کوردی بەفیڕۆئەدەن ئێ ئێ تێگەیشتم..

# وڕێنەی هاوڵاتی

کارەبا بۆتە رۆحی بنیادەمو هەموو سەری مانگێکیش دایرەی کارەبا هەڵەکوتێتە سەرماڵانو پارەی کارەبای فوول لەخەڵك وەردەگرن ئەمە سەرانەیە یان...! ئاو بەهەزار تکاو رجا تەنکی سەربان پڕناکات کەچی هەردوو مانگ جارێك ئەیدەن بەسەر ماڵانداو پارەلەخەڵك وەردەگرن. دەتەوێ کیلۆیەك چەرەسو پارچەیەك جگەرەی کێذت بنێری بۆ ئەوروپا لەپۆستە پێت دەڵێن گومرگیکە، گومرگی شتێك دەکەن کەئینسان بۆکات بەسەر بردن دەیخوات، کەچی ئەو هەموو تیئێن تیو





تەقەمەنییە دێتە ئەم وڵاتەوە کەس رێی لێناگرێت، شەوانە دەچنە سەرماڵە دەوڵەمەندەکانو گومرگی نایاساییان لێوەردەگرنو ئەوانیش تۆڵەی وەك تۆڵەی بەفریش گڕی گرت لەخەڵکی هەژار دەکەنەوە، ئەو خەڵکەی بەدیار سندوقەکانی دەنگدانەوە گیانی بەخودای دلۆڤان دەسپارد. ئەمریکا کەهاتە عێراقەوەو ئەو دڕندەیەی لەکۆڵ خەڵك کردەوە، نەیویست کۆمەڵی دڕندەیی تر دروستکات بەڵام ئێستا هەر سەر گۆشەی کۆڵانێك دڕندەیەکی لێیەو بەربۆنەتە گیانی ئەو خەڵکە، ئەمریکا هەموو گومرگو سەرانەو کەرانەیەکی یاساغکرد کەچی دەسەڵاتی کوردی سواری سەری خەڵك بوونو سەرانەو کەرانەو گومرگانە یان لێوەردەگرنو کەسیش نازانێ ئەو پارەو پولە زۆرەی ئەوان لەخەڵکی وەردەگرن چیلێدێو دەچێتە گیرفانی کێوەو لەسارکام مێزو لەکام یانەی شەوانە دەدرێتە مەشروبو دەخرێتە گیرفانی کام سۆزانییەوە.

من نەك دژی تیرۆرو تەقینەوەم بەڵکو گەربۆمبکرێ هەموو عەرەب بەتەور سەردەبڕمو ئەوەی وەك ئیسلامێکی عەرەبیش هەڵسووکەتکاتو باسی جیهادی ئیسلامی بکات لەئاست کورتی شەڕواڵەکەیەوە قاچی بۆدەبڕمەوە، بەڵام ئێوەیەك

کەناتانەوێ گرانی بازڕ کۆنترۆڵکەن و، گرفتی نەبوونی خانوو
شوێنی خەوتنی ئینسانی کورد چارەسەرکەن و ئاوی پاکو
کارەبای بەردەوامبدەن بەخەڵك و رێزی خەڵك بگرن ئیتر بۆ چی
گلەیی لەتیرۆرستان دەکەن.؟ ئەوانیش کەمێك لەئێوە خراپترن
ئێوە بەهێواشی ئینسان دەکوژن و بەخەفەتەوە دەیتلێننەوەو
ئەوانیش یەکسەر رەوانەی بەهەشتی بەرین و دۆزەخی تەسکی
دەکەن.





# بۆچی نەبوونە هونەرمەند؟

دەیان پێشمەرگەی دێرین کەسنگیان دەنا بەگوللەوەو
ساڵیان لەمردن نەدەکردەوە ئێستا پاڵ بەعەرەبانەی
حەماڵییەوە دەنێن ئەمە تەنیا لەبەر ئەوەی شەڕی ناوخۆیان
پێ قبوڵ نەدەکراو دوای فیکەی کورد کوژەکان نەکەوتوون،
سەدان ژنی شەهید ناتوانێ لەبەرپرسەکان نزیك بێتەوەو داوای
مووچەیەکیان لێبکات، چوون دەزانێ کاکی بەرپرسیش شتێکی
لەو دەوێ. هەزاران دایکی جەرگ سووتاوو کوڕ شەهید ئاوی
چاوی داهات هێندە بۆمەرگی خۆڕایی کوڕە تاقانەکەی گریا.
گەرشەهیدەکان زیندووببنەوە تف لەتەخت و بەختتان دەکەن و
دەست دەکەن بەگەرووتانا بۆ دەرهێنانەوەی خوێنی

بەفیڕۆچووی خۆیان. ئێستا لەزۆر دامو دەزگا هەمان پیاوە جل سەوزەکەی داڵەکەی بەسەر شانەوەبوو بەڕێوەبەرەو هەمان ئەو کەسانەش کەلەبەر کوردایەتی نەیاندەوێرا لەبەرامبەر کابرادا سەر بەرزکەنەوە وەك جاران سەرکزن و ئەویش هەر بەرپرسەو هەمان داڵیشی بەسەر شانەوەیە.

کلیپی گۆرانی (تیلی نازی) زەکەریا کەکەس نازانێ تورکییە، کوردییە، ئازەرییە، چەرکەسییە؟ بەهەمووی رەنگە هەزار دۆلاری تێنەچووبێ کەچی کەناڵی سەتەلایتی کوردستان بەپێنج دەفتەر لێی کڕییەوە، ئەی ئافەرین بۆ هونەر دۆستی و رۆحی هونەریتان ئێوەنەبن هونەری کوردی لەقوڕو چڵپاودا جێدەمێنێ.! خەڵکینا بێعەقڵ مەبن ئەمە بۆ هونەردۆستی ناگەڕێتەوە بەڵکو بۆ مونافەسەیەکی بێمەعناو سیاسی یەکێتی و پارتی دەگەڕێتەوەو ئیتر زەکەریاش بەسەرا کەوتۆتە چاڵەکەوە، کەناڵی سەتەلایتی کوردستان بەومەرجە ئەو کلیپەی بەپێنج دەفتەر لەزەکەریا کڕیوە کەدوای ئەوان ئینجا بیداتە کەناڵی کوردسات، تۆبڕوانە زەکەریا هێندەی هەزاران خێزانی رەشوڕووتی شەهیدان حورمەتی هەیە. گەر رۆژنامەیەك لەسلێمانی دەرچێ و ریکلام بۆبەرپرسە نازدارەکانی پارتی





بکات لەهەولێرەوە باشترین پارەی دەدرێتێ جاگرنگ نییە باسی تەپاڵە دەکات یاخود تەقینەوەکانی هەولێر.! گەر لەهەولێریش رۆژنامەیەك دەرچێت و باسی جوامێری بەرپرسەکانی یەکێتی بکات، یاخود هەندێك لەومەدەنییەت و دیموکراسییەتەی ئێرە بگوازێتەوە بۆئەوێندەر ئەوا بەدڵنیاییەوە لێرە سەرمایەیەکی خەیاڵی دەخرێتە بەردەست و ئیتر بەم شێوەیە شەهیدان و زیندوان و بێ خانووان و رۆشنبیران و رەشۆکان و خوێندەوارو نەخوێندەوار بوونەتە سووتەمەنی شەڕە ساردوو فێنکەکانی پارتی و یەکێتی و جائەوەی ئەهلی ماستاوو پول و پارەیە خۆشی لەخۆیی و ئەوەشی هەڵوێست وەردەگرێ بۆ دۆزەخ.

گەر شەهیدەکان بیانزانییایە کەناڵە ئاسمانییەکانمان پێنج دەفتەر دەدەنە کلیپێکی پڕ (ستیان و مایۆ) ئەوا بێگومان و دوودڵی دەبوونە هونەر فرۆش و نەدەبوونە نیشتمان فرۆش، ئاخر ئەوان نیشتمانیان بەیەکێتی و پارتی فرۆشت و سەرپشکیانکردن چۆن خەڵك دەڕووتێننەوەو چۆن شاپان و راپان بەپارەو سەروەت و سامانێکەوە دەکەن کەوەك چڵکی سەگ پێیان حەرامە، ئاخر هەموو ئەو بەرپرس و سکرتێرو

سەرۆکی حزبانەی لەم وڵاتەدا بەلێشاو پارە دەچێتە گیرفانیانەوە گەر بیانخەیتە بازاڕەوەو حەماڵییان پێبکەیت باوەڕناکەم کەس کەلو پەلی خۆی بەوان بگوازێتەوە چوونکە هیچیان توانای هەڵگرتنی تەلەفزیۆنێکی شاشە بیستیان نییەو فەردەئاردێکیان لەحەوزە وشکەکەو شێخوڵاوە تاچایخانەی مەچکۆو شەعب پێناگوازرێتەوە. بەڕاست هەرئەوانیش بوون خەریکبوو لەسەر تەعمیرکردنەوەی چایخانەی شەعب لیستی هاوپەیمانی کوردستانی بۆ هەڵبژاردنەکانی عێراق هەڵوەشێننەوە.

ماوەیەکی زۆرە لەوە بێئومێد بووم نوسینەکانم شتێك لەحەماقەتەکانی ئەو دوو حزبە کەمکاتەوە، بەڵام کەئەو هەموو زوڵمو نیشتمان فرۆشیو تاڵان چێتییەی ئەوان دەبینم هانا بۆ دەستو پەنجەو قەڵەمو کۆمپیوتەرەکەم دەبەمو تاکوڵوکۆی دڵم دانەمرکیَ دەست لەنوسین هەڵناگرمو هەندێکجار پەنا بۆجنێوو قسەی دوور لەنوسینیش دەبەم لەبەر ئەوە داوای لێبورد لەتۆی خوێنەر دەکەم گەر وشەی دوور لەمەجلیسم بەکار هێناوە.





# گەندەڵی

ئەم وڵاتە لەگەندەڵیو نەخوێندەواری بەڕێوەبەرە گشتییەکانو خەڵکانی کاربەدەستا غەرقبووەو سەرکردەکانیش دەڵێن ئێرە شامی شەریفە. مانگانە هەموو بەڕێوەبەرێك جگەلە یەك هێڵی تەلیفۆنی نۆرماڵ مۆبایلێکیشی بۆکڕدراوەو گرانترین هاندو دووکارتیش بۆیەك مانگ، جاوەرە کابرای نەخوێندەوار تادوێنی جەڵەبچی مەڕوو بزن بوو ئەمڕۆ ئەو حورمەتەی لێگیراوە چۆن هارنابیَ و چۆن کاروباری خەڵك

رایدەکات. هەڵامەتیٚ دەگرن دەڕۆنە تاران و دیمەشق و یەك هەفتە خۆیان سەرقاڵدەکەن و دواتر دێنەوەو سیٚ ملیۆن و نیو دنیاریان بۆ دەکەن بەئیفاد بڕۆ بەخێر هاتی دەشمانەویٚ بەخێریٚ دەوڵەت دروستکەین.

برادەرێکم مامەڵەیەکی لەوەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار هەبوو گەیشتە لای وەزیرو بەڕێزوو حورمەت مامەڵەکەی بۆ راییکردوو بڕۆ بەخێرهاتی، کەچی کاتێك چووە شارەوانی سلێمانی و گەیشتە لای تایپیێستە باڵابەرزەکەو بەنتازوو مەکرەوە پێوتبوو بڕۆ هەفتەیەکیتر وەرەوە برادەرەکەم پێیوتبوو بەڕاست تۆ وەزیری یان ئەو.. سەیرە وەزیر کارەکەی بە چەند خولەکێك بۆ راییکرد کەچی تایپیێستێك دووهەفتە کارەکەی هەر بەنازوو مەکر دواخست، لەگەندەڵیٚ دەپرسن ئەوەیە گەندەڵی. ئاردی یەك مانگمان بوو بەقوربانی تەممەڵی براکەم کاتێك چووم لەکاکی بایعم پرسی وتی من ئەتدەمیٚ بەڵام بالەکۆمپانیای دابەشکردنی ئاردەوە کاغەزێکت بۆبکەن، کاتێك چوومە ئەویٚ یەك دنیا کچم بینی لەژورێکدا دەرگایان لەسەر خۆیان داخستبوو کونێکی بازنەییان لەپەنجەرەکە کردبوو دەبوو لەوێوە تێیانگەیەنی گرفت و کێشەکەت چییە،





هەرچەند ویستم بچمە ژوورەوە رێگەیاننەدام ناچار ووتم ئەریٚ بەڕاست ئێوە ترشیات فرۆشن یان کۆمپانیای خۆراك. کچە وتی بڕۆ لەبەڕێوەبەر بپرسە؟ وتم تڕحێو باش هاتمە ژوورەکەی ئێوە ئیتر چۆن بگەمە ژوورەکەی بەڕێوەبەر.

ئەم بابەتە زۆر خۆشە بەمەرجێك حەوسەڵەت لەگەڵیدا هەبێت، رۆژێك کارێکم لەبەڕێوەبەرایەتی تۆماری خانووبەرەی سلێمانی هەبوو چووم، لەویٚ بینیم لەکونی کلیلی دەرگاکەوە لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەدا دەکردو باسی مامەڵەی هاوڵاتیانی بۆ دەکرد، ووتم ئێوە زیندانی سیاسیتان هەیە یابەڕێوەبەری گشتی.؟ وتی بڕۆ لەخۆی بپرسە؟

# ئاوی کانزایی

شەڕی داهاتووی دنیا لەدوای تیرۆر لەسەر ئاوی شیرین و سەرچاوەکانی ئاوە بەتەنیا، تائێستاش هیچ شلەمەنییەك نەیتوانیوە جێگەبە ئاوی ڕەبوالعالمین لەقکات، ئاخر ئاو سەرچاوەی ژیانەو بێئەویش ژیان زیندانە، جەستەی ئینسان چەندە پێویستی بەخوێنە هێندەش عەودالّی ئاوە. ئەم وڵاتەی ئێمەی کورد بەشی سەدان ساڵیتری ئاو تێدایەو دوای سەد ساڵەکەش خودا خۆی دەمێنیٚ و موڵکی. تورکیا چەند ساڵێکە سەرقاڵی پرۆژەی گاپ و بەستی ئەتاتورکە بۆ ئەوەی





سەرچاوەی ئاوەکانی کوردستان وشککات و ئەو سەروەتە سروشتییە نیشتمانییە بۆ خۆی پاوانکات. خەڵکی دنیا بۆ یەك دڵۆپ ئاو شیوەنی دنیا دەکەن کەچی ئێمەش بەلوعەی ساغ لەماڵماندا نییەو دەشت و دەری ئەم وڵاتە ئاوی پێدا دەڕواو لەهەر کویٚ گویٚ هەڵخەی خوڕەی ئاوەو کەس دەربەستی ئەو ئاوە شیرینە نییە، کەرۆژانە هیچ کەسێکمان لەلیترێك کەمتر نۆش ناکات و تائێستاش پرسیارێکمان لەخۆمان نەکرد ئەریٚ ئەم ئاوە لەکوێوە دیٚ و تاکەی بەردەوام دەبێت و بۆکویٚ دەڕوات.؟

دەڵێین بەنزین و نەوت و سووتەمەنی بەگشتی بۆیە لەتورکیاوە دێت چونکە ڕێگەی باشوور پڕە لەئینسان رفێن و ئینسان سەر بڕ، بەلاّم کەدێتە سەر ئاوو شتەکانی تر ئیتر دۆشداماو قسەمان پێنییە بۆ وتن. بەر لەشەڕی کەنداو، لەنۆکەندی سوێسەوە نوێترین ئامێر بەرێکەوت بۆ کارگەی ئاوی کانزایی بانی خێلاّن، بەلاّم ملهوڕی سەدام نەیهێشت بگات و شەڕی هەڵگیرساندو ئیتر ئەو ئامێرانەش خۆمان خۆش. شارەزایانی ئەو بوارە پێیان وایە لەرۆژهەلاّتی ناوەڕاستدا یەك سەرچاوەی تری ئاوی تێدانییە وەك ئەوەی بانی خێلاّن بشێت

بۆئـەوەی بکرێتـە مەعـدەنی، کەچـی کـەس لێینا پرسـێتەوەو، ڕۆژانە یەك ملیۆن لیتر لەو ئاوی کانزاییەی لەتورکیاوە دێـت و سـەر چاوەکەی کوردسـتانە لەچێسـشتخانەو ئوتێلەکانـدا نۆش دەکرێـت. دەمانـەوێ دەوڵـەت دروسـتکەین بـەڵام نـاتوانین ئـاوی کـانزایی بکینـە بتڵـەوە.؟ کـەی ڕەوایـە ئـەو هـەموو سەرچـاوەی ئـاوە لـەم وڵاتـەدا هەبێـو لـەتورکیاوە ئاومـان بـۆ بێـت کـەخۆی وەختـە لەتینوانـدا بخنکێـت.؟ تاکـەی بـیر لەوەناکرێتـەوە ئێمـە ئاوو زۆر بەرهەمی تری سروشتی بەوان بفرۆشین و بازاڕەکانیان وەك سەرچـاوەیەکی داهـات بـۆ خۆمـان بـەکاربێنین. ئەمـە پرسـیارێکەو دەکـرێ بـەزوترین کـات وەڵام بدرێتـەوە چـونکە خەریکـە ئـەو ئـاوە جێگـەی ئـاوی بەلوعـەو تـەنکی بۆئێمـە بگرێتەوە، لەچێشتخانەکاندا بۆ ئەوەی پارەی زیادت لێوەرگرن ئـاوی کـانزایی تورکیـت بۆ دەهێـنن. ئیتر تورکیـا چۆن دەهێڵـی ئێمـە فیـدراڵی وەرگـرین لەکاتێکـدا بـەس بـەئاو فرۆشـتن سـاڵانە داهاتێکی بەرچاوی لەئێمە دەست دەکەوێ.





# داراش بوو بە پۆلیس

دارا کوڕێکی مناڵکاری باریکەلەیەو سەرقاڵی کاری ڕۆژنامە فرۆشـی و کتێـب فرۆشـییە، دارا دەبـوو نـاوی نـەدار بووایـە، چـونکە ڕۆژانـە بـەو سـەرمای زسـتان و گـەرمای هاوینـە کاسـبی دەکـات، ئەوەنـدە حـەزی بەپیشەکەی بـوو بـەو دۆخەنالـەبارەی خۆی ڕازیبوو، بەڵام کوا لـەم وڵاتـە زەلکاوەی ئێمـەدا ڕێگەدراوە خـەڵك بـەژیانی خۆیـشی ڕازیبێـت. دەسـت دەخەنـە کـارو بارەتـەوەو ناچـارت دەکـەن ببیتـە کـوڕی ئـەوان و چـییان وت بەقـسەیان بکـەیت تاسـەرت دەکـەن بەگۆمێکـداو جلـی ڕەش دەکەنـە بـەری کەسوکارت. کوڕو کـاڵی ئـەم وڵاتـە هـەموو بوونـە

پۆلیس‌و وازین لەخوێندن هێناو پۆلەکانی خوێندن تەنیا بۆ ئەو خوێندکارانە ماوەتەوە کەپارەیان هەیەو لەخێزانێکی مامناوەندو دەوڵەمەندن.

یەك لەشکر پۆلیسمان هەیەو لەهەموو کات زیاتر وڵات بەدەست نائارامی‌و پەشێوییەوە دەناڵێنێ، ڕۆژانەش ڕێژەی پۆلیسەکان زیاد دەکات، تاوای لێهات داراش کەڵکەڵەی بەپۆلیس بوون دایە سەری‌و چەند جارێك تکامان لێکرد بەڵام دۆخی گیرفان زۆری بۆ هێناو سەرئەنجام داراش بووبە پۆلیس. پۆلیس بوونی دارا جگەلەوەی خەون‌و هیواکانی دەکوژێت‌و کاریگەری دەکاتە سەر سایکۆلۆژیاو بیرکردنەوەشی، زەرەری بۆ خەڵکی دەورووبەریشی هەیەو ئیتر دەبێت لەبری ئەو پۆلیسەی دوینێ کتێبەکانی ئەمی دەدایە بەرشق، دەبێت دارا شتومەکی دەست گێڕو کتێب فرۆشەکانی تر بداتە بەرشەق. ئاخر ئەوە ژیان فێرت دەکا تۆ وابێت لەدارستاندا هەر گورگ دەسەڵاتدارەو مەڕ دەبێت کەوڵکرێت.

دارا هەر گەنجێکی ئاسای نییەو تەنیا بۆ ئەوە ناژی سبەی بمرێت، بەڵکو ئەو هەست بەنالەباری دۆخی وڵاتەکەی دەکات‌و دەیوست لەرێگەی پیشەکەیەو خەڵك وشیار کاتەوە، دارا سەری





پڕبوو لەخەونی جوان دەیوست بەشیعر بەر بەو لافاوی خوێنە بگرێت کەلەهەستان دایە، دەیوست لەڕێگەی نوسینەوە بچێتەوە سەر دەریای ئاسوودەیی، لێ ئەفسووس داراش وەك هەزارانی تر تفەنگی کردەشانی‌و دوو ڕۆژیکە دەستی دەچێتە خوێنی خەڵك.

# حکومەتی بۆرژوازی و خەڵکی ڕەشۆک

باوەشێن لەبازاڕەکاندا نرخی لەبەرز بوونەوەدایە، پێئەچێت مەسئوولەکان باوەشێن فرۆشبن و ئەوان کارەبای ئەم وڵاتەیان بەو دەردەبردبێت گەرنا کارەبا چ عەیبێکی نەبوو بۆ چی لەپڕ ئاوای لێهات، گرفتی شەخسی و میزاجی قەڵب و قۆڕی سیروان عارف و سەلام سەعید قەزاز خەڵکی بردەوە سەردەمی پێش ئەدیسۆن و حکومەتیش شانازی بەو دوو جوامێرەوە دەکات و حەزناکات دڵییان عاجز کات. ژووری وەزیرو مدیرعام و زۆرجار سکرتێرە نازدارەکانیشیان تازەترین مۆدێل و مارکەی سپلێتی





لێیەو کارمەندی داماویش بۆ دۆزەخ، نەکارەبا هەیەو نەمۆلیدەش دەتوانێ ئەو خەڵکە فێنک کاتەوە. حکومەت عەرزی ماسوولکەکانی خۆیکردو جاڕیدا کەشووقە دەداتە خەڵك، کەچی بۆ هەر شووقەیەك سێ دەفتەر وەردەگرێت، جاتوخوا من سێ دەفتەرم هەبێت حەو(7) بەرد لەدووی ئەم وڵاتە هەڵنادەم کەهەر بۆ مەسئوولەکان باشە.!

من پێشنیارێك ئەدەمە حکومەت.. تازە ئەو لەوە دەرچوە کێشەی ئەم خەڵکەی بۆ چارەسەر بکرێت چونکە خەڵك رۆژانە زۆر دەبێت و حکومەتیش لەبەر پارەی ئەندام پەڕلەمان و وەزیرەکان ئاگای لەخەڵکی ئاسایی نەماوە، حکومەت گەر ئەیەوێ چارەسەری گرفتی خەڵك بکات با رەوانەی ئەورووپاو رۆژئاوامان کات، هیچی تێناچێت قاچاخچی شارەزاو کارامە هەیە بە(40) وەرقە، لەو وەرقانەی ئەندام پەڕلەمانێك مانگی (شەست) دانە وەردەگرێت دەمان گەیەنێتە ئەسیناو لەوێش لەئەفلاتوون دەپاڕێینەوە بەڵکو هەوڵێکمان بۆبداو مافی پەنابەرێتیمان بەنێ.!

# حکومەت وادەزانی خەڵک ڕەشۆڵەیە

نەوت و سووتەمەنی گران دەکەن و دەڵێن خەتای تیرۆرستانە، ئەوان شۆفێری تانکەرەکان سەردەبڕن و ناهێڵن سووتەمەنی بگاتە کوردستان، باشە گەر کەرکووک نەوتی تێدانییە ئەی بۆچی سەدەیەکە کوڕی خەڵکی لەسەر دەدەن بەکوشت.؟ باشە گەر تیرۆرستان ناهێڵن سووتەمەنی بگاتە خەڵک ئەی بۆچی لەسەر شەقامەکان بەونرخە گرانە دەفرۆشرێ.؟ تۆبڵێی خەڵکێکی سادەو ساکارو وەك خۆتان دەڵێن بێ دیفاع لەئێوە ئازاو بەجەرگ تربێت و بوێری لەناو ئەو تیرۆرستانەوە سووتەمەنی بگەیەنێتە ئێرە.؟ من گومانم هەیە هەموو ئەو





سووتەمەنی و نەوتەی بەگران دەفرۆشرێ مەسئوولەکان دەیهێنن و دوورنییە لەگەڵ تیرۆرستەکانیشدا شەریك نەبن.

مانگێك دەبێت زۆربەی گەڕەکەکانی شاری سلێمانی ئاوی نییەو کەسیش خەمی ئەو خەڵکە ناخوات کەماڵەکانیان بۆگەنی کردووە لەبەر بێ ئاوی، بازاڕ پڕ بووە لەئاوی مەعدەنی و لەهەندێك دەزگای حکومی و حزبیدا بۆ سەرئاوو دەستنوێژیش ئاوی کانزایی بەکاردێنن ئیتر ئەو مێگەلە ولاخەی ناوی خەڵکە چاوی دەربێت باناوسکی بۆگەن کات ئەی هەر ئەوان نەبوون ئەمانەیان لەوشاخ و کێوانەوە هێنایەوە ناوشارەکان و پێڵاوە لاستیقەکانیان بۆکردنە قۆندەرەی زەهەبی و گلاسی، ئەی ئێمەنەبووین گوێ درێژو ئەسپ و هێسترەکانمان بۆ کردنە مۆنیکاو ئەڤەلۆن.

بایعێمان هەیە پیاوێکی هێمن و لەسەر خۆ، دەیوت بەحکومەتم وتووە لەتەلەفزیۆنەکانتانەوە دیعایە بۆ چای دیشلەمەبکەن چونکە لەمانگی دوازدەوە شەکرتان نەداوە بەخەڵك و هەموو مانگێکیش پارەکەی لەخەڵك وەردەگرن، نەك هەر شەکر زۆر موادی تریش هەشت مانگ دەبێت نەدراوەو هەموو مانگێکیش پارەکەی وەرگیراوە، ئەو پیاوە وتی لەم

ماوەیــەدا چــووم بایعەکــە بدەمــەوە بەحکومــەت بەڕێوەبــەری کۆمپانیـای خـۆراك وتـی کاکـه گرفتت چییه وتم وەڵا هیچ ئـەڵێم ئـەو هــەموو خواردنــە مەدەنــە خــەڵك چــونکە ناشـوکری پێـوە دەکەنو دواتـر خـوا دەیـبڕێ. کابرای بایع وتـی پێم وتـووە ئێـوە کەخواردنەکـە نادەنـە خـەڵك بۆچـی پـارەی لێـوەردەگرن؟ کـابرا پێـی وتبــوو جابۆچــی ئــەهێڵی خــەڵك لیــستی خواردنــەکان ببینـیّ.! ئـەم پێـی وتبـوو تـۆ خـۆت گێلـی یـان خـەڵك بـەگێل دەزانـی، ئـەویش وتبـووی ئێمـە هـەر هێنـدەمان هەیـە. منـیش دەڵــیم راســتەکات حکومــەت هەرهێنــدەی پێــدەکرێ چــیبکات فـەقیرە ئـاوو کارەبـای خـەڵك دەبـڕن ئـیتر ئـەڵێن خـەڵك ئـاوو کارەبــای نــەبێت خواردنیــشی ناوێــت.. ســەدام بــەو هــەموو دیکتاتۆرییـەی خۆیـەوە لەسـەری مانگـدا خواردنەکـەی دەدایـە خــەڵك کەچــی ئێــوەش ئەونــدە مرۆڤدۆســتن لــەبنی مانگــدا خواردنی خـەڵك دەبڕنو نۆشـی گیـانی دەکـەن دەك بـەزلّفنجتان بێت.





# پەرلەمانو مووچەکەی

هەواڵــەکان رایانگەیانــد کــەرۆژی ئەوەنــدەی ئەوەنــدە ســاڵی ئەوەنــدە لەگــەڕەکی تــەیراوەی شــاری هــەولێر، کــەبارەگای پەرلەمانی کوردستانی لێیە، ئەوپەرلەمانەی گـەورەترین پەڵـەی شـەرمەزاری کـوردە، لەکردەوەیـەکی تیرۆریـستیدا چەند ئەندام پەرلــەمانێك کەهێــشتا خــەڵکی کــورد ناویــان نــازانێ گیــانی خاوێنیان سپارد... خۆمـان خـۆش.! ببورن ئەمـە تـەنیا هـەواڵێك بـوو هیـچی تـر چـونکە ئەنـدام پەرلەمانـەکانی ئێمـە ئەوەنـدە دڵسۆزی کوردو خاکی کوردستان نین تاتیرۆرستان رەوانەی ئەو دنیایانکـەن، لـەم ماوەیـەی پێشوودا ئـەو ئەنـدام پەرلەمانانـەی کەسـەروبۆری لەمەسـەلەی سیاسـەتو ساختەچێتیدا دەرناچـیّ داوایــانکردووە مووچــەکانیان بــۆ زیادبکرێــت بــەو بیــانووەی کوردسـتان نائارامـە، کەچـی کـابرای عـەرەبی پێپـەتی کـەکوردە حەیاتەکـەی پەرلـەمان بـەگێلو حۆلی دەزانـیّ وتبووی ئـەی ئێـوە

شەوو رۆژ دیعایەی ئەوەناکەن کوردستان ئارامترین شوێنی عێراقەو دەڵێی وڵاتێکی ترە.؟ ئیتر چۆن داوای مووچەی زیادەدەکەن.؟ هێشتا یەك بڕیاریان بەسوودی کورد دەرنەکردووە داوای زیادکردنی مووچە دەکەن، بۆ زانیاریتان ئەندام پەرلەمانمان هەیە نەعەرەبی دەزانێت و نەئینگلیزی و کوردییەکەیشی تەواونییە.

بەدبەختی ئێمەی کورد لەوەدایە هێشتا قوڕو چڵپاوی پەرلەمانەکەی پێشو لەگیانمان نەبۆتەوە هاتین بەبێ ئەوەی بزانین نوێنەرەکانمان کێن دیسان دەنگمان پێدانەوە، ئەوانەی پێشووتر لەبەردزی و فزی و کوشتنی دیل لەبەرەکانی جەنگی ناوخۆدا، پێیان نەکرا هەندێك خزمەتی ئێمەی کڵۆڵبکەن. ئەوان دڵسۆزی ئێمەنەبوون و دڵسۆزی ئەو پارەمۆڵەبوون مانگانە لەوادەی دیاریکراوی خۆیدا وەریاندەگرت، لەکاتێکدا مانگ لەمۆزەفی ئاسایی و خڵکانی خاوەن شەهیدو ئەنفال و هەڵەبجە دەبووە چلوپێنج رۆژ. داماوی ئێمەلەوەدایە شەش مانگ دوای هەڵبژاردنەکانیش هێشتا نەئیدارەیان کردۆتەوەیەك و نەتوانیویانە یەك بست پرسە رەواکەمان لەعێراقی سیستانی و جەعفەری دوورخەنەوەو بەرەو





پێشیبەرن. من ئەندام پەرلەمانێکم بۆچییە هەرچاوی لەمووچەو زەوییەوە بێت و نەتوانیٚ بەقازانجی من پەنجەیەك بەرزکاتەوە، رۆژانە لەبازاڕەکاندا نرخی کاڵا لەبەرز بوونەوەدایەو هیچ هۆکارێکیشی لەیشتەوەنییە غەیری ئیستیغلالکردنی هاولاتییان، ئەو هاوڵاتییەی زۆرترین گوڵی لێکراوە لەلایەن شۆڕشی کوردەوە، کرێی خانوو گەیشتۆتە چوار وەرقەو پێنج وەرەقە بۆ خێزانێکی مۆدرێن واتا دوونەفەری هەر ژن و پیاوو سیسەمێك. حزب و کۆمپانیای کوردی کەمن لێکیان جیاناکەمەوە، رۆژانە خانووی ئەم شارە دەکەنە بارەگاو دەتا پازدە وەرقە دەدەنە کریٚ ئیتر ئێمەومانان هەربۆئەوە باشین شێخ زانایەك پەیدابێت و سەرمانبڕێت و هەر پارچەیەو لەشوێنێك فڕێماندات.

من دەنگم نەداوەو هەرگیز جارێکیتر لەژیانمدا ئامادەنیم پەنجەبکەمەوە بەمەرەکەبی هەڵبژاردنداو دەنگ بۆهیچ کەس و هیچ حزبێك بدەم. چوون دەزانم دەنگەکەم پولێکی قەڵب ناکات و ئەوان رێز لەشەهیدەکانی خۆیان و قوربانییانی هەڵەبجەو ئەنفال نەگرن ئیتر چۆن حورمەت لەمنی مل ئەستوور دەگرن.

# دیسانەوە مام عەبدوڵڵا

کاتی خۆی ستونێکم نووسی بەناوی (گەر حکومەت وابێت مام عەبدوڵاش رایدەگەیەنێت)، لەوێدا و لەپێشت مام عەبدوڵاوە مـن رەخنـەو گلەییـەکانم ئاراسـتەی حکومـەت‌و دەسـەڵاتدارانی کوردستان کردبوو، بەڵام لـەدوای ئـەو ستوونەوە بەردەوام مـام عەبـدوڵا گلـەییم لێـدەکات‌و ئـەڵێ تۆمنـت خـستۆتە مـستەوای حکومەتـەوە، ئـاخر چۆن مـن‌و حکومـەت دەبینـە یـەك، مـن مـاڵ‌و منـاڵی خـۆم بـاش پـەروەردەو بـەخێو دەکـەم، بـەڵام حکومـەت حەقی بەسەر میللەتەوە نییەو نەئاوی بۆدابین دەکات نـەکارەبا، بـایعی خـەڵك دەخـوات‌و پارەکەشـیان لێوەردەگرێـت، سـێجارە زەوی بەسـەر فەرمانبەراندا دابەشدەکەن‌و دواتـر لێـی پەشـیمان دەبنـەوە. بەرێوەبـەری فەرمانگـەکان تاتـەواوبوونی دەوام قـاچ





دەخانـە سـەقاچ‌و سـپلیتێکی دووتـەنییان بـۆ دانـاوە، کەچـی فەرمانبـەری ئاسـایی لەبـەر ئیشوکار سـەری خـۆی بۆنـاخورێ‌و گەرماش هەناسەی لەبەر برِیوەو موبەریدەیەکی نیوداشتیان پـێ رەوانابینرێ.

من ئەڵێم مام عەبدوڵا تۆ غەدر لەحکومەت دەکەیت، ئـەودەڵێ کاکـە شـەڕی سـەد سـاڵەی ئێمـە بـۆ نـەوتی کـەرکوك بـوو کەچـی ئێستا کەرکوك بەدەست خۆمانەوەیەو نەوت بەم چلەی هاوینە قـاتی بـووە، تـۆبڵێی لەچـلەی زسـتاندا چـی بەسـەربێت. مـام عەبدوڵا راستەکات ئاخر گەر کەرکوك نەوتی تێدانییە زستانان بیخەینـە سـۆپاکانمانەوە، ئـیتر بۆچـی وتتـان کـەرکوك دڵ‌و قودسی کوردستانە، گەر لەتورکیاوە ئاوی مەعدەنی دەهێنن‌و قوزەڵقـورتی دەکـەن ئـیتر بۆچـی باسـی ئـاوی دوکـان‌و دەربەنـدیخان دەکـەن، گـەر شـووقە بەسـێ دەفتـەر بفرۆشـن ئیتر خزمـەتی خـەڵکی هـەژاری چـی‌و چارەسـەرکردنی ئەزمـەی سەکەنی چی، منیش لەشوێنی ئەوانبم چارەسەری هیچ شتێك ناکەم چونکە ئەم خەڵکە خۆی شایەنی ئەوەیە وای بەسەربێت. مـام عەبـدوڵا لـەم رۆژانـەدا شـتێکی زۆر ترسـناك‌و تـاڵی پێـوتم: ئـەو وتـی هـەموو بـەرپرس‌و وەزیـرو مـدیرعام‌و مـدیری

زاتییەکانیش ئاوی ئەم وڵاتە بەکار ناهێنن‌و ئاوی مەعدەنیان لەتورکیاوە بۆ دێت، باشە گەر بەرپرسێك جاهەر پلەیەکی هەبێت بێزی نەیات ئاوی ئەم وڵاتە بخواتەوە حەقی ئەوەنییە بەدار لەم وڵاتە دووری خەیتەوە، هەرچی وەزیرمان هەیە رەگەزنامەی ئەوروپی هەیەو لێرە سەری لەئێمەش تێکداوە پارەی دنیا هەڵدوەلوشێ‌و دەڵێ خزمەتی کورد دەکەم.



# تۆبڵێی ئەوان ڕێز لەدەستوور بگرن

جەبار سابیر

عێراق تەواوی سەرقاڵی نوسینەوەی دەستووری هەمیشەییە، کورد تەواو خۆی شپرزەو ماندووکردووە بەم دەستوورەوەو هیوایەکی زۆری لەسەر هەڵچنیوە، ئەو هێوایەی پێی وایە ئیتر دوای ئەم دەستوورەو ئەم چەند لاپەڕە کاغەزە ئیتر گرفتی نامێنێ‌و کورد وایدەبینێ ئەو دەستوورە وەك نوشتە وایەو ئیتر عەرەب دەبنە ماستی مەییو بەرامبەر کورد. پێشتر دەستووریش هەبوو شتی زۆر جوانیشی تێدابوو وەك رێزگرتن لەکوردو نەتەوەکانیتری عێراق بەڵام یادەوەری هەمووومان سیخناخە لەو تاوانانەی کەئەوانی خاوەن دەستوور بەئێمەیانکرد، لەدنیایەکداین ئەوەندەی هێز حاکمە، هەرگیز دەستورو پارچەکاغەزی رەشکراوە حوکمی نەکردووە. لەئێستاشدا کەدنیا لەسەردەستی عەرەب بەرەو جەهالەت دەڕواتەوە قورسە مرۆڤ باوەڕ بەو دەستوورە بێنێ. سەدان ساڵە عەرەب زوڵم لەئێمەدەکات، ئەوان بەناوی قورئان‌و

فـەرمـوودەی خـوداوە هـاتوون و تالأنیـان کـردووین و بەکۆمـەڵ لەچـاڵییان نـاوین، ئـەوانێك سـڵ لـەخودا نەکـەن تـۆبڵێی سـڵ لەچەند نوسـینێك بکـەن بـەناوی دەسـتوور، دەسـتوورێك لەسـەر کاغـەز دەنووسـرێ و دەتـوانرێ رۆژانـە پـەرەکانی بـەملاو لادا بلأوبکرێتـەوە، ئـەوان دەسـتکاری قورئـان و کـەلامی خودایـان کـردووە، ئیتر رێـز لـەو کوتـە کاغـەزە چـۆن دەگرن؟ لەبچووکترین دیـدارو قـسەکردنی بـچووکترین تـاکی عـەرەبی عێراقییـەوە تادەگاتـە جەعفـەری دەمووچاو تێکترشاو نەباسـی کـورد دەکـەن نەفیدراڵی و دیموکراسی ئیتر چاوەڕێی چیبین لەدەستوور.





# شێخ و حزب و حکومەت

ئێمـە ئـیتر ئـەوە قەدەرمانـە دەبێـت هەمیـشە بـۆ قوربانییـەکی هەژارو سەرگەردان بگرین کەبەهۆی سیاسەتی بێبنەماو هەڵەی یـەکێتی و پارتییـەوە خـوێنی بەناحـەق رژا، کۆسـتی ئـەم خەڵکـە کەیـەکێتی و پـارتی لێـی بەرپرسـن، هـەگیز کۆتـای نایـات. ئـەم حزبانـەی ئێمـە خۆیـان بەعـەلمانی و مـەدەنی دەزانن و دیعایـەی دامەزرانـدنی کۆمەڵگـەی مـەدەنی دەکـەن و کۆمـەڵێك شـێخ و موشـایەخ و دەروێـش و بـەرویش و ئاغـاو کوێخایـان بەرداوەتـە خەڵکی ئەم ولأتەو کەچی دوای ئەوەی لێیان یاخی دەبن منەت بەسـەر خەڵکادەکـەن و دەڵـێن لـەتیرۆرمان رزگـارکردوون، ئێوەنـەبن ئـەم ریـش پـان و پۆڕانـە چـۆن دەتـوانن فرسـەت لـەم خەڵکـە بێـنن کەبەعـسی رووخانـد، شـێخ زانایـەك گـەر لەپـشت

ئێوەوە ئەم کارانەی نەکردبێ چۆن بۆیدەچووە سەر، ئێوە دەساڵە چیدەکەن و چۆن خەڵکتان پاراستووە، ڕەنگە هەر دووانی وەك شێخ زانابوون لەشەڕی ناوخۆدا دەیان و سەدان گەنجی سەربە پارتی و یەکێتیان بۆ لایەنی نەیار سەربڕی و لەوشاخ و کێوە بەزیندووی هەڵیاندانە خوارەوە. پارتی و یەکێتی ئێستاش ئەوەندەی بایەخ بەشیخۆ ئاغا دەدەن ئەوەندە کار بۆ کۆمەڵگەیەکی مەدەنی هاوچەرخ نادەن.

لەگەرمەی شەڕەکانی ناوخۆدا ئاغاو کوێخاو شێخەکانی ئەم ولاتە لەهەردوو بەریان دەخواردو بەملیۆنان دیناریان لەیەکێتی و پارتی دەکێشایەوەو خەڵکیش چاوی دەڕێ. ئاسایشەکانی ئێوە تەنیا تەرکیزیان لەسەر لایەنی نەیارە، واتا لەهەولێر تەنیا کەسێك مەترسی دروستدەکات کەسەر بەیەکێتی بێت و لەسلێمانیش کەسێك جێی گومانە کەسەر بەپارتی بێت، ئیتر لەم ناوەشدا تیرۆر دروست دەبێت و شێخ زاناو ئەوانیتریش دروستدەبن و دەست و قاچی بڕاو لەپشت سەیترە فڕێدەدرێت و ئاسایشیش ئەوەندە لوتی بەرزە هەستی پێناکات. کەتیرۆرستان گورزیان لەپارتی دەوەشاند لێرەوە بسکەی سمێڵیان دەهات و کەقەتڵوعامی خێڵی حەمەش





بەدەستی قەراسینەکانی سەدەکانی ناوەڕاست روویدا لەهەولێرەوە بست بست بالایان پێدەکرد. ئائەوە حاڵی ئێوەی کورد پەروەرو نیشتمان پەرستە، ئیتر چۆن تێرۆر دروست نابێت لەولاتێکدا کەهەر لەکەڵەکی سەرئاو دەچێت و هەموو سووچەکەشی لەئەستۆی ئێوەیە.

# گەر دزتانگرت خەڵاتیکەن

حکومەت دەبێت تەنیا هەر حوکمی خەڵك نەکات، بەڵکو دەبێت پەروەردەیانکات و بیانخاتە سەرێگەیەکی راست و دروست، تابەهەردوولا کۆمەڵگەیەکی تەندروست دروستکەن و ئیتر ئەوسا هەم حکومەت حکومەتێکی خۆشەویست دەبێت، هەم خەڵکیش خەڵکێکی دڵسۆزدەبن بۆ خۆشیان و بۆ حکومەتیش. بەڵام لای ئێمەی کورد جانازنم هۆکارەکەی بۆئەوە دەگەڕێتەوە کەیەکەمجارە حکومەتمان هەبێت یان شتیتر، شتەکان پێچەوانە دەبێتەوە ئەوەی دڵسۆزە کەنارگیر دەکرێت و ئەوەشی دزەو سەروەتی ئەم میللەتە بەتاڵاندەبات رێزو حورمەتی لێدەگیرێت. ماوەیەك لەمەبەر لەیەکێك لەفەرمانگەکاندا برادەرێکیان کردە بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەیەکیتری سەربەهەمان وەزارەت کەچی موعجیزەئاسا ئەو برادەرە ئەو پۆستەی رەتکردەوە.





لەیەکێ لەفەرمانگەکاندا دزییەك بەسەر چەند فەرمانبەرێکدا ساغبۆوە کەلیژنەی موشتەریاتی فەرمانگەکەبوون، ئەوانەی دزییەکەیان کەشفکرد چوونە لای بەڕێوەبەرەکەو خۆیان گێڤکردەوە لەوەی کەدزییەکیان ئاشکراکردووەو ئێستا بەڕێوەبەر خەڵاتیان دەکات، کەچی کاکی بەڕێوەبەر پێموایە خۆیشی دزێکی گەورەیە فەرمانی کردبوو ئەوچوارکەسەی دزییەکەیان کردووە یەکی سی و پێنج هەزار پاداشت بکرێن. ئەی ئافەرین دزی گەورە بۆخۆت مەرحەمەتت. جاتۆ سەیرکە چونکە حکومەت پەروەردەیەکی باشی خەڵك ناکات و کارەبەدەستەکانی زۆربەی سەرگەرمی گیرفان پڕکردنن و لەبچووکترین فەرمانگەدا مانگانە بەدەفتەر دۆلار سەرفدەکرێ و کەسیش نازانێ چۆن و بۆچی سەرفدەکرێ، کارمەندی بچووك دەبینێ بەڕێوەبەرەکەی سێ هەزار دۆلار دەخاتە تەنکەی گیرفانییەوە حکومەتیش دەڵێ نۆشی گیانت بێت ئیتر ئەمیش شوڵی لێهەڵدەکێشێ و لەدروستکردنی بابەتێکی تەختە بۆفەرمانگەکە (91)هەزار دیناری نۆشکردووە دەك عافێتت بێت خەریکە شتێك فێردەبێت.

# دارا دەڵێ بۆچی بوومە پۆلیس؟

دوای بڵاوبوونـەوەی ئـەو نوسـینەی لەسـەر بـەپۆلیس بـوونی دارام نوسیبوو، دارا هاتو سکاڵای ئەوەی کرد کەبۆچی بووەتـە پۆلیس ئەو ووتی من دەمەوێ کاسبی بکـەم پـۆلیس دێـتو شـەق لەکتێبـەکانم هەڵـدەدات. مـن دەمـەوێ رێگـەبگرم لەوکەسـانەی دەیانەوێ سەروەتی سروشتی ئەم کوردستانە ئەنفاڵ کەن، دارا دەڵـێ مـن بوومەتـە پۆلیـسی دارسـتان تـا رێگـە لەپیـسبوونی ژینگەو داربڕین بگرم . دارا زۆر بەتەنگ ئەم وڵاتەوەیەو نایەوێ بێلایـەن بێـت لەئاسـت مەسـەلەکانداو دەیـەوێت بیروبۆچـوونی هــــەبێتو بــــەردێک لەســــەر بــــەردێک دانێــــتو دەســــتی لەئاوەدانکردنـەوەو سەرخـستنی ئـەم وڵاتـەدا هـەبێت کـەهیچ خێـرو بێرێکـی بۆئـەو نییـەو تـەنیا مـاڵوێرانی لێدەچـنێتەوە،





هەمیـشە هـەر وابـووە هـەر داراو هاوشـێوەو هاوچـینەکانی دارا وڵاتیان خۆشویستووەو ئەوانیتریش وڵاتیان فرۆشتووە. دارا بۆ مووچە نەبۆتە پۆلیس چوونکە ئەو قەناعەتی بەژیانێکی سادەو ساکار هەیـەو ئاوی بەلوعـە دەخـوات نـەك ئاوی مەعـدەنی، ئیتر مووچـەی زۆری بۆچـییە، دواتـر خـەڵکی هـەژار بەمووچـەی زۆر سەری لێدەشێوێو نازانێ چیبکات رەنگە بەو پارە زۆرە سەری خۆی بخوات.

دارا دەڵـێ حـاکم قـادریش بـەڵێنی پێـداین شـوێنمان بـۆ دابینکـات تـاکتێبی لێبفرۆشـین بـەڵام بەڵێنەکـەی نـەبردە سـەرو وەك دەبینــی هەمیــشە پۆلیــسێك بەشــێنمانەوەیەو نــاهێڵێ کاسبی بکـەین، دارا دەڵـێ رۆژێـك لەبنکەکـەی خۆمـان پۆلیـسێك فلتــەری جگــەرەو توێکڵــە گوڵەبــەرۆژەی فڕێــدەدا وتم بۆچــی وادەکەی وتی تۆ حەقت چییە، چووم لای بەڕێوەبەرەکەمان واتا ئەفسەری بنکەکـە وتم گـەورەم نابێـت پۆلیـسی دارسـتان ژینگـە بپارێزی وتی با، وتم ئەم پۆلیسەی هاوڕێمان خۆی ژینگە پیس دەکاتو توێکڵە گوڵەبەڕۆژەو فلتەری جگەرە فڕێدەدات.

# بیری ئیرتیوازی و... بیری حکومەت

ڕەنگە بەلاتەوە سەیربێت ناونیشانی بابەتێك بەو جۆرە بێت، بەڵام ئیتر لێرەوە هیچ شتێك سەیرنییە بۆ چی سەیربێت، ئەو بیرەی حکومەت لەخەڵکی دەکاتەوە قوڵییەکەی یەك سانتیمەتر نابێت لەکاتێکدا بیری ئیرتیوازی لەپێناوی قومە ئاوەکیدا سەد مەتر بەناخی زەویدا دەڕواتە خوارێ، ئەو قیرەی شارەوانی سلێمانی شەقامەکانی پێ قیرتاو دەکات دە تا پازدە سانتیمەتر دەبێت، بەڵام ئەو چاڵانەی دواتر شارەوانی سلێمانی لەسەر قیرەتازەکە دروستیدەکاتەوە دە بۆ پازدە مەتر دەبێت و ئیتر نایات بەلایداو پڕی ناکاتەوە تامناڵێکی تێدەکەوێ و دەخنکێ.

پەیوەندی خەڵك و حکومەت یان حکومەت و خەڵك پەیوەندییەکی جەدەلییانەیە بەومانایەی چەندە حکومەت دڵسۆزی خەڵك بێت ئەوەندەش خەڵك ئەو حکومەتە





بەحکومەتی خۆیان دەزانن، گەر بەپێچەوانەوە بوو ئەو کات خەڵکیش حکومەتەکە بەحکومەتی خۆی نازانێت و بەتەنگ داواکارییەکانییەوە ناچێت وەك چۆن بینیمان خەڵك لەڕاپرسی دەستووردا زۆرکەم دەنگیدا.. ماوەیەکە بیری ئیرتیوازی زۆربووەو هاوکاتیش بۆ جارێکیتر خەڵك بەناچاری پەنای بردەوە بەر هاڕە هاڕی مۆلیدە، ئێ خەڵك چیبکات نایەوێ وەك بابوو باپیرانی بژیو دەیەوێ وەك مرۆڤو وەك خۆی بژی، لێرەوە پەیوەندییەکانی خەڵك و حکومەت نەك هەر درزی تێدەکەوێ بەڵکو دەلاقەیەکی گەورەی تێدەکەوێ بەقەد گەورەیی ئەو پارەو پوولەی مانگانە دەچێتە گیرفانی دابەستەکانی حزب و حکومەتەوە. ئاخر حکومەتێك ئاو بۆ خەڵك دابین نەکات و کارەبای وەك پێویست نەداتێ خەڵك تووشی شەو کوێری و دڵەکزە بکات دەبێ چۆن خۆی بەحکومەتی خەڵك بزانێت، ئێستا خەڵك زۆر کەمتر تەلیفۆنی حکومیش بەکادێنێت و هەرماڵێك نیو دەرزەن مۆبایلی تێدایە، پەیوەندی ئێستای حکومەت و خەڵکی کورد تەنیا لەکاتی وەرگرتنی پارەی ئاوو کارەبادا دروست دەبێتەوە ئەو تۆزە ئاوو کارەبایەی حکومەت شەوو ڕۆژی جارێك یان هەفتەی

دووجار دەیداتە خەڵك تەنیا بۆئەوەیە سەری مانگان پارەکەی لەهاوڵاتیان وەرگرێت، برادەورێکم وتی سێ ساڵە ئاو بەبەلوعەی ماڵەوەماندا نەهاتۆتە خوارەوەو ناچار بیرێکی ئیرتیوازیم لێدا و چووم بەدائیرەی ئاوم وت بەلوعەو تۆڕی ئاوەکەم لەڕەگەوە بۆ دەرکێشن خۆمن تائێستا پەرداخێ ئاوم لێنەخواردۆتەوە، کەچی کاکی مودیر وتبووی بڕۆ کاکە بڕۆ چۆن هەڵیدەکێشین ئێمە هەموو مانگێك پارەی خۆمان لەتۆ وەردەگرین و تۆش کەیفی خۆتە.

سەرباری ئەوانەش حکومەت ناتوانێ نەوت و بەنزین و غازیش بۆ خەڵك دابینکات هەموو زستانێك وەك بەڵێنیان بەمەسئولێك دابێت دەوڵەمەندیکەن ئەزمەی نەوت و بەنزین و غاز دروستدەکەن و خەڵك دەگێڕنەوە بۆ سەردەمی پێش دۆزینەوەی سووتەمەنی، ئاخر ڕەوایە حکومەتێك نەتوانێ رۆژانە سەد تەنکەری خۆی دابینکات بۆ هێنانی سووتەمەنی کەچی کابرایەکی دەوڵەمەند بەپشتی مەسئولێك بتوانێ.؟ من ئەم پرسیارە لەحکومەت دەکەم حەزئەکەم وەڵامێکی قەناعەت پێکەرم چنگ کەوێت هەرچەند دەشزانم وەڵام هەرنییە.!





# کاتێك دیموکراسییەت بەدارشەق دەڕوات

دواجار ڕێپێوان و ناڕەزاییەکانی خەڵك هەردوو ئیدارەی هێنایە سەر ئەو بڕوایەی کەبڕیارێك دەرکەن تێیدا هەر جۆرە ڕێپێوان و ناڕەزایی و مانگرتنێك تاڕۆژی پازدەی یەکی ساڵی نوێ قەدەغەبکرێت و هەر کەسێکیش سەر پێچیکرد بەتابووری پێنجەم و شەشەموو تیرۆرست و خزم و عەقرەبای زەرقاوی سەیریبکرێت و دادگاییبکرێت. دەسەڵاتی کوردی دەیەوێ خەڵکی کورد تاهەتایە بەهەموو گەندەڵی و کەموو کوڕییەکانیان ڕازیبێت و وەك بێکەس دەڵێ بارە گوێزییان لێبنێن خڕڕەی

نەیات، ئاخر خۆئەو خەڵکە هەر خەڵکە سادەو ساکارەکەی سەرەتای نەوەدەکان نییەو گۆڕاوەو چاوی کراوەتەوەو وەك چۆن ئێوە مۆبایل‌و ئینتەر نێت‌و سورەیاتان بەدەستەوەیەو سوودی لێوەردەگرن. ئاوهاش خەڵك ئەوشتانەی پێیەو ئینتەر نێت‌و سەتەلایت مێشکی ئەو خەڵکەی کردۆتەوە کەئێوە دەتانەوێ هەتاهەتایە مێشکی بەداخراوی بهێڵنەوە.

ئەم دوو دەسەڵاتەی ئێمە هەر میوانێکی بیانی دێتە کوردستان دەیبەنە جوانترین شوێنی وڵات‌و شەو دوای ئەوەی باشترین خوارن‌و خواردنەوەی بۆ دابینددەکەن لەباشترین هۆتێلە گرانبەهاکانی مەملەکەت دەیخەوێنن‌و لەکەناڵەکانیشیانەوە ریکلام بۆ دیموکراتییەت‌و ئارامی‌و خۆشگوزەرانی خەڵك دەکەن‌و میوانە رەزاسووکەکەشیان دێننەگۆو لەرقی یەکتر فێری دەکەن کەبڵێت هەرێمی کوردستان دیموکراتیترین ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. کەچی لەبواری کرداریشدا وەك چۆن شۆفێرەتازە کارەکان بە پێنج تاقیکرنەوەی پراکتیتکی دەرناچن، ئاوهاش یەکێتی‌و پارتی بەدەتاقیکردنەوەی پراکتیکی دەرناچن‌و یەك تۆز بوار بەناڕەزایی خەڵك نادەن‌و





کەمنین ئەو رێپێوان‌و ناڕەزاییانەی کەدراونەتە بەرگوللە لەکوردستانی دیموکرات‌و ئار امدا.

هەمووماندەزانین کە تورکیا چەندە دژی کوردەو ئیسرائیلیش چەندە دژی عەرەبە، کەچی ئەو دوو وڵاتە مامەڵەکردنیان لەگەڵ رێپێوان‌و شەڕە بەردی هەردوو نەتەوەی کوردو عەرەبدا مامەڵەیەکی تەواو دیموکراتیانەیە، ئەو وەختەی هەردوو ئیدارەی کوردی سەرگەرمی دانانی بەرنامەیەك بوون بۆ بەرگرتن لەهەر ناڕەزای‌و رێپێوانێکی خەڵك لەئەستەمبووڵ‌و شارەکانی تری تورکیا خەڵکی کورد بەبەرد پۆلیسی تورکی راودەناو ئاگری لەدەبابەکانیان بەردەداو حکومەتی تورکیش جۆرێك دەبابەی بەکارهێنا دژی ئەو براکوردانەی ئێمە کەلەبری گوللە تۆپ ئاوی دەهاویشت...

جاتوخوا ئەوە دیموکراتییەتە یان ئەوەکەی لەمەڕ خۆمان. دەوڵەتی ئیسرائیل تیرۆرستەکانی حەماس‌و حزبوڵا دەگرێ‌و لەزیندانیان توند دەکات، ئەوان داوای قورئان دەکەن کاتێکیش پۆلیسە ئیسرائیلییەکان بۆیان دەبەن فرێی دەدەنە دەرەوەو دەڵێن ئەوە چاپی ئیسرائیلەو جولەکە دەستکاریکردووە. بۆیە بەناچاری دەوڵەتی ئیسرائیل دەچێت قورئانی چاپی قودسیان

بۆ دابین دەکات.. من لێرەدا قسەکانم تەواو دەکەم بەڵام خوێنەری بەڕێز هەندێك بیرکەرەوەو مەسەلەکان تاووتوێکە بزانە بۆچی ئەم دوو ئیداریەی ئێمە تا یەك مانگو نیویتر ڕێپێوانو نارەزایی خەڵکی قەدەغەکردووەو لێناگەڕێ خەڵك سوود لەو دیموکراسیو ئازادییەیان وەرگرێت کەلەلای بێگانەکان باسیدەکەنو لەمیدیا کانیانەوە پێمانی دەفرۆشنەوە.





# زاراوەکان

کورد زۆر حەزی بەزاراوە سازیو خەرجکردنی ئەو زاراوانەیە لەژیانی ڕۆژانەی خۆیدا بەجۆرێك بۆ هەرشتێك زاراوەیەکی تایبەت دادەهێنێو ئیتر ببڕای ببڕ لەکۆڵ ئەو شتە یاخود ئەو کەسە نابێتە، کاتی خۆی شێخ جافەری پارێزگاری سلێمانی لەئاهەنگێکدا سەرچۆپیگرت ناویاننا شێخ چۆپیو ئێستاش کەبەهەوڵی حزبی کوردی گەیشتۆتە ئەوروپا ئەو پیاوە هەر شێخ چۆپییە.! جالەباسی شێخ چۆپییەوە زاراوەی کۆنە بەعسی دێتە پێشێ مانای ئەوانەی کۆن بەعسی بوون ئێستا پۆستی بالای ولاتیان بەدەستەوەیە (وەفیق سامەڕایی) نەك هەرکۆنە بەعسی بەڵکو کۆنە کورد کوژیش بوو وەك خورمای کورد کوژە کەچی ئێستا راوێژکاری سەرکۆماری عێراقە. ماوەیەکی زۆر زاراوەی ئیتالی، لادێییو ئەنفالیان بۆ هەرکەسێکی گوندنشین بەکاردەهێنا کەچی ئێستا زاراوەی پاشماوەی ئەنفالەکانو کەسو کاری هەڵەبجە بۆ مەبەستی

ریکلامــــی سیاســــی و هەڵبــــژاردن ســــوودی لێوەردەگیرێـــت، تائێــستاش زۆر حــزب و کەســـایەتی کــوردی ســوالْ بــەو دوو زاراوەیەوە دەکەن و کەس و کاری ئەنفالەکان هەر سەرگەردانن و هەڵەبجــەش هــەردەڵێی دوێــنێ کیمیاییەکــەی بەســەردا رژاوە. زاراوەی پێــشمەرگەی کــۆن باشــترین دەســتکەوتی هەیــە زەوی پــان و پــۆڕت دەدەنــێ و تــۆش دەیدەیتــە کابرایــەکی دەوڵەمەنــدو دەیکاتــە بینــا بەشــەریکی و لەســەریشی دەنوسی (هــازا مــن فەزلْ رەبــی) ئەمــەش بــۆ ئــەوە دەگەڕێتــەوە خــوا ســەدامی کــەرکردوو شۆڕشــی کــوردیش هاتــەوە شــارەکان و بــوو بــەخاوەنی ئــەم کوردســتانە گەورەیــەو حزبەکــەی تــۆش کــەرەمی فــەرموو ئــەو پارچە زەوییە گەورەیەی دابەتۆو تۆش دوای ئەوەی دەیکەیتە بینــا تــەنیا (ژێــر زەمینەکــەی) دەیدەیتــەوە بەحکومــەت بەچــل وەرقە کرێی مانگانە.

ماوەیــەك هــەر عــەرەبێك بەدسداشــەوە بهاتبایــە ئــەم شــارە بەتــەیحان تــەیحان دوای دەکــەوتن و کابرایــان شێــت و هــاردەکرد، هەرچی سەیارەیەك لەبەغدادەوە بەدزی و فزی ئەهاتە ئەمشارە ناویـــان نـــابوو علـــوج و تائێـــستاش هـــەر علوجـــە، زاراوەی ئاوارەکانی کەرکوك زۆرترین کاسبی پێوەکراو وایلێهات خودی





خەڵکی کەرکوکیشیان فێر کردوو ئێستا هەیانە لەسلێمانی هەم زەوی و هــەم شوقەشــی وەرگرتــووەو چــۆتەوە کــەرکوك و لــەوێش چــەند پارچــە زەوییــەکی وەرگرتــووەو دیــسان گەڕاوەتــەوە سلێمانی و کەچی خەڵکە هەژارو بێپشت و پەناکەی کەرکوکیش هــەر لەژێرخێمــەدا دەنــاڵێنێ و گەڕانەوەشــی وەك خیانــەتی نیشتمانی لەسەری دەوەستێت.

زاراوەی کــوڕە مەســئول بــۆ ئــەو کەســانە بــەکاردێت کــەکوڕی مەســئولن و بەمۆنیکایــەکی جــام تاریــك دێــن و دەڕۆن و گــەر زۆر پەســت بــوون مرووریْــك دەدەنــە بەرشــەق و نــەڕیز لەیاســا دەگــرن نەلەخــەباتی باوکیــان. یــاخود دەڕۆنــە بــەردەم مەکتــەبی کــچان و دڵیــان هەرکــچێکی گــرت دەیبــەن و دەڕۆن، یــاخود پڕۆژەیــەکی بێمانــا دەدەنــە لایــەنێکی حکومی و بڕێــك پــارەی زۆر وەردەگــرن. بەمجۆرە زاراوە گەلێکی زۆر بەکاردێت و ئیتر هەرنابڕێتەوەو بۆ هەندێك دەبێتە خێرو بەرەکەت و بۆ زۆریش دەبێتە شێرپەنجەو تائەبەد لەکۆڵی نابێتەوە.

*لــــەژمارە(137)ی رۆژنامــــەی رۆژی گــــەل لــــەرۆژی یــــەك شــــەممە 2005/12/11بلاوبۆتەوە.

# بەشار سەدامی تەنانیسەوە

سەدام پێش رووخانی خۆیی و حکومەتەکەیشی بەچەند هەفتەیەك رۆژانەو شەوانە خەڵکی بانگ دەکردوو دەکەوتە قسەی زلزل بۆیان و وایدەزانیّ بەڕاستی پاڵەوانەو ئەمریکا خۆی لەبەردەم هەیبەت و سامیدا ناگرێت، ئەو واتێگەیشتبوو کەئەمجارەش لەتەنگژەکە رزگاری دەبێت و لەسەر کورسی دەسەلاتەکەی هەر دەمێنێتەوە وەك چۆن لەتەنگژەی کوەیت رزگاری بوو، بەلاّم بەهەڵەدا چووبوو چونکە ئەمجارە لەئەجێندای سیاسەتی ئەمریکیدا سەدام تەواو ببوو.

ماوەیەکی زۆرەو لەدوای راپۆرتەکەی (دیتلیف میلیس)ی قازی ئەڵمانییەوە لەمەڕ تیرۆرکردنی (رەفیق حەریری) و دەستی سوریا لەو تیرۆرکردنەدا، حکومەتی سوری و خودی بەشار





ئەسەدیش کەوتوونەتە خۆیان و دەیانەویّ بەهەرنرخێك بێت درێژە بەدەسەڵاتی دیکتاتۆری هاوشێوەی سەدامی خۆیان بدەن و هەربمێنن بۆ ئازاردانی خەڵکی سووریاو ولاّتانی دەوروبەریش، رۆژی 2005/11/10 بەشار ئەلئەسەدی سەرۆکی سوریا لەزانکۆی دیمەشق و لەبەردەم ئاپۆرایەکی زۆری بەرپرسانی حکومی و مامۆستایانی زانکۆدا وتارێکی کاتژمێرو نیوی پڕ حەماسەت و هەڵەشەیی بەحیدنجە خوێندەوەو لەوتارەکەیدا هەمان شێوەی سەدامی دیکتاتۆری دۆستی باسی ئاسایشی نیشتمانی و ئومەی عەرەبی دەکردو دەیوت سەری خۆمان نادەینە دەست هیچ لایەنێکی دەرەکی. ئەم قسانەی بەشار لەکاتێکدایە کەبەرپرسانی واشنتن رایانگەیاندووە کەسەبری ئەمریکا لەبەرامبەر سوریادا گەیشتۆتە کۆتایی چیتر لێناگەڕێن سوریا تیرۆرستی عەرەب و بیانی رەوانەی عێراق بکات و بیەویّ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بخاتە مەترسییەوە.

لەم رۆژانەشدا راپۆرتێکی دەزگای هەواڵگیری ئیسرائیلی ئەوەی ئاشکرا کردووە کەئەمریکا نایەوێت وەك عێراق سووریاش لەرێگەی هێرشی سەربازییەوە بگۆڕێت بەڵکو دەیەویّ لەرێگەی دروستکردنی فشاری ناوخۆی سووریاو

هاوکاریکردنی ئۆپۆزسیۆنی سورییەوە دەسەلاتی بەشار بڕ،خێنێ، واتا ئەمریکا ئەمجارەیان بەکودەتای سپی مەسەلەکان یەکلاییدەکاتەوەو نایەوێ خوێن بکەوێتە مەسەلەکانەوە. لێرەوە ئەچینەوە سەر ناونیشانی وتارەکە کەوتمان بەشار سەدامی نەناسیوە، سەدام زۆر لایەنو کەسایەتی دەرەکی تکایان لێکرد عێراق جێبێلێ و بڕوات تاشەڕ نەقەومێ بەلام گوێی نەگرتو بینیمان سەدامو عێراقیش چییان بەسەرهاتو چییان بەسەر دێت. بەشاریش بەڕێگای سەدامدا دەڕواتو چاو لەو رابردووە هەلدەپێکێ کەهێشتا تەواو نەبۆتە رابردوو، ئێستا دەسەلاتەکەی بەشار لەگیانەلادایەو پێشناچێت ئەو وتارو دروشمە حەماسییانەی بەشار هیچ لەڕەوتی مەسەلەکان بگۆڕنو خاویبکەنەوە، وەك چۆن وتارەکانی سەدام هیچیان نەگۆڕیو کۆتایی بەدەسەلاتی رەشی هات.





# نەوتو بەنزینو کارەباو ئاو گەی کێشەیە!*

یەکەم یاداشتی جۆشو خرۆشو حەماسەتی خەلکی عێراق لەبەرامبەر هەلبژاردنی پەرلەمانێکی تەمبەلو تەوەزەلدا ئەوەبوو کەهەر دوو رۆژ دوای پرۆسەکە لەبڕیارێکی شێلگیرانەدا حکومەتی عێراقی نرخی تەواوی بەرهەمە سووتەمەنییەکانی لەسەر هاوولاتیان گرانکرد. مێژووی ئەم عێراقەی کەلەهەموو شتێك دەچێت دەولەت نەبێت شاهێدی ئەو راستییەیە کەهەر دەسەلاتدارێك هاتبێت بەسەر مەرگی ئەوەی پێشخۆیدا هاتووەو دواجار شوێن پێی ئەوی

هەڵگرتۆتەوە، جەعفەری دەیەوێ مایەی ئەو ساڵانەی ئاوارەیی تاران و قوم بهێنێتەوە بۆیە ئەوەندە بەجەرائەتە لەبڕیارێکی لەو جۆرەدا، ئەوەشی سەیرە، ناببوورن سەیرنییە، ئەوەی دڵخۆشکەرە ئەوەیە کەیەکسەر ئیدارەی کوردی لەبەدبەختی ئێمە بەو بڕیارە رازی بوو کاری پێکرد، لەکاتێکدا دەیان بڕیاری تری باشتر لەبەغدادەوە دەردەچێت چونکە سوودی خۆیانی تێدانییە نایخەنە بواری کردارییەوە بەڵام ئەمەیان قازانجی زۆرە فەورەن تەنفیزی دەکەن.

برادەرێکم زۆر پەشیمان بوو لەوەی کەئەوەندە بەپەرۆشەوە چووە بۆدەنگدان لەتاوا بەتاکێك گۆرەوییەوە بەرەو سندوقەکان رۆییوەو لەبری پەنجەیەك هەر پێنج پەنجەی دەستی خستبووە مەرەکەبی دەنگدانەکەوە، وەك ئەوەی شۆربای قارچك هەڵقوڕێنێ لەچێشتخانەی خدر.. کەچی بەداخەوە دەنگدانمان لێبووە سندان و لەجێی سندانیش قوزەڵقورتە، جامادام هاتینەوە سەر (با)ی بەڕە کۆن باهەندێك شتیتریش بڵێین، گرانبوونی سوتەمەنی گرانبوونی شتەکانیتریش بەدواوەیە، کاتێك بەنزین گران دەبێت کاکی شۆفێر دەڵێ بەنزین گرانە بۆیە ئێمەش بەگران نەفەر دەگوێزینەوە، کەبەنزینیش هەرزان





دەبێتەوە دەڵێن، وەڵا ئەشیای سەیارە گرانەو کەهەر دووکیشیان هەرزان دەبن و وەك تۆڵەکەی بەهارانییان لێدێت دەڵێن، وەڵا کەس بەکەس نییەو مۆزەف پارەی زۆرەو شاریش ئاغاو کوێخای زۆرە. جائەم بڕیارە لەسوودی ئەوانە چونکە پێش ئەم بڕیارە لەبازاڕی رەش و سپیدا بیست لیتر بەنزین بەپازدە هەزار یاخود دەهەزاربوو، بەڵام لەمەودوا بەپێنج و نیوەو بیانوی ئەوەشیان پێیە کەبەنزین گرانبووە، جاپیاوم هەیە مامەڵە لەگەڵ کاکی شۆفێردا بکات خۆئەمە کاتی حەسەن زیرەك نییە کاکی شۆفێر زوو بگاتە یار.

بابچینە سەر ئەسڵی مەقسەد عێراق چوونکە وڵاتێکی ئاوها عاجباتییە، بۆیە بۆتە زەویەکی بەپیت بۆ بازرگانییەکی بەبرەو بەئینسان و سەروەت و سامانیەوەو کەسیش بەکەس نییە. زۆرجار وتومانە راستە بەعس دڕندەو پیاو کوژو فاشیست بوو بەڵام خۆ هەرنەبێ دەیتوانی خزمەتی خەڵك بکات و کیلۆیەك شەکر دینارێك لەسەر ئەو دەکەوت کەچی بەسێ پەنجایی دەیدایەوە بەهاووڵاتیان، بەڵام لیترێك نەوت یەك فلس ناکەوێت لەسەر حکومەتی عێراق کەچی بەدوو دینار دەیدەنەوە بەهاولاتیان. جاتو خوا دڕندەییەکەی سەدام و ئەم بڕیارەی

حکومەتی عێراقی لەم سەرەتای زستانەدا جیاوازییان چییە؟ ئەو یەکسەر دەیکوشتی و ئەمانیش بەخەفەتەوە دەتتلێننەوەو دواتر دەتکوژن و سەرت دەخەنە گۆڕی باوکتەوە، لەڕوانگەی سایکۆلۆژیشەوە مردن یەکسەر خۆشترە نەك وردە وردەو بەلنگە فرتێ.

*وتەی پیاوێك بوو کەبەشداری بەرنامەیەکی خاك تیڤی کرد لەکاتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردندا، دیارە ئەو برادەرە خۆی مەسئول بووە گەرنا ئینسانی ئاسایی تەنیا ئەو شتانەی لێدەبێتە کێشە خەڵك بەتەنیا چی لەئازادی بکات.



# من ئەمساڵیش تۆم لەساڵان خۆشتر دەوێ

جەبار سابیر

ساڵێك دەڕواو تەمەن بەرەو کورتی دەچێ/ کەچی من تۆم خۆشتر دەوێ/ هەموو سەری ساڵێکی نوێ بەڵێن دەدەم تۆم لەساڵان خۆشتر بوێت/ بەخۆم دەڵێم لەگەڵ تۆدا دەبینەوە منداڵە سەرچڵەکەی زووو/ خۆ سازدەدەین بۆ گەمەیەکی خۆش و نوێ/ بەڵێن دەدەم کەئەمساڵیش تۆم لەجاران خۆشتر بوێ. ئەوەی بێزارم دەکات ڕۆژژمێرە، چونکە فریای ئەوە ناکەویت وردبوونەوەیەکی ڕۆمانسیانە لەژیان وردبیتەوە ساڵێك تەمەنت دەبات و تۆش هەرهێندەت لەسەرە ڕۆژژمێرەکەی پار لەدیوارەکە کەیتەوەو دانەیەکی ئەمساڵ لەشوێنەکەی هەڵواسیت، تاکەشتێك لەگەردووندا تائەبەد شوێنی بەچۆڵی نامێنێتەوە ڕۆژژمێرە، ئەو کاغەزەی کەتەنیا دیزاینەرێك ئەو بەها مەعنەوییەی پێدەبەخشێت و هیچی تر. ئێمە تاقە

نەتەوەیەکین کەزۆر بەخاوی ئاوڕ لەیەك ساڵی تەمەنمان دەدەینەوەو کاتێکیش دەزانین سەرمان سپی بووەو تاقە رستەیەك لەژیان فێرنەبووین.

هەوڵبدە هەرگیز ئەو قسە نەستەقە کوردییە نەڵێیتەوە (ساڵ بەساڵ خۆزگەم بەپار) چونکە ئەوە هەمیشە تەمبەڵو تەوەزەلت دەکاتو ئایندەت تیادا دەکوژێت(ساڵێك دەڕواو تۆش هەر خۆشەویستی منی) لای عاشقیك ساڵێك ساتێکەو لای زیندانییەکی تاهەتاییش ساڵێك سەدەیەکە، کات هەمیشە لەچاوەڕوانیدا درەنگ تێپەڕ دەبێت، لەئەوینو شادومانیدا چوون ژیانی پەپولە کورتە. یەك ساڵ لەتەمەنت دەڕواو گەر دەتوانی نیگایەك لەو (سێسەدو شەستو پینج رۆژە)ت بکەو بیکە بەدوو کەرتەوەو ئەوسا تەسفییە حسابی خۆت لەگەڵ ئەو ساتانەدا بکە کەبە لەشێکی تەندروستەوە بێداربوویتو پڕ بەهەموو جەستەت چەشنی (زۆربا)ی یۆنانی شیلەو هەوای ژیانت هەڵمژیوە، ئاخر نیوەی زیاتری ژیانی ئێمەی خەڵکی ئەم رۆژهەلاتی ناوەڕاستە هەر خەوەو هەر بیماری.

مرۆڤ بەر لەوەی رۆژژمێر دابهێنێو کاری پێبکات بەلایەوە گرنگ نەبووە ئەمساڵی باشتر دەبێت یاخود ساڵێکی تر،





لێرەوە دۆزینەوەو داهێنانی رۆژژمێر بووە بەلاَی گیانی ئینسان، ئەمەش دەردێکی کوشندەی ئینسانە هەمیشە دەبێتە دیلو یەخسیری هەر ئافەرێنراوێکی خۆی. ئەو ژمارانەی ساڵێك پێکدێنن بەجیاش هەر دەبنەوە ئەو بابەتەی فشارێکی زۆر لەسەر ئینسان دروستدەکەن، چونکە هەموو ژیانی ئینسان ژمارەکان داگیریانکردووەو هەر ئەوانیش دیاریدەکەن، ئینسان ژیانی بەساڵ واتا ژمارەی رۆژەکان دیاری دەکرێتو بەژمارە نان دەخواتو بەژمارە چارەسەری دکتۆر وەردەگرێتو هەر بەژمارەش مووچە وەردەگرێتو دیسانەوەش بەژمارە مووچەکەشی خەرج دەکاتو بەکورتی یەك تۆز خۆت ماندوو کەی هەموو هەڵسوکەوتو ژیانی ئینسان دەچێتەوە سەر ژمارە.

کەدەگەیتە کۆتایی ساڵو ئاوڕێکی سایکۆلۆژی دەدەیتەوە هەستدەکەیت وەك پولی دۆمینە هەر سێسەدو شەستو پێنج رۆژەکە بەسەرتا دەڕوخێن، ئینسان بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێ رەگەزێکی ماسۆشییەتی تێدایە، ئەی ئەوە ماسۆشییەت نییە حەز بەئازار چەشتن بکەیتو ئاهەنگیشی بۆ بگێڕی.؟ ئاخر خۆ ئەگەر ژیانی ئینسان لەماوەی ئەو ساڵەشدا خۆشبوبێ چۆن بۆ

تێپەڕبوونی یەك ساڵ لەتەمەنی ئاهەنگ دەگێڕێ.؟ پرسیارێکی ڕاچڵەکێنەر لێرەدا قوتدەبێتەوە تۆبڵێی ئەو ئاهەنگەی ئینسانی ئێمە بەلاساییکردنەوەی ئینسانی خۆرئاوایی دەیگێڕێ بۆ ڕۆیشتنی ساڵێك بێت لەتەمەن یاخود بۆ هاتنی ساڵێکی تر بێت لەتەمەن.؟ تائێستاش خەڵك ئەو پرسیارەی لەحۆی نەکردووە ئەرێ بەڕاست ئەم ئاهەنگەی من دەیگێڕم بۆ پارساڵ بوو یاخود بۆ ئەمساڵ.؟ بەڵام من هەمیشە تۆم لەساڵان خۆشتر دەوێ.

*لەدواستوونی کوردستانی نوێ ژمارە(3863)لەرۆژی 2006/1/3بڵاوبۆتەوە.





# هفتن

براەدرێکم دارتاشە کەچی پێناسی تەندروستییان بۆ دروستکردووەو هەموو مانگێك هەندێك دەرمانی جرجی ئەدەنێ، وادەزانن دوکانەکەی لەژێرابی سندوقیدایە، کەچی لەبری ئەوەی بەو دەرمانە جرجەکان بتۆپن قەڵەوو زیتەڵەدەبن. ئەم پێناسی تەندروستییە وەك ڤایرۆسی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت وایەو ئێستا بۆ ئارایشتگاکانی ژنان و پیاوانیشی دەکەن و بەهەمان شێوە هەموو مانگێك لەگەڵ هەندێك قسەی بەرزوونزمدا بڕێ پارەشیان وەك سەرانە لێوەردەگرن. پیاوێك دەناسم بەناو چیرۆکنووسە کەچی دوو پێناسی سەندیکای رۆژنامەنووسانی هالەگیرفاندا یەکیان ئەوەیە بۆناو کوردستان خۆتی پێوە بادەدەیتو ئەویتریشیان ئەوروپییەکەیەو پێشانی

خەڵکی دەدەیت تابزانن تۆ چ موسیبەتێکی، یەکێکی تر دەزانم لەبەر ئەوەی پاو پووزی بەکەڵك دێت هێشتا یەك دێڕی موفیدی لەڕۆژنامەکاندا بڵاونەکردۆتەوە کەچی یەك پارچە زەوی دوو سەد مەترییان لەشوێنێکی مومتازدا پێداوە بەخاتری ئەوەی شتی جوان بنوسێت.

هەندێك لەچێشتخانەکان فێربوون ئاوی کانزایی بۆ خەڵك دادەنێن و بۆ برنج و شلەیەکی سادەو ساکار دوو هەزار دینار لەخەڵکی برسی وەردەگرتن، رۆژێك لەچێشتخانەیەك بووم دوو کرێکاری عەرەبی زۆر برسی هاتن دانیشتن و پێم وابوو کرێکاری خەڵاتە بوون، یەکسەر بانگی کابرای سفرە چییانکردو وتیان خواردنمان بدەنێ کابرا وتی سادە یان بەگۆشتەوە ئەوان وتیان بایی هەزار دینارمان بدەنێ کەچی کاکی سفرەچی وتی نییەو هەر بەدوو هەزارە گەر بێ ئاو دەیخۆن ئەوا بەهەزارو پێنج سەد دینارە، کرێکارەکان رازیبوون، ئەوەندەیان برسی بوو دوونانیان خوارد بەو تۆزە نرنج و فاسۆلییاوەو یەك دڵۆپ ئاویان نەکرد بەسەریدا، ئەو شاگردانە ئەوەندە بێویژدان بوون نەیانکرد سەرو پەرداخێك ئاویان بدەنێ، وەختبوو ملیان بەنزگەرەوە لێبێتەوە بەپەلە





نانەکەیان خواردوو چوون لەبەردەم چایچییەکە دەمیان نا بەبەلوعەی ئاوەکەوە.

یاخود پەرداخی شووشەو ستیل بۆ مشتەری دانانێن و نایلۆنێکیان داناوەو پێموایە دوای ئاوخواردنەوەی مشتەرییەکانیش دیسان چەند جارێك دەیشۆنەوەو بەکاری دێنن. ئەمانە هیچی لەخزمەتی تەندروستی خەڵکدا نییەو هۆکارێکن بۆ بەرزکردنەوەی نرخی خواردن و گرانترکردنی لەسەر خەڵك، چونکە خەڵك لەماڵیشەوە هەر بەپەرداخی ستیل و شووشەو باغە ئاوی بەلوعە دەخوات و هیچیشی لێنایات.

ئەزانن بۆچی؟ چونکە خەڵکی ئێمە بەرگری پەیدا کردووە بەرگەری پیس و پۆخڵی و بێ ئاوی و بێ کارەبایی و بێ سووتەمەنیی و گرانی و زۆر شتیتریش دەگرێت و هەر دەنگیش دەدات بەلیستی حەفت سەدوسی و چاوەڕێشناکات بەرپرسەکانی کورد بەخۆیاندابچەنەوە چونکە خەڵکی ئێمە ولاتی لەبەرپرسەکان زیاتر خۆشدەوێت و بۆی بەپەرۆشە.

*لەژمارە(107)ی رۆژنامەی پارێزگاران مانگی دوازدەی 2005بڵاوبۆتەوە.

# ئەمساڵیش خۆزگەت بەساڵێکی تر

مـن کەسـێکی رەشـبین نـیم بـەڵام دڵنـیام سـاڵی دوو هـەزاروو شـەش سـاڵێکی بـاش نابێـت بـۆ عێـراق بەگـشتی و کوردسـتان بەتایبـەتی چـونکە ئـەوە ئـەزموونی رۆژگـار فێـری کـردووین کـە هـەر گێـز سـاڵێك ئـەم وڵاتـە لەسـاڵی پێـشووتری خۆشـترنەبووە، لێـرە چـەندە حکومـەت بڕوخـێ و چـەندە حکومـەت دروسـتبێ و چـەندە سـەرۆك دادگـایی بکرێـت و چـەند سـەرۆك مـاڵی گـەل بەتاڵانبـەرێت هـیچ لەمەسـەلەکان بـەرەو باشـی ناگۆڕێـت و دنیـا خراپتر دەبێت. ئەوەی لای خـودا بەتاڵـە لای ئێمـە خەیاڵـە، بـەڵام ئەوەشـی لای ئێمـە خـەوەو هەمیشە لـەکاتی نوسـتندا دەیبیـنین،





لای ئـەوروپاو خۆرئـاوا خەیاڵـەو لەمێـژەوە ئـەوان ئـەو گرفتـە سەرەتاییانەی هاوشێوەی گرفتەکانی ئێمەیان تێپەڕاندووە.

ئاخر گەر حکومەت، حکومـەت بێـت و سەرکردە سەرکردە بێـت چۆن دەبێـت لـەم دنیایەی ئەمڕۆدا خـەڵك شـوێنی ژیـانی نـەبێت تیایـدا بـسرەوێت؟ ئـاخر رەوایـە لەوڵاتێکـدا کەلەسـەر دەریـای نـەوت دەخـەوێت نـەوتی لـێ قـاتی بێـت.؟ جـاران گـەنجی ئێمـە بەرەگەزی مێوە خـەوی دەبینـی و شـەیتانی دەبوو، کەچـی ئێـستا گـەنجی ئێمـە بەرلـەوەی بەجنـسەوە شـەیتانی ببێـت، بـەخانوو شـوێنی خەوتنـەوە شـەیتانی دەبێـت.؟ لەسـایەی سـەری هـەموو حـــزب و حکومەتـــە مەرکـــەزی و لامەرکەزییـــەکانی عێـــراق و کوردستانەوە پێناچێت سـاڵی نوێش سـاڵێك بێـت لانیکـەم نیـوە لـەخێرو خۆشـی، جابۆ ئەسڵەن خێـرو خۆشـی و ئیسراحەت لـەم وڵاتەدا بۆ شیفاش چنگ دەکەوێت.؟ سـاڵی پـارو سـاڵی پێـراروو سـاڵەکانی زووتـریش لەئێـستا زۆر باشـتر بـوون، بۆیـە ئینـسان تۆزێـك شـعورو عـەقڵ لـەتۆپی سـەریدا بێـت دەزانـێ کەئـەو هـەویرەی لەعێراقـداو حزبـەکان بەحکومـەت و ئۆپۆزیـسیۆنەوە شـیلاوییانە ئـاوی زۆردەوێـت و مەحاڵـە بکرێتـە نـان، چـونکە بـەپێی تیـۆری (ئەنـشتاین) ئـەو ئەزمەیـەی هەنـدێك عـەقڵ

دروستیدەكەن هەر بەزمەیی دەمێنێتەوە تائەو كاتەی ئەو عەقلانەی ئەزمەكەیان دروستكردووە لادەچن‌و هەندێك ئەقڵی تر ئەزمەكە چاكدەكەن.

شەڕی گەرم‌و ساردی یەكێتی‌و پارت‌و هەردوو حكومەتەكەی ئێستاشیان هەندێك عەقڵ دروستیان كردووە كەهێشتا بواریان چۆڵنەكردووەو نایانەوێ خەڵكیتر چارەسەریكات، بۆیە ئەو وەختەی دەڵێن گەیشتینە رێككەوتن بزانن كەهەرگیز رێكناكەون چونكە عەقڵی خەڵكی ئەزمە خواز هەر ئەزمەی لێدەكەوێتەوەو چاوەڕوانی خێرو خۆشی لێناكرێت‌و بەو بروسكانەش تێمەكەون كەسالانە بۆ خەڵكی دەنێرن‌و دەڵێن داواكارین لەخودای گەورە ئەمساڵتان پڕ خێرو خۆشی بێت، كام خێرو خۆشی ئەوەی كەئێوە ناهێڵن ساڵەكانمان پڕبێت لەخێر، خێرو خۆشی ئێمە بەدەست ئێوەو لەئەستۆی ئێوەدایە ئیتر بۆچی داوا لەخودایەك دەكەن بۆمان پڕكات كەئێوەی كردۆتە بار بەسەر ئێمەوە. ئێوە ئارەزووتان لێبێت نەك هەر ئەمساڵ بەڵكو هەموو تەمەنمان بۆ پڕدەكەن لەبەختەوەری نەك هەر خێرو خۆشی. بەڵام ئێمە گەمژە نین‌و تێدەگەین كەنانی ئێوە لەسەرگەردان‌و بێحاڵی ئێمەدایەو





ناشكرێ بۆ خاتری ئێمە ئێوە خۆشگوزەرانی خۆتان تێكبدەن، جا چۆن خودا شتی وای قبووڵە چەند ساڵە تێكۆشەرن ئەمڕۆ وەك ئێمەی كۆنە جاش بژین.!

*لەژمارە(139)ی رۆژنامەی رۆژی گەل لەرۆژی یەك شەممە 2006/1/8بلاوبۆتەوە.

بچووکبوونەوەی ئینسان

# وڵاتی بان ئەفسانەکەی جواڵ

ئـەم وڵاتـەی ئێمـە وەك تەنەکـەی خـۆڵی لێهـاتووە هەرچـی کەرەسـەو پێداویـستی ژیـانی ڕۆژانەکـەی خەڵکـە لەسـنورەکانی ئێران و تورکیاوە دێنە ئێرەو پیاوم دەوێت بزانیٚ ئەو کاڵایانە دروسـتکراوی چ وڵاتـێن یـاخود وەکـو دەڵـێن مێـدئین کوێیـە؟ ماسی قوتوو دەکڕی تابەرەبەیان بۆنە ناخۆشەکەی لەمەعیدەتا هـەردەمێنیٚ و دەبێـت رووبکەیتـە خـودای دلۆڤـان کەبـەو بۆگەنـە پیـسە نـەمری. سـاڵانی زوو تـەنیا سەرچـاوەی هێنـانی (سـێو) وڵاتـی ئێـران بـوو وەك وتویانـە سـنگۆڵەت بـاخی ورمـیٚ کەچـی ئێستا سێو لەچین و ماچین و لەمیسرو لەلوبنان و لەزۆر گۆشەو کەلەبـەری دنیـاوە دەگاتـە ئێـرەو کەسـیش نـازانیٚ تـامی چـیدەدات. جـۆرە پرتـەقاڵێك هەیـە پێیـدەڵێن میـسری کەچـی



جەبار سابیر

لەرۆژنامەیەکی عەرەبیدا خوێندمەوە دەڵـیٚ ئەو پرتەقاڵـە زیانی زۆرە بۆ مرۆڤ بەڵام گرنگترینیان ئەوەیە کەمرۆڤ توشی نەزۆکی دەکـات بەتایبـەت پیـاوان وەڵابابـە هـەر ئەمـەمان مـابوو جـاران عـەرەب بەزینـدوویی دەیـان خـستینە چـاڵەوە ئێـستا هـەر لێناگـەڕێن پیـاو وەجـاخی خۆیـشی ببینێـت و دەیانـەویٚ هەمووومان وەجاخ کوێرکەن.

فانیلـەی عەللاگـە لەبـەر دەکـەی هـەر دوای جارێـك شتن وەك جـەواڵی لێـدێت و دەبێتـە ژێرکراسـی ژنـان دوور لـەڕووی جەنابتان، (چـرا)دەکڕی بۆ دژایـەتی حکومـەت کەچـی ئـەویش لەگـەڵ حکومەتـدا شـەریکەو نـاهێڵیٚ بەکـەماڵی پـشووەوە دانیشی و یان بۆن غاز دەتکوژیٚ یاخود رەشی دووکەڵ چاوت کحـوێر دەکـات. ئـیتر بەکوردییەکـەی نەفانیلـە عەلاگەکـە بەکەڵکدێت نەفانۆسەکە. برادەرێك دەیوت ماوەیەك ناسیاوێکی ئێمـە لەوبـەر چـەمی چـۆمانەوە کارگەیـەکی دەسـتکردی دڵۆپانـدنی ئـاوی دانـابوو هـەر لـەو ئـاوی چـەمەی چـۆمان بەدەولکـە دەیکـردە بتڵەکـەوەو دواتـر بـەئامێرە دەسـتکردەکە کەپـسی دەکـردەوە. ئـەم وڵاتـە پڕبـووە لـەجۆرو شـێوەی ئـاوی

کانزاییی و کەسیش نازانیٚ ئەوەی دەیخوا ئاوە یان چڵکاوە هەر هێندەهەیە روونە.

جاران لەهەر شتێك یەك جۆر هەبوو ئێستا لەسایەی سەری حکومەتی کوردیو جەعفەری هەر شتێك دەیان جۆری هەیەو وایلێهاتووە بنیادەم نازنیٚ کامەیان بکڕیٚو هەرچی دەکڕی هەر عادییەو ئەسڵەکەی وەك تراویلکەی لێهاتووەو کارگەیشتۆتە شوێنێك کەئینسانیش ئێنسانە باشەکەی جاران نەماوەوەو وەك حاجی قادری کۆیی دەفەرمویٚ (چوومە مەیدانی خودا یەك کەسی ساغم نەدی دوور لەمەردانی خوودا غەیری قوڕمساغم نەدی) جاران خەڵك بەشەرمەوە پارەی لەکریٚ چییەکەی وەردەگرت ئێستا لەبیستو حەوتی مانگدا جوابت لۆ دەنێریٚ چوون دەزانیٚ دوورنییە لەبیستو حەفتی مانگدا تۆ لەخەفەتی سیٚ وەرقەی کرێکە گیانت دەرچیٚو بچییە گۆڕی ئەژدادتەوە. جگەلەوەش ئێستا زۆر کەس ئەسڵەن پێی شەرمە خانوو بداتەی ماڵو یەکسەر لێی دەنوسیٚ ئەم خانووە بۆکریٚ تەنیا بۆ مونەزەمەو کۆمپیانیا، چوون دەزانیٚ ئەوان دەتوانن تاپەنجا وەرقەش بدەنە کریٚ لەکوێیش دەیهێنن ئەوەیان دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامت بداتەوە.





باشە ئەمە وڵاتە یان کەلاوە هەرچی خراپە بۆئێرەی دەنێرنو تەنانەت عەلاگەی میوە هەڵگرتنیش بەنیوکیلۆ لیمۆ ئەدڕیٚ، هەر کەلاوە شایانی ئەوەیە هەرچی شتی پیسو پۆخڵو بیکەڵکە تێیکەیتو کەسیش قسەت پێنەڵیٚ، بەڵام ئێستا وانەماوەو خەڵك قبوڵی نییە لەتەنیشت ماڵەکەیە خۆڵو خاشاكو پیسایی فڕێبدرێت بۆیە لەدیوارکەی دەنوسیٚ خۆڵ ڕشتن لێرەدا پیشەی کەرە. باشە بۆ یەکێك بەخەتێکی جوان لەسەر سنوورەکانی ئەم وڵاتە نانوسێت هێنانی شتی کۆنو بێکەڵك بۆ ئەم وڵاتە کەپاشماوەی خۆتانە پیشەی داگیرکەرانو نۆکەرانیانەو چیتر قبوڵی ناکەین بەرماوەو پاش ئاخوڕی خۆتان بۆ ئێرە بنێرن.

*لەژمارە(108)ی رۆژنامەی پارێزگاران لەرۆژی هەینی 2006/1/6 بڵاوبۆتەوە.

# ئاستی چوارلەمەی هەزاران دەمەنگری

ماوەیەك پێش ئێستا برادەرێكم سەردانی ولاتی (چین)ی كردو لەوێ هەندێك ئۆردوگای نیشتەجێبوونیان پیشاندابوو برادەرەكەم وتبووی ئەمە بۆ كێیەو چۆن دابەشدەكرێت؟ چونكە گرفتی سەرەكی لەولاتی ئێمەدا مەسەلەی دابەشكردنی شوقەو زەوییە كەهەر بەر كۆمەڵێك خەڵكی دەوڵەمەندو مفتەخۆر دەكەوێت و خەڵكە هەژارو مستەحەقەكەش دەبێت گۆڕەكەیشی بەپارە بكڕێت. كابرای چینی وتبووی وەڵا ئەمە دابەشناكرێت، بەڵكو ئەمە زیادەیەو لەهەر شارێك وەك ئەمەی دەیبینی (چواردە) باڵەخانەی (چل) نهۆمی لەسەر شێوازی (پاك سیتی)یەكەی ئێوە كەهی حكومەتەو خەڵك بەكەر دەزانن و دەڵێن هی (زەكەرییایە) دروستدەكرێت، تادوو ساڵیتر دابەشناكرێت چونكە ئێستا ئێمە گرفتی دانیشتنمان نییەو تا ئەو دوو ساڵەش رێژەی دانیشتوانی شارەكان زیاد دەكات و





ئەوكات ئێمە ئەیدەین بەو كەسانەی كەهەر بەڕاستی شوێنیان نییە لێی بسرەوێن.

كرێی مانگێكی خانو بۆچی بووە بەسێ تا چوار وەرقەی سەد دۆلاری.؟ بۆچی هەر زەوی دابەشدەكرێت و گرفتی نیشتەجێبوون چارەسەر ناكرێت.؟ بۆچی دەبێ لەولاتی ئێمەدا ئەوەی بەهەژاری لەدایك بوو هەر بەهەژاریش بمرێت ئیلا ئەو كەسە نەبێت كەهەندێك خەباتی شاخ و شاری پێكەوە دوریوەو ئێستاش دەیەوێ پارەی ئەم خەڵكە وەك قەرسیلی بەهار بدورێتەوە.! هەموو تاوانەكە لەئەستۆی دەسەلاتی كوردییە، چونكە ئەو دەسەلاتە زۆرترین بارەگای لەناو گەڕەك و ماڵەكاندا هەیەو هەموویشی بەكرێی زۆر خەیاڵی گرتووە، هەموو ئەو حزبانەی لەم ولاتەدا بوونەتە مشەخۆر بەسەر خەڵكی كوردەوە یەكی لانیكەم پێنج بارەگایان لەهەر شارێكدا هەیەو هەر پێنجیشیان بەكرێی گران لەخەڵك گرتووە، لەهەر شارێكدا زیاتر لەدوو هەزار كۆمپانیای بازرگانی هەیە كە شەقامێكت بەدووساڵ بۆ قیرتاو ناكەن و یەكی دوو خانوشیان بەزیاتر لەدە وەرقە بەكرێ گرتووە.

بەپێی بنەماکانی ئابووری کلاسیك دەبێ کۆمەڵگە پێنج رەگەزی پێکەوە گرێدراوی هەبێت تابتوانێ لەسەر پێی خۆی بوەستێو توشی گرفتی گەورەی وەك ئەم گرفتانەی ئەمڕۆی ئێمەی نەبێت ئەویش (زەوی، دەستی کار، سەرمایە، ئیدارە) لێرە زەوی زۆرەو زۆریشی بۆشاییەو دەکرێتە گەنمو جۆو یەك دیناریش بۆ کابرای جوتیار ناکات، لێرە یەك دنیا بەتاڵەو دەستی کارهەیەو حکومەت ناتوانێ بیانخاتە پڕۆژەی گەورە گەورەوە، لێرە سەرمایەیەکی زۆر هەیەو تەنیا بەرپرسەکانو دەستو پێوەندەکانیان لەبەرەکەی دەخۆن. لێرە ئیدارە بێ سەرەو بەرەو وڵات بۆتە ئاشی خواو نەزان دەیگێڕێ، بەڵێ ئەوەی سەری لەخەڵك تێکداوەو ماکی گەورەی کێسشەکانە ئیدارەو، ئیدارەی کوردی تائێستاش نازانێ چیدەکاتو چۆن وڵات دەبات بەڕێوە، چونکە گەربیزانیایەو هەندێك سەری لەئابووری دەرکردایە ئاوامان بەسەر نەدەهاتو ئەو ئیدارەیەش ئاوها نەدەبووە جێگەی رقو بێزاری خەڵكو کەمێك خۆشەویست دەبوو لەناو خەڵکی کورددا. ئیدارەی کوردی نەدەزانێ سوود لەو زەوییە زۆرەی کوردستان وەرگرێت، نەدەتوانێ ئەو هەموو دەستی کارە بخاتە بواری کارکردنەوە،





نەدەشتوانێ ئیدارەیەکی باشی وڵات بکات بۆیە دەبێ بڵێین عاقیبەتی خێربێت.

*لەژمارە()ی رۆژنامەی رۆژین لەڕۆژی یەك شەممە2006/1/15بڵاوبۆتەوە.

# موعجیزە یان مۆزعیجە؟!

ئەم نوسینە نایەوێ باسی ئەو شلەیە بکات کەشوشەی پەنجەرەی پێدەسڕین، باسی ئەو شتە سەریرانەش ناکات کەگوایا پێغەمبەرو ئەولیاکان بینیویانەو ناویاننـاوە پەرجوو(موعجیزە) ئەم نوسینە دەیەوێ لەو پەرجووە بدوێت کەلەم وڵاتەدا ڕوودەدات، ئەم پەرجووە مانای ئەو پیاوەی لەسەرەتای دروستبوونی حزبەکەیەوە وەك سکرتێر یاخود سەرۆك هەڵبژێردرا ئیتر دەبێتە ڕەگی گولی و تارۆژی قیامەت هەردەبێت ئەو سەرۆك بێت. گەر هاتوو بەدەردی خودایی یان جەڵتە حەیاتەکەش لێیدا ئەوساش موعجیزەی تر ڕوودەدات، ئەو موعجیزەیەش دانانی کوڕەکەیەتی لەشوێنی خۆی، ئیتر





هەر بە(موزعیجەش) ببورن موعجیزەش ئەو ئەندام سەرکردایەتی و بن کردایەتییەش کەپێشتر بۆ باوکی نەعلەتی ئەو مل کەچبوون دیسان بۆ فەرمایشتەکانی ئەمیش هەر مل کەچدەبن. ئەوەی کەمەسئول بوو ئیتر دەبێ هەتاهەتایە هەر مەسئول بێت و بەری ڕەنج و خەباتی خۆی بڕنێتەوەو دوای خۆیشی دیسانەوە کوڕی کوڕەکەیشی هەر بەمەسئولی دێتە دنیاوەو بڕۆ بەخێرهاتی، ئەوەی وەك کەسێکی هەژارو نەدار هاتە دنیاوە تارۆژی حەشر هەر وادەبێت و هەر هەوڵێك بۆ تێپەڕاندنی ئەو دۆخە زیاتر بەقوڕیدا دەیبات.

بەڵام لێرەدا پەرجووەکە گۆڕانی بەسەردا دێت ئەویش لەحاڵێکدا گەربێت و هەندێك پێشمەرگایەتی یاخود چەکت بەهەر جۆرێك کردبێتە شانو، یەکێك لەبەرپرسەکان دۆستت بێت ئەوسا لەباشترین شوێنی شاردا ڕووبەرێکی فراوانی زەویت دەدەنێ و تۆش دەیدەیتە پیاوێکی دەوڵەمەندو بەشەریکی دەیکاتە بەرزترین باڵەخانەو ئەوساش دیسان ئەوەی زەوییەکەی بۆدابین کردووی حکومەت هان دەدات ژێر زەمینەکەیت بەکرێ لێوەرگرێت بەنیو دەفتەر دۆلار. ئەم وڵاتە پەرجووی سەریر سەیری تێدا ڕوودەدات بتلێك غاز بەپێنج

دینـار بـوو کەچـی لـەزەرفی شـەوو ڕۆژێکـدا گەیاندیانـە سـەدو پەنجا دینار، یاخود نەوت بەڕووی دنیادا لرفەی دێـتو ڕۆژانە بەمەلایین بەرمیل بەرەو وڵاتانی جیهان دەڕواتو کەچی خەڵکی ئـەم وڵاتـەش لەسـەرما هەڵدەلـەرزیٚو توشـی هـەزار میکـرۆبو پـەتای سـەیر بـووە، تومـەس حکومـەت دەیـەوێت چـەند کەسێك دەوڵەمەندکات بۆیە لێناگەڕیٚ نەوتو عاز بگاتە دەستی هەموو کەسێك.

موعجیزەیـەکی تـری ئـەم وڵاتـە لەوەدایـە کـادری تـەکنیکیو ئیـداری زۆر کەمـەو دەبێـت ئاگامـان لێیـان بێـتو دەسـتیان پێوەبگرین ئەگەرنا لەکیسمان دەچنو ئیتر وڵات لەدووری ئەوان دەبێتـە کـەلاوە، لەفەرمانگەیەکـدا یـەك مـانگ چـاوەڕێدەکەیت کـاکی بەڕێوەبـەر یـاخود راوێژکارەکـەی ببـینیو ئـەوەی تێگەیـەنی کەبۆچـی ریـٚت کەتۆتـە ئەو شوێنەو چیت پێویستە، کەچی ئەو دوو زاتە گەورەیەت لێدەبێتە خوداو پێغەمبەرو هەر چـەند دەکـەیت نـاتوانی بیـان بـینی، کـاکی پرسـگەش زۆر بـەهێمنی پێـت دەڵێـت لەگـەڵ سـەرۆکی حکومەتـدا کۆبونـەوەی هەیـە، ئێباشـە کەئەوەنـدە سـەرقاڵە لەگـەڵ سـەرۆکی حکومەتـدا ئیتر بۆچی هەر لەئەنجومەنی وەزیران دانانیشیٚو کەسێکی لەو





دەسـت بـەتاڵتر دانـێن بـۆ راییکردنـی کارەکـانی خـەڵك. بـەڵام رەنگـە مـن بەهەڵـەدا چووبمو غـەدر لەحکومـەت بکـەم کـیٚ دەڵـیٚ حکومـەتی فەقیر کـادری دەسـت دەکـەوێت، کێـدەڵیٚ پیـاوی ئاوا زیرەكو بەتوانامان دەست دەکەوێت.

بـاتۆزیٚ زەمـی خۆشمـان بکـەین، هەنـدێك کـەس خۆیـان بەرۆژنامـە نـوس دەزانـنو ئەوەنـدە بابـەت بـۆ ڕۆژنامەکـەن دەنێـرنو بڵاڤنابێتـەوە لـەداخا خۆیـان دەبنـە سەرنوسـەری ڕۆژنامـەو دەچێتە لای بەرپرسێكو بڕیٚ پارە وەردەگریٚو ئیتر بەباشو خراپ بابەت بڵاڤدەکاتەوە، ڕۆژانە ناوی سەرنوسەری وادەبیستی تەنەکە خۆڵی ڕۆژنامە باشەکان پڕە لەبابەتی ئەوو بەسەر خۆیشی ناهێنێت. جاتوخوا ئەمانە موعجیزەنین.

*لەژمارە(25)ی ڕۆژنامەی ڕۆژین لەڕۆژی یەك شەممە2006/1/29بڵاوبۆتەوە

# دیسانەوە ئەزمەکەیە

ئەوەندەی مەسئولی بێکارو پارە خۆرمان هەیە ئەوەندە بتڵە غازو بەرمیلە نەوتمان هەبوایە ئێستا ئەو ئەزمەیە دروست نەدەبوو کە خەڵکی بەفەلاکەت بردووە لەم زستانە تەڕوو تووشەدا، لەساڵی پارەوە نەوتو غازوو بەنزین لەتورکیا وەردەگرن‌و پارەکەی دەخەنە گیرفانی خۆیانەوەو دەڵێن تیرۆرستان ئەزمە دروستدەکەن‌و سەدامی دیکتاتۆر بوونییەی تەحتی ئەم ولاتەی داڕووخاندووە، ئەمریکا سواڵی دنیای کرد تا لەقەرزەکانی سەر عێراق خۆشبن کەچی ئێستا ئۆپۆزسیۆنەکانی دوێنێ‌و دەسەلاتدارانی ئەمڕۆ کارێکیانکردووە دەیان ملیار دۆلاری تریان خستە سەر ئەو قەرزە کەڵەکەبووانەی سەدام تووشی عێراقی کردبوو. ئەوەندەی سەدام زەرەروو زیانی لەعێراقداوە ئەمانەی ئەمڕۆش لەوەزیاتریان زەرەر داوە، گەروانییە بۆچی نەوت بەئارەزووی خۆی لەئوم قەسرەوە دەڕوات‌و کەچی بۆ ناوعێراقیش وەکو





مەڵهەمی چاوی لێهاتووەو دەست ناکەوێت. تورکیا بۆخۆی سواڵی هەموو بازاڕی ئەورووپی‌و ئەمریکاش دەکات تا پارەووە نانێکی چنگ کەوێت کەچی ئێستا عێراقی نوێ لەسایەی مەسئولی دزو سەرکردەی قاچاخچیدا قەرزاری تورکیایە.

ولاتێک لەسەر نەوت‌و بەنزین دەخەوێ‌و کەچی خۆی رەق بۆتەوە لەسەرما، ئەمە بەخاتری ئەوەی جەنگاوەرەکانی دوێنێی دژی دیکتاتۆرییەت تۆڵەی ئەو ساڵانەی خەبات‌و سەرگەردانیان لەخەڵک بکەنەوە، ئەوەی رۆژێک بۆ راوە ئاسکیش رویکردبێتە ئەو شاخ‌و داخە ئەمڕۆ بۆی بۆتە نازونیعمەت‌و هەرچی دڵی بیخوازێ هەیەتی، بەرپرسێکی گەورەی حزبێک هەیە مانگی شەست وەرەقەی سەد دۆلاری خەرجی چاو جگەرەو مەشروباتە رۆحییەکەیەتی‌و شارەوانی سلێمانیش دەڵێ کارگوزارمان نییە شەقامەکان پاککاتەوە چونکە موچەکەیان کەمەو کێ بەسەد هەزار دینار لەسپێدەوە تائێوارە شەقامی ئەم شارە پاکدەکاتەوە، ئێباشە بۆچی دەتوانن شەست وەرەقە بۆ تورەهاتی یەک مەسئول خەرجکەن؟ بۆچی ناتوانن لەبری سەد هەزار سێسەد هەزار بدەنە کارگوزارێک کەهێندەی سەرکردەیەک ئەم ولاتەی خۆشدەوێت؟

شۆفێری تراکتۆرێك وتی سەد بتڵە غازی پڕم هەبوو دەبوو یەکی بەهەزار دینار بفرۆشم بەڵام خوا بەقوربانی وڵاتی پڕ ئاغاو کوێخامکات نەمفرۆشت و ئێستا هەر بتڵێکی بە بیست و دوو هەزار دەفرۆشم و ئیتر منیش بەدوو تەکانی تری لەو شێوەیە دەبمە پیاوێکی دەوڵەمەندو خەڵکیش سەرمایەتی یان گەڕ دەبێت لەچڵك و پیسیدا بەجەهەنەم. ئەم ئەزمەیە نەخەتای تیرۆرستەکانەو نەخەتای خەڵکی ئاسایی ئەمە دەردێکەو لەمەسئولەکانەوە هاتۆتە خوارەوەو دەبێت هەر ئەوانیش چارەسەری کەن، گەر راستدەکەن و نەوت و غازو بەنزین چنگ ناکەوێت ئەی بۆچی لەبازاڕی رەش و سپیدا بەگران دەست دەکەوێت.

ئەمەیان باوابێت بەڵام ئەی مەسەلەی کارەبا ئاخر مەعقولە شەوو رۆژی دوو کاتژمێرو نیو کارەبات هەبێت و هەفتەی شەوێك ئەو دوو کاتژمێرو نیوەشت تێبڕن؟ باشە حکومەت ناتوانێ بۆ هەر گەڕکێك مۆلیدەیەکی گەورە دانێت و کارمەندێکی بۆ دانێت و لانیکەم لەشەودا کارەبای خەڵك دابین کەن، خۆ میوانێکت دێت نازانی کێیەو روخساری بەتەواوی لەرووناکیدا بەدی ناکەیت، کاتێك دەڕواتەوەو زەنگێکت بۆ





لێدەدات و پێت دەڵێت ئەوە بۆ چی هێندە بێمەیل بوویت بەخێرهاتنێکی گەرمت نەکردم؟ تۆش لەشەرمەزارییدا دەڵێی وەڵا هەر خۆم هەندێك ناساغبووم و ئەم پەتایەم گرتبوو، خۆناکرێ بڵێی وەڵا ببورە لەتاریکییکەدا نەم ناسیتەوەو خۆت دەزانی کارەباش هەر نەهاتەوە.

*لەژمارە(109)ی رۆژنامەی پارێزگاران لەڕۆژی 2006/1/30بڵاوبۆتەوە.

# موقابەلەی مەسئولێکی بەهەیبەت لەودنیا

دەکرێ خۆتمان پێبناسێنی؟ بەڵی... بەڵێ کاتی خۆیشی لەو دنیا زوو زوو دەهاتنە دیدارم، من شۆفلێدزی کوڕی نەوت دزی کوڕی پرۆسەی عێراق دزیم.. هەر لەبەرەبەیانی شەبابیمەوە هەستم کرد شۆڕشی کورد خیانەتکارو دزی زۆرترە لەشۆڕشگێڕو نیشتمانپەروەر بۆیە بوومە جاشو سەرەتا ئاوم بۆ رەبایەکان دەبرد دواتر یەك فەوجم دامەزراندو لەسەردەمی ئەنفالەکاندا چوار شاخی سەختو عاسیم بەقۆنتەراتگرت (وەك چۆن ئێستا قۆنتەرات باشترین کەسابەتە ئەوساش وابوو) ئەو





چوارچیایەم لەپێشمەرگە پاککردەوەو هەرچی هاوڵاتی ئەوناوەبوو وەك مێگەلەمەڕ پێشخۆمداو تەسلیمی بەعسمکردوو دواتر زیندەبەچاڵکران، وەك چۆن ئێستاش خەڵك وەك رانە مەڕ مامەڵەی لەگەڵدەکرێت.

لەسەردەمی راپەڕیندا وامزانی لەتوکوتم دەکەن کەچی لەدوو حزبە گەورەکەوە زۆرترین پارەم بۆهاتو هەریەکەیان تەماحی زیاتری دەخستە بەردەمم، لەشەڕی ناوخۆدا شەڕی باشم بۆ هەردوو لایان کرد کامیان بکەوتنایەتە لێژی دژی ئەویان دەجەنگامو کامیان سەرکەوتنایە لەگەڵ ئەو دەبووم، بۆمن فەرقی نەبوو بەعس، یەکێتی، پارتی، گرنگ ئەوەبوو وەك پاشا بژیمو سەروماڵم پارێزراوبێت، بەساڵ لەگەڵ ژنی خۆم نەخەوتووم هەرشەوەی کچێکیان بۆ هێناومو مووچەی چوار پێشمەرگەم بڕیوەو داومەبەو، کەبەغدا تەواوبوو سەدام رایکرد، زیاتر لەسەد مۆنیکاو ئەڤەلۆنم هێناو حەڵو فەسڵمکرد. کارەبای فولم هەبوو، رۆژانە یەك تەنکەر نەوت بۆمن تەرخانکرابوو بەئارەزووی خۆم دەمفرۆشتو مەسئولەکانم داوەت دەکرد، لەگەرمەی گرانیدا من بەفەردە لەلایە سەرکردەکانەوە پارەم بۆدەهات. (٥) خانووی کۆشك ئاسام

هەبوو. کەچی وەك ئاگادارم دوای مردنم شار رەشی پۆشیوەو چەند هەزار لافیتەیەکم بۆ نوسراوەو بەنیازن شەقامێکیشم بەناوەوە بکەن‌و یەك دووهەفتە تەلەفزیۆن‌و رادیۆکانیان بۆمن تەرخانکردبوو.

خوێندەواریم نەبوو رەش‌و سپیم لەیەکتر جیانەدەکردەوە کەچی فلان حزب کورسیی کۆلێژی یاسای بۆ وەرگرتم‌و حزبەکەیتربیش لەداخی ئەوان کورسی کۆلێژی ئەندازەی بۆم وەرگرت‌و بەمجۆرە بوومە خاوەنی بەرزترین دوو بڕوانامەی زانستی کەئەسڵەن نەمدەزانی ناوی خۆیشم بنوسم‌و بخوێنمەوە. منداڵەکانم باشترین بڕوانامەیان پێدەدراو هەرچیم بویستایە دەبوو بیکەم ماوەیەك ببوەمۆدێل‌و ئەوی کوڕی بمردایە دەبووە شەهیدی سەنگەرو دەیانوت لەگەڵ یەك لەشکردا بەرامبەر وەستاوەو دوای شەڕێکی رامبۆ ئاسایی خۆی دوافیشەکی ناوە بەسەری خۆیەوە لێنەگەڕاوە دوژمن بیکوژێت، دەکرایە جیڤاراو تادوو مانگیش دەبوو نۆکەرەکەی بەردەگا بروسکەی ماتەمینی وەرگرێت‌و سکرتێرە چاوڕەشەکەی منیش وەڵامیان بداتەوە، کوڕێکم هەبوو دەیویست سەروەتەکەم زەوت کات‌و شوێنی من داگیرکات





بەرلەوەی بمرم کەچی خوایکرد رۆژێك ئەو وەختەی کچێکی جوان سەردەخاو دەیەوێت بیباتە ئەو کەژوو کێوەو بۆخۆیان ببنە ئادەم‌و حەواو بەڕووتی بیگوزەرێنن تڕومبێلەکەی خۆی بەتڕومبێلێکی تردا دەکێشیٚ‌و هەردووکیان رەوانەی ئەو دنیا دەکرێن، کەچی لەو رۆژە بەدواوە تایەك ساڵی رەبەق بروسکەی ماتەمینیم بۆ دەهات‌و سەرەخۆشیم لێدەکراو شوێنیان بەناوەوەو دەکردو پارەی مۆڵیان بۆ دەهێنام‌و خۆشم گەیشتبوومە ئەو بڕوایەی کەبەڕاستی کوڕەکەی من قارەمان بووەو لەشەڕدا کوژراوە نەك لەگردە مژە، دواتر منیش لەسەر ڕێبازی کوڕەکەم رۆیشتم‌و ئێستاش وەك دەزانی سوێندم بەسەر دەخورێت‌و ئەوەی لێم بەجیماوە بەشی سەد ساڵی عەشرەتێك دەکات.

*لەژمارە(94)ی رۆژنامەی بەرگری لەکانونی دووەمی2006بڵاوبۆتەوە.

# حکومەتی کوردی کەی خزمەتی خەڵک دەکات؟

دەسەڵاتی کوردی تا سەرەتای ساڵی دوو هەزاریش خەڵکی بەیەوک وشە دەخەڵەتاندو دەیوت بۆیە هەر هێندەمان پێدەکرێت چونکە حکومەتەکەمان ساوایەو هێشتا دانی عاقڵی لێنەڕواوە، دەیانوت خۆ ئێمە هاتوینەتە سەر وڵاتێکی وێران و هەزاران گوندی خاپورکراو بۆیە ناتوانین لەوە زیاتر بکەین کە کردوومانە، ئاشکراشە ئەوەی ئەوان کردویانە تەنیا دەوڵەمەندکردنی هەندێك خەڵکی سەر بەخۆیانەو باقی خەڵکەکەش بۆ دۆزەخ. ئەوان بیانویەکی تریشیان هەبوو کە دەیانوت هێشتا ڕژێمی بەعس لەبەرامبەرمان ڕاوەستاوەو دوورنییە کارەساتی هەڵەبجەو ئەنفال رووبدەنەوە. لەمەیاندا ڕاستگۆبوون چونکە ئەوەی ئەوان لەجەولەکانی شەڕی





براکوژیدا بەسەر خەڵکی شارو گوندەکانی کوردستانیاندا هێنا هیچی لەهەڵەبجەو ئەنفال کەمتر نەبوو، چونکە دڵنیام گەر چەکی کیمیاییشیان هەبوایە لەدژی یەکتر بەکاریان دەهێنا، کەمنین ئەو خێزانانەی تائێستاش چاوەڕوانی باوك و براکانیان دەکەن کەلە شەڕەکان ناوخۆدا تیاچوون و نەبەزیندوویی نەبەمردوویی سەرو سۆراخیان نییە.

ڕژێمی بەعسیش روخاو پارەو پولی زۆرتریش دەست دەسەڵاتی کوردی کەوت و مووچەی تەواوی ئەم وڵاتەش لەبەغدادەوە دەگاتە ئێرەو کەچی ئەمان هەر بیانووی خۆیان هەیەو دەڵێن هێشتا شەڕی سیاسی و مەدەنی زۆرمان ماوە خۆمان بەپێوە ڕاگرین و دواتر خزمەتی خەڵکی کوردستان بکەین. من تێناگەم دەسەڵاتی کوردی تاکەی نەوت و بەنزین و غازو زۆر پێداویستی تریش لەخەڵك قاتیدەکات و بەگران پێیدەفرۆشێتەوە.؟ من نازانم دەسەڵاتی کوردی کەی دەتوانێ کارەباو ئاوی بەردەوام بۆ خەڵك دابین کات. من دەمەوێ لەوە تێبگەم دەسەڵاتی کوردی بەتەمای چییەو دەیەوێ ئەم میللەتە توشی چەند موسیبەت و قاتوقڕی تر بکات و چیمان بۆبکات؟ ئێخۆ من هارنەبووم پەلاماری قاچی حکومەت بدەم بەڵام

تێناگەم بۆچی لەزەرقی شەوو رۆژێکدا غازێک لە(دە) دینارەوە بووە بیست و پێنج هەزار دینارو کەسیش نازانێ مەسەلە چییە؟ بۆچی بەرمیلێک نەوت بۆتە هەزار دینارو نەوت فرۆشێکمان نەدی دادگاییکرێت؟ یان ئەو نەوت و سووتەمەنی فرۆشانە هەموو بەرپرسی گەورەن و حکومەت ناتوانێ هیچیان بەرامبەر بکات.!

هاتن بەبیانوی خزمەتکردن بەخەڵک پێشینەی خانووبەرەیان دانا، کەچی لەولاوە تەنێک چیمەنتۆیان لەخەڵک کردە رۆحی بنیادەم و ئەوەی کەئەوانیش لەکارگەکان بەتاپۆی زەوییەکە دەتدەنێ بەیەک ساڵی تەواو ناگاتە دەستت، واتا دەبێ ئیلا تۆ بەگران بیکڕیت ئینجا حکومەت دەتداتێ. واباشترە هەمووی وەرگرنەوەو ئەمجارە هەم پێشینەی خانووبەرەو هەم زەوییەکەش وەرگرنەوەو لەبری ئەو پێشینەی خانوبەرەیەو ئەو زەوییەش کەسێ پارچەتان لێداوەتە خەڵکی خۆتان باشترنییە خۆتان بیکەنە باڵەخانەی بیست نهۆمی و لەبری یەک خێزان ئەوسا سەد خێزان سوودی لێوەردەگرێت، بەڵام ئایا ئەوە لەبەرژەوەندی ئێوەیە؟ ئێوە دەتانەوێ خەڵکی گرفتی ئابووری نەمێنێت و پێویستی بە ئێوە نەبێت هەڵبەت نەخێر. گەر وانییە





ئێوە دەتوانن و کاتیشتان زۆر بەدەستەوە ماوە ئەو جۆرە پلانانە تاقیبکەنەوە.

# ئەرێ حکومەت کەنگێ یەکدەگرێتەوە

لەساڵی نەوەدو هەشتەوە کە بەزۆری ئەمریکا ئەم دوو زلحیزبەی ئێمە لەواشنگتۆن بەڵێنیان بەخەڵکی کورددا ئیتر واز لەشەڕی براکوژیو کورد کوژی بێنن‌و حکومەتێکی یەکگرتوو دروستکەنەوەو بەڕاستی خزمەتی خەڵکی رەنج بەخەساری کورد بکەن، کەچی دەرکەوت ئەوان بەڵێنیان داوە تەنیات بەتفەنگ واتا شەڕی گەرم نەکەن‌و لەسەر شەڕی ساردو فێنك‌و دەمە بۆڵە بەردوامبن. ئەمان لەو کاتەوە دەیان جار بەڵێنیان داو کەچی لەوادەی نزیکەبوونەوەی پرۆسەکەدا بەزمێك دروستدەکەن‌و دیسانەوە بۆ ساڵێکیتر ئەو باسە دەخەنە پەراوێزەوە. دوا بەڵێنی ئەمان کەبەخەڵکی کوردیاندا لەجەژنی قوربانداوبوو کەچی دەرکەوت تەنیا قسەی رووت بوو شاعیری





گەورەمان ئەحمەد موختار جاف لەنۆسەدو بیست‌و پێنجەوە دەڵێ: قسەی رووتیش ناچێتە گیرفانەوە.

بەبڕوای زۆرێك لەو خەڵکەی لەفیکەی ئەم دوو حزبە گەیشتووە یەکنەگرتنەوەیان گەلێك بەسوودترە بۆ خەڵکی کورد وەك لەیەکگرتنەوەیان، چونکە هەروەك جاری پێشوو لەسەر بنەمای نیوە بەنیوە یەکدەگرنەوەو ئیتر ئەوەی کاربەدەستی ئەملایە لەولا دەستی ناڕوات‌و بەپێچەوانەشەوە. ئەوەی سەر بەملابێت لەولا کاری ناڕوات‌و بەبڕوانامەی دکتۆراوە دانامەزرێت‌و بەپێچەوانەشەوە ئەوی سەربەولاش بێت لەملا کاری راست نابێت. سەرباری ئەوەش وایان داناوە هەر وەزیرێك دوو جێگری هەبێت وەڵڵا بابە حاڵمان زۆر جوانە وەزیر جێگرێکی هەیە مانگانە بەدەفتەر دۆلار دیارنامێنێ جا دووانی هەبێت بەکتێب دۆلار دیارنامێنێ. ئەوەی خەڵکی کورد دەیەوێ بیزانێ ئەوەیە کەئایا ئەم دوو حزبە بەڕاستی ئیرادەی خۆیان یەکگرتنەوەی ناوێت یان دەستێکی دەرەکی لەپشت مەسەلەکانەوە هەیە؟ خەڵك چی لەو هەڵوێستە شۆڕشگێڕانەیەی ئێوە بکات لەبەغداد دەینوێنن، خەڵك

دەیەوێ لەناوەوە خزمەتی بکەن و بتڵە غازو بەرمیلە نەوتی لێ قاتینەکەن.

ئیتر ئەوەی خەڵک دەیەوێ تەنیا کوردایەتی و دروشم بازی نییە وەک لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا خەڵکتان پێ فریودا، خەڵک ژیانی دەوێت ژیانیش ئەوەنییە کەبێژەرە کانی ئێوە لەهەڵمەتی هەڵبژاردندا جەماوەری سادەو سڤیلیان پێدە خەڵەتاند، رەنگە بۆ ئەم جارەش خەڵکتان فریودابێت و ئێستاش دوور لەرووتان جرتێکی درێژی بۆ لێبدەن، بەڵام دڵنیابن تاسەر ناتوانن لەرێگەی بیژەرێکی ماستاوچییەوە کڵاوی فلیپینی لەسەری خەڵککەن و رۆژێک دێت حسابتان لەگەڵ یەکلاییدەکەنەوە. بەڵام تکایە بانەگاتە ئەو رۆژەو خۆتان راستکەنەوە بەیەکگرتنەوەیە بەهەر چییەکە خزمەتی خەڵک بکەن و سوتەمەنی و ئاوو کارەباو تەندروستی و زۆر پێداویستی تری بۆ دابینکەن. ئاگاتان لەوەش بێت سەر باری ئەو هەموو نەگبەتی و قاتوقڕی و گرانییەش هەڵامەتی باڵندەش گەیشتە ئێرە ئیتر خەڵک لێتان خۆشنابێت.

*لەژمارە(141)ی رۆژی گەل لەرۆژی یەک شەممە 2006/1/5بڵاوبۆتەوە.





# هەڵمەتی باڵندەو شتی تر

هەر ماوەیەو خەڵک بەشتێکەوە سەرقاڵ دەکەن و وایلێدەکەن هەرچی خەموو خەفەتەکانی ترییەتی بیری چێتەوە، پار ئەم حەلە زراوی ئەم خەڵکەیان بەوە تۆقان کەوتیان نەخۆشی (سارس) بڵاوبۆتەوەو هاکا گەیشتە ئەم وڵاتە وێرانەی خۆشمان، خەڵک هەمووی چاوەڕێی سارسی کردوو کەچی سارسیش ئەسڵەن بێزی نەهات بێت بەوڵاتێکدا کەپڕبێت لەخەڵکی ویژدان تۆپیوو بەرپرسی نابەرپرس، چوون ئەو دەیزانی بوونی ئەو هەموو بەرپرسە لەم وڵاتەدا لەبڵاوبونەوەی سارس و (جەمرە لخەبیسە) گەلێ کاریگەرترە بۆ کوشتنی خەڵک.

ئەمساڵیش لەهەمان وەختەکەی ساڵی پاردا دەنگۆیان بڵاوکردەوە کەهاکا لە(ئامەدو وان)ەوە نەخۆشی (هەڵامەتی باڵندە) گەیشتە کوردستانە شیرینەکەی خۆمان، دواتریش لە(سەرکەپکان) کچێکی چواردە ساڵانە مردو وتیان رەنگە هەڵامەتەکەبێت، کەچی بۆیان دەرنەکەت، زرم کارەبا بڕاو پاتری کۆمپیوتەرەکەشم بەرگەی تەواوکردنی ئەم باسە توبییە ناگرێت، بەڵام توخوا بڵاوبوونەوەی سارس‌و هەڵامەتی پەلەوەر لەگەڵ ئەم زوڵمەدا جیاوازی چییە کەئیدارەکانی کورد لەخەڵکی دەکەن. خەڵکێك مانگی دوو وەرەقە بداتە خاوەن خانوویەکی بێویژدان‌و ئاوو کارەبایشی نەبێت، وەکو ئەوە وایە تووشی ئەنفلۆنزای پەلەوەر بووبێت‌و بەڵام ڤایرۆسەکە وەك ڤایرۆسی کۆمپیوتەر وابێت نەئەوەتا بیکوژێت‌و نەئەوەتاش بەریبات‌و بڕوات.

سەدامی نەعلەتی لەسەردەمی شەڕی کەنداوی دووەمدا هەزارەها تەن زەمقی ئاوی‌و شتی تری بەو بۆنەیەوە سەرفکرد، کەگوایا ئەمریکا چەکی کیمیایی لەخەڵك دەسرەوێنێ، هەر پەنجەرەی ماڵێکت دەبینی راست‌و چەپ زەمقی پیا هاتبووە خوارەوە، لەسەردەمی شەڕی کەنداوی سێهەمدا دیسان خەڵکی





کورد لەترسی دەس وەشاندنەکانی سەدام گوندەکانیان ئاوەدانکردەوەو یەك دنیا نایلۆن‌و شتی لەو بابەتە سەرفبوو، کەچی سەدام فریای خۆشاردنەوەیەکی گورگ ئاساش نەکەوت‌و وەك جرج خۆیشاردەوەو مشکیش ئاشکرایکرد. ژنێکیش لەساویلکەیی خۆیدا وتبوی وەڵا ئەترسم دوای ئەو هەموو مەسرەف‌و نایلۆن کڕینەش سەدام کیمیاییەکە نەتەقێنێ.

ماوەیەك باوی دەستورو شەڕی دەستوری بوو، کەچی ئەو دەستورە نەبووە دەسکێ توریش، ماوەیەك باوی هەڵبژاردن‌و دەنگدانی خەڵك بوو بۆ پەرلەمانی عێراقی کەچی ئێستا باوی پێکهێنانی حکومەتی تەواوفوقی نیشتمانییە، کەتێیدا ساڵح موتلگ‌و تارق هاشمی‌و شۆڕشگێڕەکانی دوێنێ هیچ جیاوازییەکان نامێنێ.

جاتۆ وەرە بڕوانە خەڵکی عێراقێك بەرگەی ئەو هەموو حزب‌و ئاغاو کوێخاو هەڵبژاردن‌و بەزم‌و رەزمە بگرێت چۆن بێمنەت نابێت لەهەڵامەتی باڵندەیەك کە لەتاو گیانی خۆی دەردەکە تووشی مرۆڤێك دەکات کە ئاگای لەدنیا نییە، بەڵام ئەوەی دەبێتە جێگەی پرسیارو سەرنجی من بۆچی هەموو ئەوە

دەردوو بەلا سروشتیو دەستکردانەش بەگشتی تووشی خەڵکی هەژارو نەداری ئەم دنیایە دەبێت؟ ئەرێ بەراست بۆچی؟





# بتڵە غازی مل باریکی ئێرانی

سێ چوار ساڵە جۆرە بتڵە غازێکی مل باریکی خریلاینە لەنێوان هاوڵاتییانو فرۆشیارەکانی غازدا دەستاو دەستی پێدەکرێتو نەفرشیار گلەییەکی لەو جۆرە بتڵانە هەبووە نەهاوڵاتییانو ئیتر ئەمە تائەم یەک دوو هەفتەیەی پێشوو کەئەزمەی غاز دروست بوو بتڵێک غاز گەیشتە بیستو دوو هەزار دینار ئاسایی رۆییوەو قسەیەک لەئارادا نەبووە، بەڵام لەدوای ئەو ئەزمەیەوە ئیتر وەک هەموو شتەکانیتری ئەم وڵاتە بووە مۆدێلو بتڵە غازی ئێرانی وەرناگیرێت، ئەمەش

لەکاتێکدایە کە نزیکەی چل هەزار لەو بتڵە غازە مل باریکە ئێرانییانە کەوتوونەتە دەست هاوڵاتیان و بەتاڵ بوونەتەوەو ئیتر خەڵك گرفتی خۆیەتی و فرۆشیارەکانیش وەریناگرنەوەو بەرپرسی بەرهەمە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستانیش دەڵێ: (پێمانوایە ئەو بتڵانە مەترسییان بۆ سەر سەلامەتی گیانی هاوڵاتیان هەیە بۆیە بڕیاری وەرنەگرتنەوەیانمان داوە.) بەڵام خەڵکیش دەپرسێ ئەی بۆچی چەند ساڵە ئەو مەترسیەتان هەست پێنەکردووەو ئێستا کەدەزانن هەموو بتڵەکان لای ئێمەیەو حکومەت زەرەرەکەی لەخۆی دوور خستۆتەوە ئینجا بڕیاری وەرنەگرتنەوەی دەردەکەن و جێبەجێشی دەکەن.؟

لەدنیاداو لەهەر حکومەتێکدا کەبڕیارێك دەردەچێت پێشتر دراسەدەکرێت و لەزەرەرو زیانەکان و لەسوودەکانیشی دەکۆڵرێتەوەو زەمینە سازییەکی باشی بۆدەکرێت پاشان بڕیارەکە دەردەچێت و ماوەیەکی بۆ دادەنرێت و ئینجا دەچێتە بواری کردارییەوە، ئەوساش ئەو حکومەتە بەرپرسە لەهەر زەرەرو زیانێکی هاوڵاتییان و بۆیان قەرەبوودەکاتەوەو ناهێڵێ کەس زەرەرمەند بێت. بەڵام دیارە لای ئێمە شتەکان پێچەوانەیەو ئەو بڕیارانەی دەرەچن پێشوەخت دراسەناکرێن و





زەمینەسازی بۆناکەن و بیر لەزیانی هاوڵاتیان و فرۆشیارەکانیش یاهەر کەسانێك کەپەیوەستبن پێیەوە ناکرێتەوەو یەکسەر دەچێتە بواری کردارییەوە.

هاوڵاتی داماو تاوانی چییە کابرای تراکتۆر بتڵە غازێکی مل باریکی ئێرانی داوەتێ و دواتریش بەبڕیاری حکومەت لێی وەرناگرێتەوە؟ باشە بۆچی هەموو پێداویستییەکانی ترمان لەئێرانەوە دێن و هەمووشی گەر خراپیش نەبن باش نین و کەسی پرسینەوە لەوبارەیەوە ناکات، ئەو بەنزینەی لەئێرانەوە دێت باشە؟ هەڵبەت نەخێر، ئەو کەرەسە خۆراکییانەی لەوێوە دێن باشن؟ دیسان نەخێر. ئیتر بۆ دەبێت گەڕ لەبتڵە غازێك ئاڵێن و لەهاوڵاتیانی وەرنەگرنەوە، باشە ئەمە گۆڵ کردن نییە لەهاوڵاتییەك کە سەروبۆری لەو مەسەلانە دەرناچێت و تەنیا دەیەوێت ئێواران یاهەر کاتی ژەمە خواردنێك چێشتێکی گەرمو گوڕبخوات.

بۆیە هاوڵاتییان مافی خۆیانە بەدەنگی بەرز قسە بکەن و حکومەتیش دەبێت خۆی ئەو بتڵانە لەهاوڵاتییان وەرگرێتەوەو ئەو زیانە ماددییە خۆی بیبژێرێ نەك هاوڵاتییەکی داماو کە ناچارە بتڵێك غازی بۆش بەنرخێکی خەیاڵی بگۆڕێت و ئاگاشی

لەوەبێت کاکی تراکتۆر بتلّە مل باریکە ئێرانییەکانی نەداتیّو دیسانەوە گۆڵی لێنەکاتەوە.

*لەرۆژنامەی ئاسۆ بلاوبۆتەوە





# تەنیا بۆ کۆمپانیاو فەرمانگەکانە

لـەهاوارو هەنگامـەی ماڵـە دراوسـێکەمان رامکـردە دەرەوە بینیم لەگەڵ کریّ چییەکەی دەمە بۆڵەیەتی و خەریکە بەساغی خـاوو خێزانیـان قوتـدەدات، دیـسانەوە لێـی هەڵپێـچاون یـان وەرەقەیەکی تری بۆ زیاد دەکەن و بۆیدەکەنە سێ (3)وەرەقەی سـەد دۆلاری یـاخود دەبێـت هـەر ئێـستا ئـەو خـانووەی بـۆ چـۆڵکەن کەپێـشتر گـەراجی سـەیارەکەیان بـووەو ئێـستاش لەناچـاریدا مـاڵێکی حـەوت سـەرخێزانی تـیّ ترنجـاوەو ئـەو هەموو بۆڵەبۆڵ و سوکایەتییەش قبوڵدەکەن چوون گەر وانەبێت

دەبێت بکەونە سەرشەقامەکانی ئەم شارە. ئەوەی من بینیم رەنگە تەنیا وێنەیەك بێت لەناو سەدان وێنەدا کەڕۆژانە لەم شارەدا روودەدات و تاقە بەرپرسیش هەر حکومەتی هەرێمی کوردستانە چونکە تائێستا نەبڕیارێکی گونجاو دەردەکات لەبەرژەوەندی کرێچی و نەدەشتوانێ سنورێك دانێت بۆ بەرزبوونەوەی لەخەیاڵ بەدەری کرێی خانوو.

بەبڕوای ئێمە هۆکاری سەرەکی بەرزبونەوەی کرێی خانوو بۆ دوو خاڵی سەرەکی دەگەڕێتەوە یەکەمیان بوونی ئەو هەموو کۆمپانیاو فەرمانگە حکومیانەیە لەناو شارداو لەخانووی ئەهلیدا کەهیچ خانوویەك کرێکەی لەپێنج وەرەقە کەمتر نییەو ئیتر بەو شێوەیە خانوو هەیە دراوەتە نزیکەی یەك دەفتەر دۆلار، بۆ نمونە ئەو بینایەی زانکۆی ئایندەی تێدابوو ئێستا کرێکەی هەشتا وەرەقەی سەد دۆلارییە، زانکۆی سلێمانی کرێی هەر مانگێکی کەبینای بۆ بەشە ناوخۆییەکان گرتووە لەپێنج دەفتەر کەمتر نییە بەهەر حاڵ، خاڵی دووەمیان بوونی ئەو هەموو بارەگا حزبییەو ئەو هەموو ئاوارانەی شەڕی ناوخۆیە لەم شارەداو هەر هەمووشی لەخانووی کرێدان. ئیتر ئەمەیە بەجارێك ئەم شارەی وێرانکردووەو رۆژانە کرێچی و





خاوەن خانوو بەشەڕەدا، گەر وردیشی کەینەوە دەبێت ئەوە بزانین کرێی هەموو ئەوانە لەگیرفانی حکومەت و دواتر لەقووتی میللەت دەردەچێت لێرەشەوە ئابووری ئەم وڵاتە تووشی لەبەر رۆیین دەکات.

هەندێ ماڵ کەکرێچییەکەیان دەڕوات لەسەر دیواری خانووەکەیان دەنوسن (ئەم خانووە بۆکرێ تەنیا بۆ کۆمپانیاو فەرمانگەکان)لێرەوە تێدەگەین گەر کۆمپانیاو فەرمانگەکان بینای تایبەتی خۆیان هەبێت و حکومەت چەند باڵەخانەیەکی بەرز بۆ ئەو کۆمپانیایانە بکاتەوەو بەکرێیەکی رەمزی بیانداتێ و بۆهەر وەزارەتێکیش کۆمەڵگەیەکی فەرمانگەکان بکاتەوە ئەو کات هیچ ماڵێکی ئاسایی واتا خەڵکی کارمەندی حکومی و چینی ناوەند لەتوانایدا نییە مانگانە دوو وەرەقەو سێ وەرەقەو زیاتریش بداتە خاوەن ماڵ و سوکایەتیپێکردنیشی قبوڵکات. بەیانییەکیان زوو لەبەردەم فەرمانگەکەم پیاوێکم بینی کەپێشتر دۆستایەتیم هەبوو لەگەڵیداو پێم سەیربوو بەم سپێدە زووە چیدەکات لەمناوە؟ دەشمزانی کە لەو دیو فەرمانگەکەی ئێمەوە خانوویەکی گەورەی هەیەو پێشتر بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە

گشتییەکانی وەرزارەتی رۆشنبیری تێدابوو بو(4)وەرەقەو ئەوان بۆیان چۆڵکردبوو دەیوست بیداتەوە کرێو لەفەرمانگەی (زریبەی دخل)باجی داهاتیش پێیان وتبوو نابێت لەنۆ(9)وەرەقە زیاتر بیدەیتە کرێ، تۆ ببینە حکومەت خۆی تیشکی سەوزی بۆ هەڵکردوون، کابرا هاتە پێشەوەو دوای سلاوکردن وتی ئەو خانووەی ئێوەی تێدان کرێ کەی چەند؟ وتم وەڵلا وابزان حەوت یان هەشت، کەچی ئەو پێشتریش پرسیبوی وتی هەشتە واتا هەشت وەرەقە. وتم بۆچی؟ وتی وەڵلا دەمەوێ منیش بیدەمە کرێ مادام وایە لەنۆ وەرەقە کەمتری نادەم، ئەوەبوو کابرای دۆستم خانووەکەی دایە بەشی ناوخۆیی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی بەنۆ(9) وەرەقە، پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی یەك حەوشەی گەورەی هەیە کەچی حکومەت ناتوانێ یەك بینای پێنج نهۆمی تێدا دروستکاتو کێشەی خوێندکارانی دەرەوەی شاری لەکۆڵبێتەوەو سالآنە نزیکەی دوو دەفتەر دۆلار نەداتە کرێو بیداتە کەرەسەی بەشەکانی پەیمانگا، لەکاتێکدا سالآنە تەنیا سێ یا سێو پێنج خوێندکاری دەرەوەی شار لەپەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی وەردەگیرێن.





لێرەوە دەکرێت بەشوێن مەسەلەیەکی تردا بڕۆین تۆبڵێی دوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەم ئاوارەکان بگەڕێنەوە شوێنو شارەکانی خۆیان هەم بارەگا حزبیو حکومییەکان بڕۆنەوە بۆ پایتەختی کوردستانو حکومەتی کوردی بتوانێ بەڕاستی مەدەنی بێتو لەبری سەد بارەگا تەنیا دە بارەگای لەیەك شاردا هەبێت. چونکە بەپێی ئامارێکی سەرەتایی تەنیا لەشاری سلێمانیدا زیاتر لەدوو هەزار کۆمپانیاو دوو هەزار بارەگای حزبیو حکومیو دەیان نوسینگەی رۆژنامەو رێکخراوی جەماوەریو رۆشنبیری هەیەو هەمووشیان لەخانووی کرێدان. لەلایەکی تریشەوە زۆر زەوی شوێنە گشتییەکان دراوەتە خەڵکە حزبییەکانو ئێستا کەکراوەتە بینا جارێکیتر حکومەت بەکرێ لێی وەرگرتوونەوەو نرخێکی خەیاڵی پێداوە بۆ نمونە بینای (تەلاری سالم) وەك باوە لەناو خەڵکدا حکومەت داوێتیە کەسێکی حزبیو ئێستاش بەشێکی ژێرزەمینەکەی بە(40) وەرەقە کرێ لێوەرگرتۆتەوە.

*لەژمارە(188)ی رۆژنامەی ئاسۆ لەرۆژی سێ شەممە 2006/2/7بلاوبۆتەوە.

# بەنزین و هەزین

شاری کەرکوک لەسەر روباری نەوت بنیاتنراوە، کەچی لەم رۆژانەدا پارێزگارەکەی رایگەیاند کە لەمەودوا لەولاتی کوەیتەوە نەوتی شاری کەرکوک دابیندەکرێت، ئەمە مەتەڵ نییەو زۆر بەڕاستمە، بەلام بۆچی وایە؟ دیارە دەبێت لەو هەموو دزو درۆزنە بپرسین کە بەناوی سەرکردەو تێکۆشەرەوە حکومەتی عێراقی ئەمڕۆ بەڕێوە دەبەن. دووەمین یەدەگی نەوتی جیهانی لەعێراقەو کەچی ئێستا لەتورکیاو ئێران و کوەیتەوە تەواوی نەوت و بەرهەمە نەوتییەکانیتر دێنە ئەم ولاتەو لەخەڵك بوونەتە رۆحی نیادەم و بەنرخێکی زۆر گران دەستمان دەکەوێت.

بەنزین فرۆشێك ئەناسم دەڵێ پازدە ساڵ زیاترە میزم نەکردۆتە ئاودەستەوەو رۆژانە لەگەڵ بەنزین و نەوتدا تێکەڵم کردووە، ئەو سوێند دەخوا دەڵێ رۆژ هەبووە پێنج لیتر ئاوی رەبولعالەمین نۆشکردووەو دواییش ملیمگرتووەو رۆمکردۆتە ناو جلیکانەی بیست لیتری و دەبەی پێنج لیترییەوەو





فرۆشتوومەتەوە. ئەو وتی من لەلایەنی ویژدانییەوە خۆم بەتاوانبار دەزانم بەلام ئیتر ژیان وایلێهاتووەو گەورەکان فێریان کردوین. بەرپەرسەکان خۆیان رۆژانە دێنە لامان و بەتانکەر نەوت و بەنزینمان بۆ ئەنێرن و ئێمەیش دەیفرۆشین و پارەکەیان بۆ رەوانە دەکەینەوە.

ئەو میز فرۆشە ببورە ئەو بەنزین فرۆشە ئەوەشی خستە سەر کە بەرپەسەکان هەر بەوەشەوە ناوەستن و شتیتریش دەکەن، بۆ نمونە شۆفێرێکی تورك دەناسم جارهەیە دوو هەفتە لێرە دەمێنێتەوەو لەبانزینخانەکانی حکومەتدا بەنزین و نەوتەکەی بۆ خاڵی ناکەنەوەو دەڵێن جاریٚ هەموو تانکییەکان فولن، کەچی ئەو بەنزینخانانەش یەك لیتر نادەنە خەڵکی نەگبەت، ناوبراو ئەوەشی وت کە کارمەندێکی پایە بڵندی فەرمانگەکانی نەوتی ئەم شارە رۆژێك یەك تانکەری پڕ لەبەنزینی نیوە کردۆتەوەو دواتر پڕی کردۆتەوە لەئاوی خواردنەوە. ئیٚ.. ئیٚ.. حاڵی بووم بۆیە خەڵك دەنگیان پێدەدات چونکە ئەوان ئاویش بۆ خەڵك دەکەنە بەنزین.

*لەژمارە(110)یرۆژنامەی پارێزگاران لەڕۆژی 2006/2/15بلاوبۆتەوە.

# ئەوەی ناونانەوە مەکتەبە

ژیـان هێنـدە خێرابـووە لەبـەرەو پێشـچوون و ئاڵۆزبوونـدا زۆر کۆمەڵگـە ناتوانێـت لەگەڵیـدا بـڕوات و توشـی جۆرێـك لەسـەر لێشێوان و بەهەڵە وەرگـرتن و بـەکارهێنانی شـتەکان دەبێتـەوە، مۆبایـل یـەك لـەو شـتانەیە کەکۆمەڵگـەی ئێمـە ئەوەنـدەی بـۆ گاڵتـەجاڕی بەکاریـدێنێ زۆر بەدەگمـەن بـۆ پێداویـستییەکانی خۆی بەکاری دێنێت. کتێبخانە دیاردەیـەکی هـەرە شارسـتانی هـەر کۆمەڵگەیەکـە لەهـەر مـاڵێکی کۆمەڵگـەی خۆرئاواییـدا مەحاڵـە کتێبخانەیـەکی تێـدا نـەبێت، بـەڵام کۆمەڵگـەی ئێمـە ڕەنگـە گـەڕەکی کتێبخانەیـەکی تێـدا نـەبێت، سـەرباری ئـەوەش ئێـستا وای لێهـاتووە کـابرای دارتاشـیش بـەمانای وشـەکە کتێبخانـە دروسـت ناکـات و ئـەوەی ئـەوان دروسـتیدەکەن و وەك





کتێبخانــە ڕەواجــی پەیــداکردووە، مــەعرەزی فــەخفوری و توحفیاتـەو گـەر کتـێبی تێکـەی ئـەوا دراوسـێکەت پێـت دەڵـێ چەند دواکەوتووە خەڵك پڕی دەکات لەفەخفوری ئەمیش پڕی کـردوە لەدەفتـەر جائـەو وادەزانـێ هەرچـی وەرەقـەی پێوەبـوو دەفتەرە نەك کتێب.

کتێبخانەو بوونی کتێـب لـەناو ماڵـدا یەکێکـە لـەدیاردە هـەرە شارسـتانی و پێـشکەوتووەکانی دنیـاو تـەنیا ئـەم کۆمەڵگەیـەی ئێمـە بایـەخ و گرنگـی کتێبخانـە نـازانێ و گاڵتـەی بـەبوونی شتێکی لەوبابەتە دێت لەناوماڵداو بۆیە دەچێ شتێك دەکڕێ و پێـی دەڵـێ مەکتەبـەو پڕیـشی دەکـات لەبابـەتی توحفییـات و فەخفوری. ئەمە وایکردووە دارتاشەکانیش گوێ بەوەنادەن تۆ بەشـوێن کتێبخانەیـەکی فیعلیـدا وێڵـی و ئـەو جـۆرە مەعرەزانـە سـودێکی بـۆت نابێـت، چونکە کتێبخانـە زیـاتر ڕەفـەی تێدایـەو شوێنی تەلەفزیۆن و شتی لەو بابەتەی نییە.

ئەم دیاردەی ناونانی مەعرەزی توحفیات بەکتێبخانە چەند ســاڵێکە پــەرەی ســەندووەو مــاڵ نییــە شــتێکی لــەو بابەتــەی تێدانـەبێت و بەکتێبخانـە یـاخود (مەکتەبـە)ش نـاوی نـەبات، تەنانــەت ئێــستا یەکێکــە لــەو بابەتــە مۆبیلانــەی کــەزۆرترین

کڕیاری هەیەو لەدوورترین گوندی ئەم کوردستانەدا گەر هەموو ماڵەکانیش نەیانکڕیبێت ئەوا بێگومان زۆرینەی ماڵەکان لەو مەکتەبانەیان کڕیوەو دەڵێن مەکتەبەمان هەیەو تۆش وادەزانی کتێبخانەی گشتیت دەستکەوتووەو لەو کوێرە دێیەدا داوای رۆمانی (زۆربا) دەکەیت، کابراش وادەزانێ جۆرە فەخفورییەکی تازەیەو دەڵێ وەڵلا ئەمجارە بچمەوە شار دەی سێنم.

ئەم دیاردەیەش وایکردووە کە خوێندەوەراو نوسەرانی ئەم وڵاتە لەبری ئەوەی کتێب بخەنە کتێبخانەوەو هەر کاتێك بۆی گەڕان لەبەر چاویاندا ئامادەبێت، لەناچاریداو بەهۆی زەوقی خەڵكو سودی دارتاشەوە دەیکەنە کارتۆنو گونییەی فەردە شەکرو برنجەوەو ئیتر تاکتێبێك دەدۆزێتەوە ئەوەی بیر دەچێتەوە کەکاری چی بەو کتێبەیەو بۆچی مەبەستێك بەشوێنیدا دەگەڕێت. رەنگە هەر ئەمەش داهێنانی لەنێوەندی رۆشنبیری کوردیدا کەمکردبێتەوە، چونکە کتێبەکان لەبنی فەردەوە نایەنە دەرێو ئەوەی نوسەر دەیەوێ بینوسێ نانوسرێو هەموویشی خەتای دروستکردنی ئەو جۆرە مەعرەزانەیە کەناویان ناوە مەکتەبەو کەچی شوێنی دانانی





توحفیاتو فەخفورییەو تەواو بۆتە مۆدێلو چاولێکەریو لەهەموو ماڵێکی ئەم وڵاتەدا ئامادەیی بەرچاوی هەیە.

*لەژمارە(193)ی رۆژنامەی ئاسۆ لەڕۆژی پێنج شەممە 2006/2/19بڵاوبۆتەوە.

# بەڕێوەبەرو مەسئول

سالّی نەوەدو یەك كەڕاپەڕین رویدا خوێندكاری ناوەندی بووم، بەڕێوەبەرێكمان هەبوو زۆر دڕندەو دەمپیس، لەهەموو شتێك دەچوو لەمامۆستاو بەڕێوەبەر نەبێت، هەمیشە ناسكترین قسەی جنێو بوو، سەرباری هەموو ئەو كەمو كورییانەش بەعسییەكی مونحەت بوو، لەهەموو بەهایەكی كوردی شۆرابۆوەو ئاهێكی تێدانەمابوو. كەچی دوای كۆڕەو كەهاتینەوە ناوشار رۆژێك ئەو مامۆستا یاخود ئەو بەڕێوەبەرە ناموبارەكەم بینی لەكۆلانی پشتی دەبۆكە كەئێستا هەمووی پێلاو فرۆشە، ئەو كات پڕبوو لەلیگاو چیو هەر یەكەو پەرداخێكی ستیلی پێبوو لیگاوی دەكرد، هەڵبەت لیگاو یەكێكە لەناشیرینترین جۆرەكانی قومار، كەچی ئەو





بەڕێوەبەرەی ناوەندییەكەی من پەرداخێكی پێبوو لیگاوی دەكرد، ئەو وەختە تێگەیشتم كەبۆچی ناوەندییەكەی ئێمە فاشلترین ناوەندی بوو لەسەر ئاستی سلێمانی، تۆ بەڕێوەبەرەكەت لیگاو چی بێت هەڵبەت خۆشت یاماستاو چی یاخود عەرەبانچیت لێدەردەچێتو نابیتە شتێك هەم كۆمەڵگە هەم دایكو باوكت شانازیت پێوە بكەن.

دەكرێ بڵێین ئەوە بەرئەنجامی فكری بەعس بوو، پەروەردەی ئەو وایكردبوو بەڕێوەبەرێكی ناوەندی واتا كەسێك كەلەسلكی پەروەردەدا بێت ببێتە لیگاو چیو بەپەرداخێكەوە كۆڵانە پڕ عەیبو عارەكانی ئەو سای ئەم شارە بگەڕێتو هاوكوفی خۆی بدۆزێتەوە. بەڵام ئەی تۆ بڵێی مەسئولە قومارچییەكانی ئێمە كەرۆژانێك بەو شاخەوە بوونو بەعس بەو دڕەندەییەی خۆیەوە لێیان تۆقیبوو، كێ پەروەردەی كردبنو چۆن پەروەردە كرابن؟ تۆبڵێی لەو شاخو داخەو لەژێر گرمەو ناڵەی تۆپو هاوەندا قوماریان كردبێتو چەشنی بەڕێوەبەرەكەی من بەپەرداخێكەوە گوند بەگوند گەڕابن لیگاویان كردبێت؟ ئەمانە تەنیا پرسیارن، بەڵام ئەوەش دەزانین كە لەم ماوەیەدا بەرپرسێكی باڵای حزبێك لەقومارێكی

شـەوانەدا کـە لەماڵـە مەسـئولێکی تـر کـراوە نزیکـەی (یـازدە) دەفتـەر دۆلاری دۆڕانـدووەو دواتـر وتـوێتی جـا ئـەوە چییە خـۆ ئـەم پارەیـە لەبەغـدادەوە هـاتووەو هـی ئـەم میللەتـە نییـە.

راسـتەکات شـارەوانی سـلێمانی دەڵـێ نـاتوانین لەسـەد هـەزار زیـاتر بدەینـە کارگوزارەکانمـان بۆیـە نایکـەن‌و شـارەکەمان خەریکە بۆگەن بێت‌و لەبەغدادیشەوە موچەکەیان بۆ زیادناکەن، لەبەغـدادەوە موچـە دەنێـرن مەسـئولەکانمان قومـاری پێبکـەن، بەڵام نایەنێرن بۆ کارگوزارێکی شارەوانی.

سەردەمی شۆڕشی شاخ مەسئولی کورد راوە بەعسی‌و جاشی دەکردوو لەسەر بەردی رەق دەنوست‌و ئاسمانی دەدا بەخۆیدا، سەیری ئەو رۆمانسییەتە، کەچی ئێستا راوە ژن‌و راوە کچ‌و راوە دۆلار دەکات‌و لەسەر سکی برسی ئەم خەڵکە دەخەوێت‌و سەروەتی کورد دەدا بەخۆیداو بەوەشەوە ناوەستێ‌و بۆ کات بەسەربردنی شەوانە خویان داوەتە قومارو بەدەفتەریش نەبێت یاری ناکەن. ئێرە وڵاتی قۆنتەرات چییانە بیگە رێ نەما.

*لەژمارە(142)ی رۆژی گەل لەرۆژی یەك شەممە2006/2/19بڵاوبۆتەوە.





# ژیان خۆی هێندە خۆشە؟

ژیـان خـۆی هێنـدە خـۆش نییـە، تالێـشت ببێتـە دۆزەخ‌و هـەر بەدوایدا راکەیت‌و ئەویش لێت ببێتە تراویلکەو هەر نەیگەیتێ، ئەمەچییە کۆمـەڵێك خـەڵکی ملهوڕ دەیانـەوێ پاشایانە بـژین‌و ئێمـەیش هـەر گەدایانـە خزمـەتیان بکـەین‌و نۆکـەرییان بـین. (ئەریك فرۆم) پێیوایە هەوڵی هێنانە خوارەوەی بەهەشتە زەمین دەکاتـە دۆزەخ، بـەڵام مـن دەڵـێم بـەو ژیانـەی سـەر زەوی خۆمـان رازین‌و تکایـە بەهەشـتمان بـۆ مەهێننـە خـوارەوە چـونکە هـەموو هەوڵـەکانی ئێـوە بـۆ هێنانـە خـوارەوەی فیردەوس بـۆ ئێمـە زەوی لێکردوینەتــە دۆزەخ. کەدەگەیتــە ســەرەتای بــەهارو حــەزی ســەیران‌و ســەفات تیــا ســەوز دەبێــت لــەپڕ ئەزمەیــەك

دروستدەبێت و ئیتر تۆ قاڵبێك سەهۆڵت دەستناکەوێت لەو دەشتە کەسکەدا قومێك لەئاوە تاڵەکەی پێبخۆیتەوەو بۆ ئاوی ساردیش سەیرانەکە لەخۆت نەکەیتە ژەقنەمووت.

وەختێکیش هاوین دێت و دەتەوێ بەیادی شۆڕشی چواردەی گەلاوێژی عەیامێك لەمەوبەرەوە لەبەر هەوای ساردو فێنکی سپلیت و کەلۆر ئابی ئێرانیدا سەرخەوێك بشکێنی لەپڕ کارەبات لێدەکەنە رۆحی بنیادەمو ئیتر گەرمای چلەی هاوین توشی ئالۆشت دەکات و دەبێت پەنجاو هەشت هەزار دوعای خێر بۆ عەول کەریم قاسم بنێری کەئەو مەلیکە بچکۆلە گوناهەی بەو دەردەبردو نەیهێشت تام لەژیان بکات و عێراقی دوای خۆی کردە دۆزەخ. بەلوعەی ئاویماڵەوە چۆڕ بڕ دەبێت و گورج بیرهەڵکەنێك دەدۆزییەوەو بەهەزار تکاو رجا بیرێکت لەحەوشەکەتدا بۆ هەڵدەکەنێ، بەڵام ژیان وایلێکردوی لەو کاتەدا بیر لەوە نەکەیتەوە کەئەم بیرە چۆن ئاوی لێدێتە دەرەوە گەر موزەخەیەکت نەبێت، ئێخۆ موزەخەش لەخودایییەوە کارناکات و ئیلا کارەبا حەیاتەکەی دەوێت و کارەباش ئێوە خۆش.





تاخەمی نەبوونی ئاوی ساردو فێنکت لەکۆڵ دەبێتەوە نیوەی تەمەنت دەڕوات و لەپڕ خەمی نەبوونی سوتەمەنی و کارەبات بۆ قوت دەبێتەوەو دیسان نیوەی ئەو نیوەیەی تەمەنیشت کەماوە بەفیڕۆ دەڕوات و ئیتر دەبێت بیر لەوەبکەیتەوە لەلافاوەکەی ئەمجارەدا کەئینتەرنێت دەڵێ هەڵدەستێ ئاو نەیاتە حەوشەو ماڵەکەتەوە. ئەوە ئەو شتەیە کەناویان ناوە ژیان و لەسەر ئەم خەڵکەش حسابەو خودای دلۆڤانیش دەیەوێ لەو دنیا لەسەر نامەی ئەعمالت ماف خۆت بداتێ، جاباشە دەبێ نامەی ئەعمالی خەڵکێك کەهەر بەشوێن نەوت و بەنزین و ئاوو کارەباو مۆلیدە چاککردنەوەو دەنگداندا بڕوات چی تێدابێت و چۆن لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێت.

*لەژمارە(111)ی رۆژنامەی پارێزگاران لەڕۆژی2006/3/2بڵاوبۆتەوە.

# بەنزین

کاتی خۆی فەیلەسوفێك وتبوی ئەم پەرداخەی دەستم نیوەی ئاوەو نیوەکەی تری خاڵی، سەردەمێکیش لەخوار مزگەوتی گەورەوە رۆنی تکسان‌و ڤیتایان دەفرۆشت بۆئەوەی قازانجی زۆربکەن نیوەی تەنەکە رۆنەکەیان بەپەتاتەی کوڵاو پڕدەکردەوەو کابرای کڕیاریش وایدەزانی رۆنی حلەی دەست کەوتووە. ماوەیەك مریشکیان دەفرۆشت بەزۆر یەك سەلك پیاز یاخود دیسانەوە پەتاتەیەکی تورکییان دەکرد بەدواوەیدا بەخاتری ئەوەی تۆزێك وەزنەکەی زیاد کات، ئیتر مریشکی داماو تەوازنی تێك دەچوو نەیدەزان‌و نەیدەتوانی بەڕێدا بڕوات. ئەم میللەتەی ئێمە شتی زۆر سەیردەکات‌و بەسەریشیا





تێپەڕ دەبێت. بەنیزن‌و ئاو دوژمنی یەکترین، چونکە بەنزین دنیا دەسوتێنێت‌و ئاو دەیکوژێنێتەوە، واتا بەنزین رەگەزێکی شەڕخوازو مەرگ دۆستە بەڵام ئاو ئاشتیخوازو ژیان دۆستە. کەچی کوردەکەی لەمەڕ خۆمان بەزۆر دەیەوێ ئەو دووە بکاتە دۆست‌و بۆ بەرژەوەندی خۆی ئەوان ئاشتکاتەوە.

ماوەیەك لەمەوبەر لەهەولێرەوە بەرەو سلێمانی دەهاتینەوە بیئـێم دەبلیوێکمان پێبو، لەپڕ لەلۆفەکانی ئەودیو کەڵکە (ترشەوە)سماقەوە، تڕومبێل پەکی کەوت کەدەبینین ئەو بەنزینەی تێیدابووە نیوەی ئاوی خواردنەوە بووە. ئەم حیکایەتەم بۆ برادەرێکم باسکرد کەچی وتی جائەوەچییە من ئاگادارم لەناو سلێمانیدا یەك تانکەری گەورەی پڕ لەبەنزین نیوەی دەرهێنراوەو پڕکراوەتەوە لەئاوو بەشۆفێری داماویش فرۆشراوەو برۆ خێری لێببینی. رۆژێکیش ویستم بزانم بەشە نەوتی رێکخراوە ناحکومییەکان لەلایەن پرۆژە تایبەتییەکانەوە دەدرێت، دوای ئەوەی ژمارەی تەلیفۆنی پێنج تاشەش بینای فەرمانگەی سوتەمەنییان پێدام‌و هیچم دەستنەکەوت لەخۆم پرسی ئەرێ بەڕاست لەولاتێکدا یەك لیتر سوتەمەنیت چنگ ناکەوێت بۆچی دەبێت ئەو هەموو بینایە بۆ فەرمانگەی

دابەشکردنی سوتەمەنی هەبێت؟ ڕەنگە سەدان کارمەند موچە وەربگرن‌و چەندین دەفتەر دۆلار بدەنە کرێی مانگانەی ئەو بینایانەی کە سوتەمەنی تێدانییە بۆ خەڵکی داماو، باشە داخستنی ئەو بینایانە باشتر نییە؟

*لەژمارە(27)ی ڕۆژنامەی ڕۆژین لەڕۆژی یەك شەممە 2006/2/26بڵاوبۆتەوە.





# بچوکبونەوەی ئینسان

یەکیك لەو دەرکەوتە گرنگانەی ئینسانی پێ لەبونەوەرەکانی تر جیادەکرێتەوەو دەناسرێتەوە ئەوەیە کەئینسان سەرباری ئەو عەقڵەی کەهەشییەتی هەمیشە بەشوێن دۆزینەوەو داهێنانی نوێوەیە لەتەواوی بوارەکانی ژیاندا ئەمە لەحاڵێکدا ئەو ئینسانە لەوڵاتێکدا بژی کەلانیکەم پێداویستییە سەرەتاییەکانی بۆ دابین کرابێت، واتا ئینسان تەنیا لەژیاندا ئەوەی ناوێ بژی‌و بخواو دواتر بمرێت، وەك چۆن بونەوەرەکانی تر وایان دەوێت، بەڵکو ئەم دەیەوێ بەهێندەی ئەو ژیان‌و خواردنەی کارێك بکات بمێنێتەوەو نەمری بۆ مسۆگەر بکات‌و دواتر سودێکی ژیانیشی بۆ کۆمەڵگە هەبێت. ئەمە ڕەنگە لەدنیای پیشکەوتوی خۆرئاوادا بەو جۆرە بێت. بەڵام لای ئێمە ئینسان ئەوەندە بچوککراوەتەوەو لەجوغزێکی تەسکدا هێڵراوەتەوە بواری هیچی نەماوە، بۆیە لێرە

نەداهێنان هەیە، نە دۆزینەوەی زانستی نوێ، ئینسانی ئێمە ئەوەندەی بەعەزرەتەوەیە بۆ بوونی چەند سەعاتێکی کارەبای بەردەوام لەشەودا، ئەوەندە عەرزەتی بۆ دۆزینەوەی تەزوی کارەبا نییە لەڕێگەی سەرچاوەیەکی تری جیاواز لەدەریاچەکانی ئاو.

ئینسانی ئێمە لەبانیۆو دوشو تەواوی جۆرەکانی تری خۆشتن بێبەشەو دەبێت یان پریمزێك بەرێتە ئەو حەمامە ساردەوە، یاخود غازی شەمسەدینو عەلادینو براکانی تر قبوڵکات، ئەوە بچوکبوونەوەی ئینسانە وادەکات بۆ خۆشتنێك سوێی بێتەوەو نەئاوی دەست کەوێت نەحەمامێکی گەرموگوڕ، گەر بچوکبونەوە نەبێت بۆچی ئینسان تەنیا هەفتەی جارێك فرسەتی خۆشتنێکی بۆ هەڵکەوێت؟ ئینسانێك خۆشتنێکی بۆ دەستبەر نەکرێت چۆن چاوەڕێی داهێنانی لێدەکرێت. دەبێت لەشەوەوە دوعاو نزا بکەیت بەڵکم ئەمە خوایە بیکەی سبەی زوو کارەبا هەبێتو موزەخە بدەیت لەبەلوعەی ئاوەکەی حەشەو تانکی سەربانت بۆ فوولکات. کەشەوێك تادرەنگ کارەبا بەردەوامەو نابڕێت بەیانی لەمەکتەبو زانکۆ پەیمانگاو لەفەرمانگەکانیشدا بۆیەکتری باسدەکەینو پێمان وایە ژیانمان





لەئێستاوە دەست پێدەکات ئەوەندەمان پێخۆشە هەر لەباسکردنی نابینەوە.

کەرۆژێك ئاوی بەلوعە فوارە دەکات ئیتر دەبینە قۆغڵی مەرزەو تائێوارە خەریکی شتنی بەردەرگا دەبینو وەك مراوی خۆمان لەو ئاوە وەردەدەینو بەر دەرگای ماڵەکەمان وەك مەرەزەی لێدێت، لەکاتێکدا بوونی ئاوو کارەبای بەردەوام لەدیکتاتۆرترین وڵاتو حکومەتی دنیادا مافێکی هەرە سادەو سەرەتایی شایان بەئینسانەو دەبێت هەبێتو دەستەبەر کرێت. ژیانی ئەم وڵاتەو ژێر سایەی ئەم حکومەتەی کوردییەو سەدان ساڵە هەوڵی بۆ دەدەینو خەونی ڕەنگاو ڕەنگی پێوەدەبینین هەموو ئەوشتانەی لەئینسان سەندۆتەوەو تەنیا وایلێکردووە کە هەربۆ گرتنی ئاو هاتنەوەی دەگەمەنو چاوەڕێکردنی هاتنەوەی کارەبا تەنیا بۆگوێگرتن لەهەواڵە پڕ درۆو دەلەسەکانی ئەوان و گرانیو نەبوونی سەرەتاییترین خزمەتگوزاری بژینو ببینەوە ئاژەڵە سەرەتاییەکەی بەر لەزمان گرتنو وەك (چارڵس داروین) دەڵێ بووینەتەوە مەیمون.

*لەژمارە(143) ڕۆژنامەی ڕۆژی گەل لەڕۆژی یەك شەممە 2006/3/5 بڵاوبۆتەوە.

# ئێمەیش گەندەڵ بووین

ئەزانن بۆئەوەی گەندەڵی بنەبڕکرێت دەبێت چیبکەین، دەبێت هەڵمەتێکی گەندەلانە بەرپاکەین هەرچی نیشانەو ئاماژەکانی گەندەڵییە ریشەکێشی کەین، هەرچی ئەو باسانەی لەمەڕ گەندەڵی نوسراوەو خوێندراوەو بیستراوەو پێشاندراوە فڕێدەین. ڕۆژنامەکان ئەوەندە باسی گەندەڵییانکرد ئێستا خۆیشیان گەندەڵبوون و کەس پارە بەڕۆژنامە نادات و چاوەڕێدەکات بەخۆڕایی وەریگرێت. تەلەفزیۆنەکان ئەوەندە وێنەی گەندەڵییان پێشانداو بۆگەناویان کرد بەڕووی خەڵکدا ئێستا کەس سەیری تیڤی ناکات و بۆسپەیس پلاتنیۆم دەگەڕێن. رادیۆکان هەزارەها بابەت و وتارۆکەیان لەسەر گەندەڵی خوێندەوەو گوێچکەی ئەم خەڵکەیان کەڕو کاسکردو خۆیشیان و ئێمەیشیان گەندەڵکرد، بۆیە خەڵک گوێ لەڕادیۆ





ناگرێت و تەنیا کاتێک دەیکاتەوە گۆرانی داواکراو بێت و بەختیار ساڵح بیچڕێت.

ئەم چەمکە سیاسی و ئیدارییە ئەوەندە وتراوەتەوە ئەرزشی نەماوەو ئێستا بەجۆرێک تەمووموژاوی بووە وەکو شیعری موعاسری لێهاتووەو سیاسییەکان دەڵێن باگەندەڵی نەمێنی و ئیدارییەکان هەر دەڵێن باگەندەڵی نەمێنێ و لەسەر ئیقاعی ئەوان خەڵکی وەک ئێمەو مانانیش هەر دەڵێن باگەندەڵی نەمێنێ و کەچی کەسیش نازانێ ئەرێ بەڕاست کێ گەندەڵە.؟ سیاسی یاخود ئیداری؟ ئیداری یاخود ئێمەو مانان؟ ئێمەومانان یاخود خەڵکی کورد بەگشتی؟ ئیتر وایلێهاتووە منداڵێکیش بەدایکی دەڵێت دایکە توخودا باڵەمەودوا گەندەڵی نەمێنێ، خوێندکارێک بەمامۆستاکەی دەڵێ باگەندەڵی بنەبڕکەین و مامۆستاکەیشی هەمان رستە دەڵێتەوە. چایچی بەفەڕاش دەڵێت بەسەئیتر باگەندەڵی نەهێڵین، بەڕێوەبەرەکەیشی هەمان شت دەڵێت. تۆبڵێی گەندەڵی دەعبا بێت یاخود مرۆڤێک لەسەر دووپێ بڕوات..؟

زۆرمان وتو زۆرمان بیست و زۆریشمان بینی لەسەر گەندەڵی و زۆر بڕیاریش دەرچوون کەچی ئەم وڵاتە ڕۆژ بەڕۆژ

گەنـــدەڵتر دەبێــت و خەریکـــە وەك زەلکــاوی لێــدێت، ڕەوایـــە دیاردەیـەکی لـەو شێوەیە لـەماوەی پـازدە ساڵی ڕابردوودا بۆتـە مۆرانـــەو دەســـەڵاتی کـــوردی ئیفلـــیج کـــردووەو تائێـــستاش نـەتوانراوە بنـەبڕ بکرێـت.؟ مـن بـڕوام وایـە ئەوەنـدەمان لەسـەر گەنـدەڵی نوسـی و کـەس نەیخوێنـدەوە خۆیـشمان گەنـدەڵبووین، جـــابۆ ئـــەوەی گەندەڵییەکـــەی ئێمـــەش نەبێتـــە ئـــەوەی گەندەڵچییەکان واباشترە کۆتـایی بـەم باسە بێنین و چیتر لەسـەر گەندەڵی نەنوسین بۆ ئەوەی خۆیشمان گەندەڵ نەبین.

ئـەم دیاردەیـەی ناویـان نـاوە گەنـدەڵی کـوڕی شـەرعی ئـەم دەسـەڵاتەیەو خەریکـە دەبێتـە کلتـورو ئـیتر هەتاهەتایـە لـەکۆڵ خـــەڵکی ئـــەم وڵاتـــە نابێتـــەوەو هـــەر لەفـــەڕاش و چایـــچی فەرمانگەیەکـــەوە تادەگاتـــە ســـەرکردەو بـــن کـــردەی حزبێـــك گەندەڵبووەو بەنیازیش نییە خۆی چاککات و سەرباری ئەوەش گللـەیی لەئێمـە دەکـات و دەڵێـت خـەڵك هاوکـاری دەزگاکـانی حزب و حکومەت ناکات بۆ ئەوەی گەندەڵی بنەبڕ کرێت.

*لەژمارە(28)ڕۆژنامەی ڕۆژین لەڕۆژی یەك شەممە 2006/3/12بڵاوبۆتەوە





تەکسییەکمان گرت لەفەرمانگەکەی خۆمانەوە تا بەڕێوەبەرێتی پاســپۆرت و مانــەوەمان بــەرێت کەدابــەزین وتــی چــوار هــەزار دینار، وتم تۆزێك ویژدان باشە؟ وتی جا ویـژدانی چـی، وتم ئـەی بـەچ قانونێـك تـۆ بـۆ (دە)خولـەك ڕێگـا چـوار هـەزار دینـار لـەمن دەسەنیت وتی کام قانون ئەوەی حکومـەت بەکاری دێنـێ و بتەڵـە غـازی ئێرانـی دەداتـە خـەڵك و دواتـر لێیوەرناگرێتـەوە. چـوومە بەڕێوەبەرێتی کۆمپانیای خۆراك کارمەندەکانی وەك ئەوە وابوو لەزیندانـــــدابن کـــــونێکی بـــــچوکیان کردبـــــووە یـــــەکێك لەپەنجەرەکانـەوەو مـن وام زانـی لەبـەردەم دووکـانی ترشـیات فرۆشـدام و و ڕەمەزانـەو دوو خولـەکی تـر بـانگ دەدا پەلـەم بـوو مامەڵەکـەم بـۆ ڕاییکـەن کەچـی ئـەوانیش زۆر بـەهێمنی وتیـان بەسـەرە کاکـە بەسـەرە، ئێمـەی مـوڕاجیعیش خـەریکبوو توشـی ســەرەتانی مــل یــاخود ملــە خــڕێ دەبــووین ئەوەنــدە ملمــان لارکردبۆوەو تکامان دەکرد. ئەرێ کاکە بۆ وا لـەو خەڵکە دەکـەن لـەبری یـەك کارمەنـد چـواری گورجوگـۆڵ دانـێن و لـەبری ئـەو کونـەی لـەو پەنجەرەیەشـدایە دەرگاکـان بکەنـەوەو کـاری ئـەو

خەڵکە لۆ وادوا دەخەن.؟ بەڵام قسە بۆ کێ بکەیت و داد بۆ کێ بەریت؟

لەشەقامی ئیسکانی بەرامبەر زانکۆی سلێمانی ویستم یەک چەکی بانکی گۆیژە کۆپیکەم وتی پێنج سەد دینار وتم ئەمە ویژدانە یان یاسا؟ وتی ویژدانی چی و یاسای چی بۆ حکومەتی هەرێم هیچیانی هەیە تامن هەمبێت؟ ئێ راستەکات خاوەن خانوویەکمان هەیە دەڵێ لەباجی خانووبەرە پێیان وتووم بۆچی خانووەکەت داوەتە دوو وەرەقە خۆ ئێستا هەشت وەرەقە دەکات، ئێمە ساڵانە باجی خۆمان بەزیادەوە لەتۆ دەسەنین و تۆش کەیفی خۆتە کەچی حکومەتی هەرێمیش پەیتا پەیتا لەکەناڵەکانی تیڤیەوە دەڵێ ئەزمەی سەکەن چارە سەردەکەین، ئەزمەی سەکەن بەوە چارەسەر ناکرێت (پاک سیتی) دروستکەیت و شوقەی بە بیست دەفتەر دۆلار بیدەیتەوە بەهەرە دەوڵەمەندو قاچاخچییەکانی حزب لەم شارەدا، ئەزمەی سەکەن بەوە چارەسەر دەکرێت خەڵک لەباجی خانووبەرە رزگار کەیت و بیسەپێنیت بەسەریاندا کە کرێی خانووەکەیان لە مووچەی کارمەندێکی ئاسایی بەرزتر نەکەنەوەو دەست لەگەروی خەڵکی هەژار گیرنەکەن.





بیست لیتر بەنزین لەسەر شەقامەکان گەیشتۆتە هەژدە هەزار دینار، برادەرێك وتی لەپێنجوێن بەپێنج هەزار دینارە چونکە لەئێرانەوە دەیهێنن، ئێباشە تۆبڵێ لەسەر کابرا سێ هەزار دینار کەوتووە مانای لەهەر بیست لیترییەك دووهەزار دینار قازانج وەردەگرێت، باشە بۆچی حکومەت کە خۆی بەخزمەتکاری خەڵك دەزانێ سەد تانکەری گەورە ناخاتە پرۆژەیەکی واوەو رۆژانە لەئێرانەوە بانزین بێنن و بەنرخی ئێران بەخەڵکی بفرۆشنەوە ئەوسا هەم حکومەت خۆشەویست تر دەبێت هەم خەڵکیش تووشی ئەو هەموو ناڕەحەتییە نابێت، چونکە خەڵکم بینیوە سێ شەوو سێ رۆژ لەسەرەی بەنەزین وەرگرتندا وەستاوەو دواجار کاکی بانزینخانە وتوێتی بەنزین نەماوە ئەمە سووکایەتیکردنە بەخەڵك یاخود خەزمەتکردنی خەڵك. تۆبڵێی یەك بەرپرسی کورد تەحەممولی هەبێت نەك سێ رۆژ بەڵکو سێ دەقیقەش لەبەردەم بانزینخانەیەکدا بوەستێت بۆی فولدەکەن.

*لەژمارە(112)ی رۆژنامەی پارێزگاران لەرۆژی چوار شەممە2006/3/15بڵاوبۆتەوە.

بچووکبوونەوەی
ئینسان

# تازووه فریای خۆتان کەون

دوای هەژدە ساڵ بەسەر کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا خەڵکی ئەویْ رژانە کۆڵانو سەر شەقامەکانو نەیان هێشت حکومەتو حزبی کوردی یادی ئەو کارەساتە لەهەڵەبجەدا بکاتەوە، ئەمەش وەك ناڕەزاییەك بەرامبەر ئەو هەموو کاسبییەی چەندین ساڵە بەخەڵکی هەڵەبجەوە دەکرێتو هەڵەبجەش هەر وێرانەیەو ئاوەدان نەکراوەتەوە، ئەو پارەو پوولەی چەندین ساڵە لە کۆبوونەوەکانی بەناو ئاشتیدا خەرجیدەکەن بۆ ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجە تەرخانبکرایە ئێستا خەڵکی هەڵەبجە لەبری بەرد بارانکردنی حکومەتو حزبی کوردی گوڵبارانی دەکردنو بەباوەش دەیبرنە ناو کۆشکە رازاوەکانی



جەبار سابیر

هەڵەبجەوە. ئەو پارەیەی بۆ قوربانیيانی سەر پردی (ئەلائیمە)و تەقینەوەکانی سامەڕا تە رخانکراو نێردرا بۆ بوومە لەرزەکەی شاری (بەم)ی کۆماری ئیسلامی ئێران بدرایاتە کەرەسەی یاریکردنی منالانی هەڵەبجە ئێستا هەموو منالێك لەبری هاوارکات (نامانەویْ پەڕلەمان بمانخەنە سەرئێران) هاواری دەکرد بژی کوردو کوردستان، بەلام ئێوەی حزبو حکومەت کارێکتان کردووە ئەسڵەن خەڵك شەرم لەناوی کوردو کوردستان بکات.

چەندین ساڵە بەملیۆنان دۆلار بۆ هەڵەبجە کۆکراوەتەوەو لەناو حکومەتی عێراقی سەردەمی عەلاویو جەعفەریشدا دیسانەوە پارە بەناوی هەڵەبجەوە وەرگیراوەو کەچی یەك دیناری بۆ ئەو خەڵکە تێکۆشەرو قوربانیدەرە خەرج نەکراوە، دەیان مالْ هەیە زیاتر لەپازدە ساڵە لەشوێنێکدا دەژی هەر لەکولانەی قەلو مریشك دەچێت، ئەمە بەخاتری ئەوەی حکومەتی کوردی خانووەکەی بۆ دروستکاتەوە، بەلام ئاوی چاوی داهاتو ئەوەی هەر نەبینی. گەر کەسێکی بەویژدانو پاك هەموو هەڵەبجە ئاوەدانکاتەوە هێندەی دروستکردنی یەك بینای لەوانە تێناچێت کە دەڵێن هی فلانو فلانەو کەچی هی

حکومـەتو بەرپرسـە حزبـیو حکومەییەکانـە، هـەموو هەڵەبجـە دەهـەزار خـانووی تێدانییـە کەچـی کۆمپانیـای نـەوزادێکیان هێنـاوە دەتـوانیٚ لـەماوەی یـەك سـاڵدا پێـنج هـەزار خـانوو دروسـبکات، باشـە ئەمـە کۆمپانیایەکـە ئەوەنـدەی پێـدەکرێت تـۆبڵێی حکومـەتێك نـەتوانیٚ لەهەڵەبجـەدا دە هـەزار خـانوو بـۆ ئەو خەڵکە دروستکاتەوە.

ئەوەی لەیادی هەڵەبجەدا لەهەڵەبجە روویدا بەرئەنجامی کار نـــەکردنی حکومـــەتو حزبـــی کوردییـــە بـــۆ هەڵەبجـــەو هەڵەبجەییەکان، ئەوەی روویـدا بەرئەنجامی کاسبیو بازرگانی کردنـە بـە سـەرو مـاڵی ئـەو خەڵکـە رەنـج بەخەسـارەوە، خـەڵکی هەڵەبجـــە ئاژاوەچـــی نـــین ئەوەنـــدە نـــەبێت کەدەیانـــەوێت خزمەتکرێنو چیتر خەڵکی ملهوڕ بەسەری ئەوان کارو کاسبی نـەکاتو مانگانـە دەفتـەرە دۆلار نەخاتـە گیرفانییـەوە، خـەڵکی هەڵەبجە ئەوەیان سەلماند کە زوڵـم هـەر زووڵمـە جا عەرەب یان بـەعس بیکـات یـاخود تـوركو فـارس یـان حکومـەتو حزبـی کـوردی، زوڵـم هـەر زوڵمـەوئیتر تێکۆشـانو خـەباتی رابـردوو لەبری خزمەتی ئێستا ناکەوێتو کاتی ئەوەش هاتووە ئەوەی





بەسـەری هەڵەبجـەو بەخـەڵکی هەڵەبجـە خـۆی دەوڵەمەنـدکردووە حساباتی خۆی راستکاتەوەو ئەنجامەکەی بچنێتەوە.

*لەژمارە(144)ی رۆژنامەی رۆژی گەل لەڕۆژی شەممە 2006/3/18 بڵاەبۆتەوە.

# هێشتا کەسانێک هەن دنیایان خۆشدەوێت

بچووکبوونەوەی
ئینسان

هەمیشە وتومە دانانی رۆژێک بۆ خۆشەویستی گەورەترین نەهامەتییەکە مرۆڤ توشی خۆی کردبێت، چونکە ناکرێت بەدرێژایی ساڵ دوور لەهەر عاتیفەو عەشقێک بژیت و لەپڕ بیرت کەوێتەوە کەدەبێت ئەمڕۆ بۆعەشق و ئەوین بژی. ئینسان ئەزموونی هەموو شتەکانی ژیان دەکات و لەدواییدا دیسانەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەسڵە سەرەکییەکە کەخۆشەویستییە، ئەو بۆی دەردەکەوێت کەوەک چۆن زادەی خۆشەویستسییە دەبێ خۆشەویستیش زادەی ئەو بێت، واتا ئینسان و خۆشەویستی هەردوو کیان زادەو هەڵقوڵاوی یەکترین. نەئەمیان بێ ئەویان دەبێت و نەئەویشیان بێ ئەمیان ئالێرەشەوەیە تاڵی و شیرینی ژیان دەردەکەوێت.



جەبار سابیر

ئەو خۆشەویستییەی رۆژێک لەڕۆژان بیرچێتەوە، ئەوە هەرگیز خۆشەویستی نەبووە.. شکسپیر وایوت، شێخی سەعدیش وتی خۆشترین دەنگێک لەژیانمدا بیستبێتم دەنگی خۆشەویستی بووە. مرۆڤ هەوڵیداوە جوانترین دەربڕین بۆ خۆشەویستی بدۆزێتەوە، لێ خۆشەویستی لەقەفەزی هیچ دەربڕینێکدا گیرنابێت و ناخرێتە چوارچێوەی هیچ پێناسێکەوە. ئەو وەک نەسیمێک دێت و مرۆڤ راپێچ دەکات و لەدەهالیزەکانی خۆیدا ونی دەکات، ئەو پێویستی بەعەقڵ و ئیدراك نییەو مرۆڤی عاقڵ لەخۆشەویستیدا سەر کەوتوونابێت ئەوە شێتەکانن کۆدەکانی عەشق دەدۆزنەوە، (ئەحلام موستەغانمی) پێوایە لەهەر شوێنێك خۆشەویستی دەستی پێکرد لۆژیك لەوێدا کۆتایی دێت. لەڕوانگەی ئەم خانمەوە کەسی عاشق پێویستی بەلۆژیك و عەقڵ نییە ئەوەندەی عاتیفەو چرکەساتەکانی عەشقی دەوێت. بەڵام جوانترین خۆشەویستی لای موستەغانمی ئەوەیانە کەلەوەختی گەڕان بەشوێن شتێکی تردا بەسەریدا دەکەوین.

ئەم عەشقە جەدەلییەتێکە بۆ زیندومانەوەی ژیان، وەک چۆن هەنجەتێکە بۆ بوونی دنیا، ئاخر لەڕوانگەی (رێبوار

سیوەیلی)یەوە خۆشەویستی ئەو پەیوەندی هەستکردنەیە کەمانا بەژیان دەبەخشێت. دوور لەم پەیوەندییە ژیان ماناکانی لەدەست دەدات و ئیتر نامۆیی و بیرکردنەوە لەپووچی ژیان بەرۆکی ئینسان دەگرێت، ئەوە ئەوینە کەلەلێوارەکانی فەنابوونەوە دەستمان دەگرێت و بەرەو باخچەکانی لەزەتمان دەبات. گەر ئەو عەشقە هەناسەدان بێت ئەوا بێشك هەناسەدانێکی یەزدانییە چونکە سیوەیلی پێیوایە خۆشەویستی پەیوەندییەکە مرۆڤ دەخاتە ناو پانتایی پیرۆزی یەزدانییەوە.

لەسەرەتای دروستبوونی دنیاو ژیانەوە زۆر وتراوە لەسەر ئەوین و زۆریش ماوە بوترێ و رەنگە زۆریتریش بەنەگوتراوی بمێنێتەوە، چونکە هەمیشە دوو خۆشەویست هەن لەشوێنێکی ئەم دنیایەدا کەدەتوانن بەزمانی ئاخاوتن یاخود زمانی جەستە جوانترین دەربڕین لەگەڵ یەکتردا بگۆڕنەوە. ئەوەشە رازی مانەوەی دنیاو ئینسان. ئەحمەدی شاملۆی شاعیری گەورەی فارس دەڵێ (کەلامێکی کۆن و ساوە/ حەزکردن و خۆشەویستی/ پیسکە حەزی لەپارەیەو/ خوێڕی حەزی بەئازاری بن دەستانەو/ ترسنۆکیش دەسەڵات و سەرکەوتنی





خۆشگەرەکە/ ئێمەومانان ئەو کەلامی تەڕو تازەی خۆشەویستی لەکێ فێربووین؟ بێ ئومێد مەبە لەژیان چونکە هێشتا کەسانێك هەن بەخۆشەویستی خۆیانەوە ئێمەیشیان خۆشدەوێت. چونکە (ئەریك فرۆم) دەڵێت ئەوانەی کەسێکیان خۆشدەوێت دەبێت هەموو دنیایان خۆشبوێت.

*لەژمارە(3896)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ لەڕۆژی سێ شەممە 2006/2/14 بڵاوبۆتەوە.

# مدیری بۆق و ئەوانیتر

لەدوای رووخانی سەدامی گۆڕبەگۆڕەوە کەهێشتا مەرگ نەیبردۆتەوە، تائەم ساتەش عێراق رۆژانە لانیکەم چل هاوڵاتی بەشەرەف و دەدوازدە تیرۆرستی عەرەبی بێ شەرەفیشی لێدەکوژرێ، کەچی یەك وڵاتی عەرەبی بەیاننامەیەك دژی تیرۆرو تیرۆرستان دەرناکات، لەبەرامبەریشدا هەموو وڵاتانی عەرەبی بەتایبەت سوریا پشتگیری تیرۆردەکەن و لەوڵاتەکانی خۆیانەوە تێرۆرستی بێشەرەف رەوانەی ئێرەدەکەن. تیرۆر خۆی لەئەسڵدا دیاردەیەکی عەرەبییە بەر لەوەی دیاردەیەکی ئیسلامی بێت، چونکە بەرلەداهاتنی ئاینی ئیسلامیش لەنیمچەدورگەی عەرەبیدا ئەوان کچیان زیندە بەچاڵکردووە ئەی کچ زیندە بەچاڵکردن تیرۆرنییە؟

لەم دواییەدا بەهەزار فشارو گوشاری ئەمریکاو هەزاردەردەسەری لایەنە عێراقی و کوردستانییەکان رەشنووسی





دەستورێك ئامادەکرا هەمووان بەنابەدڵی قبوڵیانکرد، کەچی هەرلەبەر ئەوەی لەو رەشنوسەدا دەڵێ عێراق بەشێك نییە لەنیشتمانی عەرەبی عەمروموسای ترسنۆکی لەسەدام تۆقیو بەهەڵەداوان عەرەبی کۆکردەوەو وتی دەبێت فشار بخەنە سەر لایەنە عەرەبییەکانی عێراق تالەو بڕگەیە پەشیمان ببنەوەو بنوسنەوە عێراق بەشێکە لەوەتەنی عەرەبی و ئەندامی دامەزرێنەری جامیعەی عەرەبیشە، بەڵام هەرئەوانیش بوون کەسەدام پەلاماری کوەیتی دا پشتگیرییانکرد، موسا، بەرلەپرۆسەی ئازادی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە تەکلیفکرا بێت بۆ عێراق و بەسەدام بڵێ عێراق جێبێڵە باشەڕ روونەدات، کەچی موسا خۆیشاردەوەو یەك هەفتە لەماڵەکەی خۆیدا نەهاتە دەرەوە دەیزانی گەر ئەوە بەسەدام بڵێت، سەدام یەك گوللە بەنێوچەوانییەوە دەنێت. بەڵام ئێستا ئازایانە قسەدەکات.

دوای هەشتا ساڵ لەدامەزراندو کارکردنی کۆمەڵەی گەلان و رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کورد توانیتی دەنگ و رەنگی خۆی بگەیەنێتە سەکۆی ئەو رێکخراوە، بەڵام رۆژێك دوای ئەوە مدیری بۆق(ئەحمەد ماهیر)ی وەزیری دەرەوەی میسر هاواری

لێبڵندبوو وتی تاڵەبانی خراپیکرد بەو زمانە نارەسمییە قسەیکرد دەبوو هەربەعەرەبی قسەیبکردایە، کابرای مدیری بۆق هەرلەو زمانە توندو تیژەی خۆیان تێدەگات کەبەخوێن گۆشکراوە لەکوێ دەتوانێ لەکوردی تێبگات، گەمژەی وەك موساو مدیری بۆق چونکە خۆیان شەریکبوون لەکۆمەڵکوژی کورددا لەگەڵ سەدامی ئاغاو کوێخایان پێیان ناخۆشە زمانی کوردی بچێتە نەتەوەیەکگرتووەکانەوە.

ئەو کەسەی لەسەرانسەری نیشتمانی بەناو عەرەبیدا دژی دەسەلات بەردێکیش بهاوێت تیرۆرستە، بەلاّم هەمان مرۆڤی پیس لەعێراق تۆپیش بەخەڵکەوە بنێت جەنگاوەرەو دژی داگیرکاری ئەمریکییە، موبارەك‌و موساو مدیری بۆقیش بەوانەی عێراقیان دەوت جەنگاوەری خودا بەلاّم کەلە(شەرم ئەلشێخ) تیرۆر بارەی لێهەستاندن وتیان ئەمانە تیرۆرستن. لەتەواوی دنیادا دووعەرەب نابینی پێکەوە بگونجێن کەچی لەبەدبەختی ئێمە هەموویان یەکن‌و ئەو کوەیتەی سەدام داگیریکرد ئێستا دژی فیدراڵییەو لایەنگری سوونەکانە، سوریا بەخوێنی سەری سەدام تینووبوو کەچی تیرۆرمان بۆئیستیراد دەکات، میسر رووحی لەسەدام چووبوو ئێستا بەزمانی کوردی





پەستە، سعودییە هەموو نەوتی وڵاتەکەیی‌و خێروبێری کەعبەی شەریفی خستە خزمەتی ئەمریکاوە، بەخاتری ئەوەی لەپەلاماری دڕندانەی سەدام بیپارێزی، کەچی ئێستا نەك هەربەوەوە ناوەستێت هەرچی رێش گواوییە رەوانەی عێراقی بکات، بەڵکو یەك دووهەفتەیە (سعود فەیسەڵ)ی وەزیری دەرەوە کەهەدەرڵێی (بزنی حەمدانییە) کەوتۆتە خۆیی‌و گەیشتۆتە ئەمریکا تابەوان بڵێ کیان بۆ کورد دروستمەکەن چونکە مەترسی بۆسەر ئێران‌و تورکیا هەیەو ئەوان رێگە بەکیانێکی سەربەخۆی کوردی نادەن لەعێراق، قسەبێژیماڵی خودا ئاوا گوودەخوا ئیتر دەبێ چاوەڕێی چ خێروبێرێ لەبەردە رەشەکە بکەین.

## بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر:

★پروشە، شیعری منداڵان، ساڵی 1998

★ کەڤاڵی وەنەوشە، شیعری منداڵان، ساڵی 2000

★گۆرانییەکی قژ زەرد،شیعری گۆرانی، ساڵی 2002

★ئەو منداڵەی دوێنێ گریا، ستوونی رۆژنامەوانی، ساڵی 2004

★چرپەچرپی ئەودیو ئازادییەکانی ژن، وتار لەمەڕ پرسی ژن، ساڵی2004

★بەهەشتێ لەکاغەز، ستوونی رۆژنامەوانی، ساڵی 2005

★ بیبلۆگرافیای چاپ و بڵاوکردنەوە،بیبلۆگرافیا، ساڵی 2005

★ دڵۆپەی ئەو شیعرانەی قژیان زەردەوچاویان شینە، شیعر، ساڵی 2005